وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
پەیمانگەی پەرەپێدانی ئەمنی و کارگێڕی و تەکنەلۆژیای زانیاری
زنجیرەی بڵاوکراوە (١٣)

# مافەکانی خانەنشینیی فەرمانبەران

ئامادەکردنی
فەتحی مستەفا کاخدر کاکەشین
بەڕێوەبەری جێبەجێکار - بەڕێوەبەری کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکانی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ
ماستەر لە کارگێڕی



چاپی یەکەم 2023

مافەکانی خانەنشینیی فەرمانبەران
ئامادەکردنی فەتحی مستەفا کاخدر کاکەشین
چاپی یەکەم 2023



مەبەست لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ زیاتر ئاشنابوونی
فەرمانبەران بە زانیاری و شارەزایی زیاتر لەسەر پرۆسەی
خانەنشین بوون و ئەو مافانەی کە دەیانگرێتەوە.
بێگومان ئەم کتێبە ئامادەنەکراوە بۆ ئەوانەی شارەزاییان
هەیە بەڵکو بۆ فەرمانبەرانی ئاسایی و سادە کە زیاتر
ئاشنابن بە مافە خانەنشینییەکانیان و بەزمانێکی سادەی
شیرینی کوردی بۆ ئەوەی زۆرترین فەرمانبەر سوودی
لێببینن و دوور بێت لە ماددەوماددەکاری یاساکان بەڵام
بە پشت بەستن بە ماددەو دەقە یاساییە کارپێکراوەکان،
بەپێی ئەو کەمە شارەزاییەی هەمە لە میانی خزمەتم لە
بواری وەزیفەی گشتیدا، کە بێگومان بەبێ کەموکوڕی
نابێت و ببوورن لەهەر کەموکوڕی و ناڕوونی و
هەڵەتێگەیشتنێک.
بەهیوای سوود وەرگرتن و چونکە هیوام پڕزانیاری
کردنی فەرمانبەرانە بە گشت مافەکانیان.



All Rights Reserved
مافی لەبەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە

وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
پەیمانگەی پەرەپێدانی ئەمنی و کارگێڕی و تەکنەلۆژیای زانیاری

# مافەکانی خانەنشینیی فەرمانبەران

گشت بابەتەکانی پەیوەست بە خانەنشینی فەرمانبەرانی پلەی گشتی و پلەی باڵا و خزمەتی زانکۆیی و دادوەران و چۆنیەتی ئەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی و بەرکەوتەی شایستەداران لە جێنشینەکانی فەرمانبەر و خانەنشینی کۆچکردوو و ئەژمارکردنی خزمەتی خانەنشینی و یاساکانی خانەنشینی (کوردی، عەرەبی)


ئامادەکردنی:
**فەتحی مستەفا کاخدر کاکەشین**
بەڕێوەبەری جێبەجێکار - بەڕێوەبەری کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکانی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ
ماستەر لە کارگێڕی



چاپی یەکەم 2023

مافەكانی خانەنشینی

• **مافەکانی خانەنشینی فەرمانبەران**

• ئامادەکردنی: فەتحی مستەفا کاخدر کاکەشین

• دیزاینی ناوەڕۆك و بەرگ: ئامادەکار

• تیراژ: 1000 دانە

• چاپخانە:

• چاپی یەکەم 2023

• لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (            ) ی
ساڵی (            ) ی پێدراوە

(لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی دیوان نووسراوە)

بەرای

خانەنشین بوون قۆناغێکی تایبەتە لە ژیانی فەرمانبەری کەرتی گشتی لە وڵاتی ئێمە و لە وڵاتانی دیکەیشدا. گوتم تایبەت، نەمگوت خۆش یان ناخۆش، ئاسان یان زەحمەت، چونکە ئەم پەیوەستە بە سیستەم و مووچەی خانەنشینی کە کاریگەری گەورەی بەسەر تێپەڕاندنی و چاوەڕوانی هەر یەکێکمان هەیە، کە فەرمانبەر کاتێک ڕۆژەکانی ئەم ئەمانە دەژمێرێ.

ئەگەر سەرنجی لەو قۆناغە بدەین کە باسەی برای ئازیزم کاک فەتحی مستەفا دەدەین و دەبینین ناوەرۆکەکانی ژیانی خانەنشین و مافەکانی، بە ئاسانی دەتوانین تێبگەین کە کارمەند کاتێک بەرەو خانەنشینی دەڕوات، ترسی دەگاتێ و بەرەو ناسەقامگیری دارایی دەڕوات. فەرمانبەرێک دوای ئەو هەموو ساڵە تێکۆشانە کاتێک دەچێتە ئەمن و پێویستی بە پێشووە، چۆن دەتوانێت بە ٢٢٠،٠٠٠ دووسەد و بیست هەزار دیناری عێراقی بژێو بدات!

ئەم کتێبە پەیمانە دەگێڕێت بۆ زۆربەی فەرمانبەرانی پلەی گشتی خانەنشینی واتا چون قۆناغێکی زەحمەتتری ژیانن کە بە ناسەقامگیری و کەمدەرامەتی دەستپێدەکات و خوێنەر کێشەی تەندروستی بەدوادا دێت و هەموو کار دەستگیری خانەنشین نەبن، نائومێدی و پەشیمانبوونەوە لە تێکۆشانی ڕەنجی بەهەدەرداری بەدوادا دەبێت.

پێویستمان بە ریفۆرمێکی ورد و جددی لە سیستەمی مووچە و مووچەی خانەنشینی هەیە تا ئەو جیاوازییە و بۆشاییە گەورەیە لە نێوان مووچەی خانەنشینی پلە باڵاکان و مووچەی خانەنشینی پلەی گشتی کەم بکرێتەوە و سیستەمێک کە

بەجۆرێک چاک بکرێت کە کەمترین موچە بابی ئەوە بێت خانەنشین وەکو مرۆڤێکی سەرئامگیر ئاسوودە بتوانێت لە زەوق لەو قۆناغە نوێیەی ژیانی بکات .

لە گوگڵ بەدوای هەندێ وتەدا گەڕام کە دەربارەی قۆناغی خانەنشینی گوتراون .

وتە ئینگلیزییەکان باس لەوە دەکەن کە خانەنشینی کۆتایی رێگا نییە، بەڵکو سەرەتای رێگایەکی کراوەیە . یان ئەوە ئەو قۆناغەیە کە خۆت دەتوانی کەی وەحیت بوێت بیکەی بەبێ ئەوەی پێویستی بە پەروانامەی بەڕێوەبەرەکەت هەبێت .

بەڵام ئایا خانەنشینانی خۆمان ئەوەندەی موچەکانیان بەشی ژیانێکی زۆر سادە ناکات، دەبێ چۆن سەیری ئەو قۆناغە بکەن ؟

ئەم چاکسازیانەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە موچە و دەرماڵەی خانەنشینی پلە باڵاکان کردوویەتی، سەرەتای ئازایانەی دەست بردنە بۆ نەهێشتنی ناهاوسەنگی و بێدادییە . کار بۆ ئەوە دەکەین لەگەڵ باشتر بوونی باری دارایی وڵاتەکەمان ئاستی بژێوی دیاری موچەی خانەنشینی پلە نزمەکان بگاتە ئاستێک ئەوانیش لە پەنجەرەیەکی نوێیەوە سەیری قۆناغێکی نوێ بکەن کە خانەنشینییە و لەو قۆناغە نوێیەی تەمەن بە سەرقاڵییەکی دارایی و ئارامی دەروونییەوە بگوزەرێنن .

دەستی خۆشی زۆرم بۆ بڕای ئامادەکار کە بەوردی هەوڵمان دەمانبات ناو ئاڵۆزییەکانی گەیشتن بە خانەنشینی .

لەگەڵ رێزمدا

هێمن میران
بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ
کوردستان - هەولێر
٢٠ی ئەیلولی ٢٠٢٢

## پێشەکی

قوناغی خانەنشـینی قوناغێکـی نوێیە لە ژیانی مرۆڤـی فەرمانبەر، لـە دوای خزمەتێکی زۆر و تەرخانکردنـی تەمەنـی گەنجی و جوانی خـۆی، بۆ خزمەتکردنی گەل و وڵات و هاوسـەرو منداڵەکانی، کە پێویسـتە ژیانێکی خۆشگوزەرانیان بۆ دابین بکرێت، چونکە دەگەنە تەمەنێک کە کارکردن و دۆزینەوەی کار لەدوای ئەم تەمەنە زۆر ئەستەمە بۆ بژێوی ژیانیان.

**بە هیوای ئەوەین لە داهاتوودا یاساکانی خانەنشینی بگۆڕدرێن بەرەو فەراهەمکردنی ژیانێکی سەربەرزانە بۆ ئەم چینە گرنگە کە رۆژێک لە رۆژان کۆڵەگەی سەرەکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بوون،** هەروەها بەردەوامبوون لە پێدانی مافەکانیان لە هەر بارودۆخێکی سەخت و نەخوازراودا، بۆ ئەوەی هیچ حەسرەت و پەشیمانییەک هەڵنەکێشن بەرامبەر بەو خزمەتانەی کە کردوویانە، و نەوەکانی داهاتوو و فەرمانبەرانی گەنج لەوە دڵنیابن کە لە کاتی خانەنشـینیاندا رێزلێگراو و باشبژێو دەبن کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی بەرهەم و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا.

مەبەسـت لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ زیاتر ئاشـنابوونی فەرمانبەران بە زانیاری و شارەزایی زیاتر لەسەر پرۆسەی خانەنشین بوون و ئەو مافانەی کە دەیانگرێتەوە.

بێگومان ئەم کتێبە ئامادەنەکراوە بۆ ئەوانەی شارەزاییان هەیە بەڵکو بۆ فەرمانبەرانی ئاسایی و سادە تا ئاشنابن بە مافە خانەنشینییەکانیان و بەزمانێکی سادەی شیرینی کوردی نووسراوە بۆ ئەوەی زۆرترین فەرمانبەر سوودی لێببینن و دوور بێت لە ماددەوماددەکاری یاساکان. بەڵام بە پشت بەستن بە ماددەو دەقە یاساییە کارپێکراوەکان ئامادەکراوە بەپێی ئەو شارەزاییەی هەمە لە میانی خزمەتم لە بواری وەزیفەی گشـتیدا، کە **بێگومان بەبێ کەموکوڕی نابێت و بمبوورن لەهەر کەموکوڕی و ناڕوونی و هەڵەتێکەیشتنێک.**

ئەم کتێبە لە دوو بەش پێک هاتووە، بەشـی یەکەمیان تایبەتە بە گشـت بابەتەکانی خانەنشـینی و مافەکانی فەرمانبەری خانەنشـینکراو و چۆنیەتی ئەژمارکردنی خزمەتی خانەنشـینی و مووچەی خانەنشـینی و پاداشـتی خانەنشینی کە بەشێوەیەکی سـادەی یاسـاییانە و ورد باس کراوە، بەشی دوەمیان بریتین لەو یاسا بەرکارانەی تایبەتن بە بواری خانەنشینی بە هەردو زمانی کوردی و عەرەبی.

هیوادارم بتوانم سوودێکی بەرچاو پێشکەش بکەم و خشتێک لەسەر خشتێک دابنێم بۆ وەزیفەو خانەنشینی گشتی لە هەرێمەکەمان... **والله ما وراء القصد.**

**ئامادەکار**

**سوپاس بۆ:**

* جەنابی وەزیری ناوخۆ کاک ڕێبەر ئەحمەد کە هەردەم پاڵپشت و هاندەرمان بووە بۆ چاپکردنی ئەم جۆرە کتێبانە لەسەر ئەرکی وەزارەتی ناوخۆ.

* برای بەڕێزم د.هێمن میرانی بەڕێوەبەری گشتی دیوان کە وێڕای پاڵپشتی و هاوکاری کردنی لە چاپدانی ئەم کتێبە و نووسینی بەراییەکی بەپێز، پێداچوونەوەیەکی وردی ئەم کتێبەی کرد لە رووی زمانەوانی و ناوەڕۆکەوە و تێبینییە بونیاتنەرەکانی بووە هۆی زیاتر دەوڵەمەندکردنی ئەم کتێبە.

* هەموو ئەو برا بەڕیزانەی کە یارمەتیدەر بوون ئەگەر بە وشەیەکیش بێت بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتی ئەم کتێبەو بەچاپ گەیاندنی.

* هاوژینم دایکی (باوان) کە هەردەم یارمەتیدەر و پاڵپشتم بووە.

**هیوای تەمەن درێژی و تەندروستییەکی باش بۆ هەمووان دەخوازم**

**ئامادەکار**

## پێرست

● بەرایی ........................................................ 3
● پێشەکی ........................................................ 5
● سوپاس و پێزانین ........................................................ 7
● پێرست ........................................................ 9

## بەشی یەکەم
## مافەکانی خانەنشینی

● تێبنی زۆر گرنگ لەکاتی خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە........................................ 17
● خانەنشینی ........................................................ 19

### جۆرەکانی خانەنشینی و تەمەنی یاسایی خانەنشینی

● یەکەم: خانەنشینکردنی ناچاری (پابەندی)........................................ 19
1 - هۆکاری تەمەنی یاسایی خانەنشینی ........................................ 19
أ- تەمەنی خانەنشینی فەرمانبەرانی گشتی و پلە باڵا
ب- تەمەنی یاسایی خانەنشینی فەرمانبەری خزمەتی زانکۆیی
2 - هۆکاری نەخۆشی ........................................ 20
3 - هۆکاری کۆچی دوایی کردنی فەرمانبەر ........................................ 21
● دووەم: خانەنشینکردنی ئارەزوومەندانەی فەرمانبەر ........................................ 22

### درێژکردنەوەی ماوەی خزمەت

● یەکەم: فەرمانبەرانی پلە گشتی و پلە باڵاکان ........................................ 24
● دووەم: خزمەتی فەرمانبەری زانکۆیی (پرۆفیسۆر) ........................................ 24

## خزمەتی خانەنشینی


● یەکەم: ئەو خزمەتانەی کە ئەژمار دەکرێــن .................................................... 25

● دووەم: ئەو خزمەتانەی کە ئەژمار ناکرێن بۆ مەبەســتی خانەنشــینی ............................. 26

● گەیاندنی خزمەتی فەرمانبەر بە 15 ساڵ لەکاتی خانەنشینبوونی بەهۆی تەمەنی یاسایی............27

● خانەنشین کردن بەپێی یاســاکان ........................................................................28

● مەرجەکانی شایستەبوونی مافەکانی خانەنشــینی (مووچە - پاداشت)............................. 29

● (خانەنشینکراو بە هۆکارەکانی نەخۆشی و مردن) ئەگەر تەمەنی 45 ساڵی تەواو نەکردبێت ........ 30

● کۆچی دوایی کردنی فەرمانبەری دەست لەکارکێشاوە (مستقیل) یان خانەنشینکراو (نموونە).......... 31

● گلدانەوەی مووچە و پاداشــتی خانەنشــینی لە ئەنجامی قەرزاری خانەنشــینکراو................33

● راگیراوەکانی (لێبڕینەکانی) خانەنشــینی (توقیفات تقاعدیــة)...................................34

● چەســپاندنی تەمەنی راســتەقینەی فەرمانبەر..................................................... 35

● کەمتریــن مووچــەی خانەنشــینی...........................................................................36

● مافەکانی خانەنشینی مافێکی بەدەســتهاتووە (مکتســبة).........................................36

● خزمەت ئەژمار (ناکرێت) دوای وەرگرتنی پاداشتی خانەنشینی......................................37

● خزمەت ئەژمار (دەکرێت) دوای وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی .....................................37

● مانەوە و بەسەرنەچوونی مافەکانی خانەنشــینی.........................................................37

● داواکردنی مافی خانەنشینی بەهۆی بریکاری یاســایی...................................................38

● دواکەوتنی پێشــکەش کردنــی داواکاری تەرخانکردنــی مووچەی خانەنشــینی ..............38

● دووبارە دامەزراندنەوەی خانەنشــین کــراو ................................................... 39

● گەڕاندنەوەی مووچەی بنەڕەتی بۆ ماوەی 180 رۆژ لەکاتی دووبارە دامەزراندنەوە ...............40

● ئەژمارکردنی شــەش مانگی خزمەت بە ســاڵی تەواو ..........................................41

● مووچەی خانەنشینی و پاداشتی مانگانەی فەرمانبەری دووبارە دامەزراوە بە گرێبەست ...............41

● بڕینــەوەی مووچــەی خانەنشــینی ئەوانــەی هیــچ مووچەیەکیــان نییــە........................ 42
● چۆنیەتــی ئەژمارکردنی خزمەتــی خانەنشــینی (نموونــە 1 و 2 ) ...................................... 43
● مووچەی خانەنشینی خەرج ناکرێت تا تەواوکردنی تەمەنی 45 ساڵ .................................. 46
● مووچەی خانەنشــینی بۆ ئەوانەی پەیوەندی وەزیفیان کۆتایی دێت ..............................46
● جیاوازی نێوان مووچەی بنەڕەتی لە بری مۆڵەتی کەڵەکە بوو و پاداشتی خانەنشینی ........... 47
● دوا رادەی رێژەی خانەنشینبوون............................................................................. 48

## چۆنیەتی ئەژمارکردنی مافەکانی خانەنشینی

● یەکــەم: مووچــەی خانەنشــینی ........................................................................ 51
1: بۆ پلە گشتییەکان
نموونە 1 و 2 و 3 و 4 و 5 و 6
● ئەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی فەرمانبەرانی کۆتابەراژە هاتوو....................................58
نموونە 7
2 : بۆ پلە باڵاکان و دادوەرو داواکاری گشتی
نموونە 1 و 2 و 3 و 4 و 5
3: فەرمانبەری خزمەتی زانکۆیی
نموونە 1
● دووەم: پاداشتی خانەنشینی......................................................................... 68
نموونە1:

## مووچەی بنەڕەتی لە بری مۆڵەتی ئاسایی کەڵەکەبوو بۆ ماوەی 180 رۆژ

● یەکەم: فەرمانبەرانی (پلەی باڵا) ..........................................................................70
● دووەم: فەرمانبەرانــی (پلــەی گشــتی) ............................................................71

● سـێیەم: مامۆستا و سەرپەرشـتیارانی پەروەردەیی وەزارەتی پەروەردە..........................71
● چوارەم: 6 مانگ مووچەی بنەڕەتی بۆ خانەنشـینی بەهۆی کۆچی دوایی کردن یان نەخۆشی..72
● پێنجەم: فەرمانبەری خزمەتی زانکۆیی ........................................ 72
● شەشـەم: فەرمانبەری دەستلەکارکێشـاوە......................................................73
● تەنیا مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانی فەرمانبەری خزمەتی زانکۆیی بە خزمەتی خانەنشینی ئەژمار دەکرێت..74
● خانەنشینی ئەوانەی مۆڵەتی بێ مووچە وەردەگرن.........................................................75
● کەمترین رادەی مووچەی خانەنشینی پلەگشتییەکان............................................................76
● ماف و مووچەی خانەنشینی نادرێت بە فەرمانبەر تا تەواوکردنی 45 ساڵ..........................76
● مافەکانی خانەنشینی فەرمانبەری کۆچکردوو یان خانەنشینکراوی کۆچکردوو..............................77

## جێنشینی فەرمانبەری کۆچکردوو یان خانەنشینکراوی کۆچکردوو

● ئەو جێنشینانەی (خلف) کە مووچەی خانەنشینی دەیانگرێتەوە..............................................77
● مەرجەکانی دابینکردنی مووچەی خانەنشینی بۆ جێنشینەکان (خلف)................................. 78
● بەردەوامبوونی خەرجکردنی مووچەی خانەنشینی بۆ کوڕ و کچی کۆچکردوو لەکاتی لەدەستدانی
● مەرجەکانی شایسـتەبوون ..................................................................................78
● بڕینی مووچەی خانەنشینی خێزانی لە جێنشینەکان .........................................79
● تەنیا یەک پشکی خانەنشینی نابێت زیاتر بێت..........................................................80
● گەڕاندنەوەی مووچەی خانەنشینی خێزانی لەکاتی تەڵاقدان یان بێوەژنی .........................80
● دابەشکردنی مووچەی خانەنشینکراوی کۆچکردوو بەسەر جێنشینە شایستەدارەکان...............81
نموونە1 و 2 و 3 و 4 و 5 و 6

## تانەلێدان

● پێشکەشکردنی تانەو پەڵپەکان لە رێکارەکانی خانەنشین بوون.........................................85
● لەدەستدانی مافی تانەلێدان...........................................................................85

## پێداویستییەکانی خانەنشینبوون بۆ فەرمانگەی خانەنشینی


- یەکەم:بۆ خودی فەرمانبەر کە لە ژیاندا ماوە ........................................................... 86
- دووەم: بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە لەکاتی وەزیفەدا کۆچی دوایی دەکەن........................ 87


## بەشی دووەم

## یاساکانی خانەنشینی


- یەکەم: یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە 27 ساڵی 2006 هەموار کراو ................................91
- اولا: قانون التقاعد الموحد رقم (27) لسنة 2006 المعدل ................................................ 119
- دووەم:خانەنشینی پلەتایبەت و باڵاکان (أ و ب) و دادوەران و داواکاری گشتی............................141
- ثانیا: تقاعد الدرجات الخاصة والعليا (أ و ب) و القضاة والادعاء العام .............................. 145
- سێیەم: خانەنشینی فەرمانبەری خزمەتی زانکۆیی ........................................................ 149
- ثالثـا: تقاعد موظف الخدمة الجامعية......................................................................... 151

## بەشی یەکەم

# مافەکانی خانەنشینی

## تێبینی زۆر گرنگ لەکاتی خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە:

**یەکـەم: مافەکانـی خانەنشـینی:** بریتییـە لـە (مووچەی خانەنشـینی یان پاداشـتی خانەنشـینی) کە پێویسـتە جیـاوازی بکرێت لە نێوان ئەم دوو مافـە، چونکە مووچەی خانەنشـینی مانگانە خەرج دەکرێت تا خانەنشینکراو یان جێنشینە شایستەدارەکانی لە ژیاندا بن.

بەڵام پاداشتی خانەنشـینی تەنیا یەک جار دەدرێت بە خانەنشینکراو لە ژیانیدا، چونکە شایستەی مووچەی خانەنشینی نابێت.

**دووەم: خزمەتـی خانەنشـینی:** ئـەو خزمەتەیە کـە مووچەی خانەنشـینی پێ ئەژمار دەکرێت کە بریتییە لە هەر خزمەتێکی کردەیی بێت یان ئەژمارکراو یان بێ مووچە (بۆ مەبەسـتی خانەنشـینی) بەمەرجێک لێبڕینی خانەنشـینی بژاردبێت لە هەر خزمەتێکی خانەنشینی.

**سێیەم:** زۆربەی فەرمانبەران مووچەی ئەو 180 ڕۆژی مۆڵەتی کەڵەکەبووەی کە لەکاتی خانەنشـین بوونیان لە فەرمانگەکەی وەریدەگرن بەرامبـەر مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانی بە پاداشـت لێـک دەدرێتەوە بەڵام ئـەم بڕەپارەیە پاداشـت نییە بەڵکو مافـی خۆیەتی لە بەرامبەر هەبوونی باڵانسی مۆڵەتی ئاسایی کۆکراوە (کەڵەکەبوو) و ئەگەر کەڵەکەبووی مۆڵەتە ئاساییەکانی نەبێت بۆی خەرج ناکرێت.

**چـوارەم:** فەرمانبەران بەگشـت پلەکانەوە تەنیـا ئەژمارکردنی مووچەکانیان بە یاسـا تایبەتییەکانی تایبەت بەخانەنشـینکردنیان ئەژمار دەکرێت بـەڵام ئەگەر ڕێککارەکان و مەرجەکانی دیکەی خانەنشـینی بە دەقێکی ڕوون لە یاساکانیان نەهاتبوون ئەوا یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە 27ی ساڵی 2006 ی هەمووارکراو جێبەجێ دەکرێت.

## خانەنشینی

بریتییە لەو قۆناغەی کە فەرمانبەر لەکارکردن دەوەستێت لە فەرمانگەکانی حکومەت بەشێوەیەکی فەرمی، دوای پێشکەشکردنی خزمەتێک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و کۆتایی رێڕەوی پیشەییە، یان بەهۆی کۆتایی هاتنی تەمەنی یاسایی کە لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، یان بە هۆکارەکانی تەندروستی یان بەهۆی کۆچی دوایی کردنی فەرمانبەر یان لەسەر داواکاری خودی فەرمانبەرەکە بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی خانەنشینی.

## جۆرەکانی خانەنشینی و تەمەنی یاسایی خانەنشینی

### یەکەم: خانەنشینکردنی ناچاری (پابەندی):

دەسەڵاتی کارگێڕی دەتوانێت فەرمانبەر خانەنشین بکات تەنیا لەو حاڵەتانەی کە بەپێی چەند مەرجێکی پەیوەندیدار بە تەمەن و خزمەت و باری تەندروستی و کۆچی دوایی کردنی فەرمانبەر:

### ١- هۆکاری تەمەنی یاسایی خانەنشینی:

تەمەنی یاسایی بریتییە لەو تەمەنە یاساییەی کە لە یاساکانی خانەنشینی دیاریکراوە، کە بەناچاری خانەنشین دەکرێت بەبێ رەچاوکردنی خزمەتی وەزیفی:.

#### أ- تەمەنی خانەنشینی فەرمانبەرانی پلە گشتی و پلە باڵا:

فەرمانبەر خانەنشین دەکرێت بە تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی کە بریتییە لە (63) ساڵ تەنیا ئەگەر لە یاسا تایبەتەکان تەمەنێکی دیکە دیاری کرابێت[(1)] و بەناچاری خانەنشین دەکرێت بەبێ رەچاوکردنی خزمەتی وەزیفی کە خزمەتی کرووە[(2)].

#### ب- تەمەنی یاسایی خانەنشینی فەرمانبەری خزمەتی زانکۆیی

**(1) بڕوانە یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە 23ی ساڵی 2008، تەمەنی خانەنشینی فەرمانبەری خزمەتی زانکۆیی: بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر و پرۆفیسۆر 70 ساڵە و بۆ مامۆستا و مامۆستای یاریدەدەر 66 ساڵە.**
**(2) بڕوانە مادده (1) دووەم/أ لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.**

تەمەنی یاسـایی خانەنشـینی فەرمانبـەری خزمەتی زانکۆیی (دەسـتەی وانەبێژی لـە زانکـۆکان و دەسـتەی پەیمانگـە تەکنیکییـەکان لەمانـە پێکدێت: پرۆفیسـۆر، پرۆفیسـۆری یاریدەدەر، مامۆسـتا، مامۆسـتای یاریـدەدەر)[1] جیـاوازە لە تەمەنی یاسـایی فەرمانبەری ئاسـایی کە بەپێی نازناوی زانسـتی پۆلین کـراون بەم جۆرەی خوارەوە بەپێی ئەو مەرجانەی کە لە یاسای خزمەتی زانکۆیی هاتووە:

1 - ئەوانەی هەڵگری نازناوی زانسـتی (مامۆسـتای یاریدەدەر) و (مامۆستا)ـــن ، بە تەواو کردنی تەمەنی (66) ساڵی خانەنشین دەکرێن.

2 - ئەوانەی هەڵگری نازناوی زانسـتی (پرۆفیسـۆری یاریدەدەر) و (پرۆفیسۆر)ـــن، بەتەواو کردنی تەمەنی (70) ساڵی خانەنشین دەکرێن[2].

3 - فەرانبەرانی دیکە لەسـەر میلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و دامـەزراوەو زانکۆکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانسـتی جگە لە فەرمانبەری خزمەتی زانکۆیی بڕگە 1 و 2 ی سەرەوە وەکو فەرمانبەرانی ئاسایی بە تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی (63) ساڵ خانەنشین دەکرێن[3].

**2 - هـۆکاری نەخۆشـی:** هـەر کاتێک لیژنەی پزیشـکی پسـپۆر بڕیاریدا کـە فەرمانبەر ناگونجێت یان دەسـت نادات بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکە وەزیفییەکانی بەبێ ڕەچاوکردنی تەمەن و خزمەتە وەزیفییەکەی و لەبەر ڕۆشـنایی بڕیاری لیژنەکە، خانەنشـین دەکرێت بە ناچاری (پابەندی)[4].

ئەویش لە ڕێگای نووسراوێک دەبێت لەلایەن فەرمانگەی فەرمانبەری نەخۆش یان لەسەر داواکاری خودی فەرمانبەری نەخۆش بۆ لیژنە فەرمییەکانی وەزارەتی تەندروسـتی، بۆ ئەوەی بڕیار بدرێت لەسـەر ئەوەی کە نەخۆشییەکەی بەشێوەیەکی تەواو ڕێگرە لەسەر

(1) بڕوانە ماددەی یەکەم بڕگە سێیەم لە یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە 23ی ساڵی 2008 هەموار کراو و مادە 24 لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (40ی ساڵی 1988)، (دەستەی وانەبێژی لە زانکۆکان و دەستەی پەیمانگە تەکنیکییەکان لەمانە پێکدێت: پرۆفیسۆر، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، مامۆستا، مامۆستای یاریدەدەر).

(2) بە پێی یاسای جێبەجێ کردنی ژمارە (12ی ساڵی 2013)ی پەرلەمانی کوردستان کە تێیدا ماددەی یەکەمی یاسای هەمواری (32ی ساڵی 2012)ی یاسای هەمواری خزمەتی زانکۆیی هەموار کرایەوە.

(3) بڕوانە مادده (1) دووەم/أ لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.

(4) بڕوانە مادده (1) دووەم/ب لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.

راپەڕاندنی ئەرکی فەرمانبەرایەتی فەرمانبەری نەخۆش.

فەرمانگەکەی پابەند دەبێت بە خانەنشین کردنی لەژێر رۆشنایی بڕیاری لیژنەی پزیشکی چونکە بڕیارەکەی سیفەتی پابەندی هەیە لەلایەن فەرمانگەی فەرمانبەرەکە، بەڵام ئەگەر فەرمانگەکەی قەناعەت و بڕوای بە راپۆرتی لیژنەی پزیشکی نەهات ئەوا دەتوانێت تانە پێشکەش بکات بەپێی حوکمەکانی یاسای خانەنشینی بەرکار.

هەروەها (ئەگەر فەرمانبەر لە کاتی خزمەتی وەزیفیدا تووشی نەخۆشییەک هات و چارەسەرەکەی ماوەیەکی دوورو درێژی پێویست بوو، یان لەو نەخۆشییانە بوو کە چارەسەری ئەستەم بوو و پاڵپشت بێت بە راپۆرتی دەرچوو لە لیژنەی پزیشکی پسپۆر کە تێیدا بڕیار بدات بە دەستنەدان بە شێوەیەکی کۆتایی بۆ کار کردن، ئیحالە دەکرێت بۆ خانەنشینی ئەگەر خزمەتەکەی هەرچەند بێت[1] دوای پێدانی سێ ساڵ مۆڵەتی ئاسایی بەمووچە لەلایەن فەرمانگەکەی (جگە لەوانەی کە تەمەنی یاسایی تەواو دەکەن)، پاش ئەو ماوەیە ئەگەر لە نەخۆشییەکەی چاکنەبۆوە و بەپێی راپۆرتی پزیشکی نەگونجێت بۆ کار کردن، ئەوا خانەنشین دەکرێت بەبێ رەچاوکردنی خزمەتەکەی یان تەنسیب دەکرێت بۆ کارێکی کە بگونجێت لەگەڵ باری تەندروستی[2].

ئەو فەرمانبەرانەی کە بە هۆکاری نەخۆشی خانەنشین دەکرێت خزمەتەکەیان دەگەیەندرێتە 15 ساڵ ئەگەر هاتوو خزمەتی لەو ماوەیە کەمتر بوو بۆ ئەوەی مووچەی خانەنشینی بیگرێتەوە (بەلێخۆش بوون لە دانی -بژاردنی- راگیراوەکانی خانەنشینی[3].

**3 - هۆکاری کۆچی دوایی کردنی فەرمانبەر[4] :** ئەگەر فەرمانبەر کۆچی دوایی کرد لە کاتی خزمەتی وەزیفیدا، ئەوا خزمەتی خانەنشینییەکەی دەگەیەندرێتە 15 ساڵ ئەگەر هاتوو کەمتر بێت لە 15 ساڵ و دەبەخشرێت لە بژاردنی (دانی) راگیراوەکانی خانەنشینی بۆ ماوەی گەیەندراو بە 15 ساڵ، مووچەی خانەنشینی بە جێنشینەکانی دەبەخشرێت بەپێی هاتوو لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو.

**(1) بڕوانە مادده (2) یەکەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.**
**(2) بڕوانە گشتاندنی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم ژمارە (2ی ساڵی 2013).**
**(3) بڕوانە مادده (2) لە لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.**
**(4) بڕوانە مادده (6) برگە دووەم و مادده (12) برگە یەکەم لە لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.**

**دووەم: خانەنشینبوونی ئارەزوومەندانەی فەرمانبەر[1] :**

**1 - خانەنشـینکردن بەهۆکاری هەبوونی خزمەتی 25 سـاڵ و زیاتـر و تەواوکردنی تەمەنی 45 [2] ساڵ:**

فەرمانبـەر مافـی هەیـە داوای خانەنشـین بـکات ئەگـەر تەمەنی (45 سـاڵ و بەرەو سـەرەوەی تەواو کردبێت و 25 سـاڵ خزمەتی خانەنشـینی هەبێت[3] ، ئەوا شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبێت.

پێویسـتە وەزیـری تایبەتمەنـد یـان سـەرۆکی لایەنـی نەبەسـتراو بـەوەزارەت یـان فەرمانبەری راسـپێردراو بەدەسەڵاتی خانەنشینکردن، سـەیری داواکارییەکەی بکات لە مـاوەی (45) چل و پێنج رۆژ لـە رێکەوتی تۆمارکردنی داواکارییەکـەی لە فەرمانگەی خـودی فەرمانبەرەکە، ئەگـەر هاتوو ئەو ماوەیە (45) چل و پێنـج رۆژە کۆتایی هاتوو و بڕیارنەدرا لەسـەر خانەنشینکردنی، ئەوا بە حوکمی یاسـا فەرمانبەرەکە بەخانەنشین دادەندرێـت و فەرمانگەکـەی پابەنـدە بـە خانەنشـینکردنی و رێکخسـتنی مامەڵـەی خانەنشینی بۆ فەرمانبەری داواکار.[4]

لەم حاڵەتەدا هاوشـێوەی (دەسـت لەکارکێشـانەوە - الاستـقالە)یە[5]، ئەگەر دەسەڵاتی تایبەتمەند لە ماوەی دیاریکراو وەڵامـی داواکارییەکەی نەدایەوە بە رەزامەندبوون یان رەزامەنـد نەبوون، ئەوا دەبێت خانەنشـین بکرێت (واتا فەرمانگەکـەی ناچار دەبێت بە خانەنشینکردنی و لەسەر فەرمانگەکەیەتی کە مامەڵەی خانەنشینی بۆ ئەنجامبدات).

---

**(1) بڕوانە مادده (1) بڕگەی چوارەم لە لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.**
**(2) بەپێی یاسای چاکسازی لە مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (2ی ساڵی 2020) تەمەنی 50 ساڵ گۆڕدرا بۆ تەمەنی 45 ساڵ.**
**(3) خزمەتی خانەنشینی بریتییە لە ئەو خزمەتانەی کە بە کردەیی لە فەرمانگەکەی کردوویەتی و ئەو خزمەتانەی بەپێی یاسا بۆی ئەژمارکراوە و لێبڕینی خانەنشینی داوە.**
**(4) بڕوانە مادده (1) بڕگە چوارەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.**
**(5) بڕوانە مادده (35) لە خزمەتی شارستانی ژمارە (24ی ساڵی 1960) هەموارکراو.**

**2 - خانەنشـینکردنی ناپابەندی (جـوازی) بەهۆکاری هەبوونی خزمەتی 15 سـاڵ و زیاتر و تەواوکردنی تەمەنی بە 45 ساڵ و زیاتر[1]:**

فەرمانبـەر دەتوانێـت داوای خانەنشـینی بکات ئەگـەر هاتوو خزمەتی خانەنشـینی لە 15 سـاڵ کەمتـر نەبێت و تەمەنی 45 سـاڵی تەواو کردبێت ئەوا شایسـتەی مووچەی خانەنشینی دەبێت.

لـەم حاڵەتـەدا، وەزیر یان سـەرۆکی لایەنی نەبەسـتراو بـەوەزارەت یـان فەرمانبەری راسپێردراو بە دەسەڵاتی خانەنشینکردن، دەتوانێت لەم حاڵەتەدا رەزامەندی دەربڕێت یان دەرنەبڕێت بە خانەنشـین کردنی فەمانبەری داواکار بەپێی دەسـەڵاتی خەمڵاندنی یان بەرژەوەندی گشـتی جیاواز لە بڕگەی 1ی سەرەوە (خانەنشینکردنی پابەندی)، واتا مەرج نییە لەم حاڵەتە خانەنشـین بکرێت بەڵکو ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە سەر دەسەڵاتی خەمڵاندن و بەرژەوەندی گشتی فەرمانگەکەی.

**پێشـتر** بەپێی رێنمایی دارایی ژمارە (33ی سـاڵی 2012) دەسەڵات درابوو بە وەزیری تایبەتمەنـد یان سـەرۆکی لایەنی نەبەسـتراو بـەوەزارەت بۆ ئیحالەکردنـی فەرمانبەر لەسـەر داوای خۆی بۆ خانەنشـینی ئەگەر خزمەتەکەی لە 15 سـاڵ کەمتر نەبێت بەبێ رەچاوکردنی تەمەنەکەی بەدەر لە بڕگە 5 - أی مادده 7ی یاسـای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە 27ی ساڵی 2006 .

**بەڵام** بەپێی بەپێی یاسای چاکسـازی لە مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشـینی لە هەرێمی کوردسـتان ژمارە (2ی سـاڵی 2020 ) پێویستە تەمەنی (45) سـاڵی تـەواو کردبێت و خزمەتی خانەنشـینی لـە (15) کەمتر نەبێـت، ئینجا دەکرێت خانەنشین بکرێت، بەڵام پێش دەرچوونی ئەم یاسایە، فەرمانبەر ئەگەر تەنیا (15) پازدە ساڵی خزمەتی خانەنشـینی هەبووایە دەتواندرا خانەنشـین بکرێت بەبێ رەچاوکردنی تەمەن.

---

**(1) بڕوانە ماددەی 6 بڕگەی یەکەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەمووارکراو.**

## درێژكردنەوەی ماوەی خزمەت دوای تەواوكردنی تەمەنی یاسایی

**یەكەم: فەرمانبەرانی پلە گشتی و پلە باڵاكان:**

لەكاتی تەواوكردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی دەتواندرێت ماوەی خزمەتی فەرمانبەر درێژ بكرێتەوە بۆ ماوەیەک لە ( 3) سـاڵ زیاتر نەبێت بە پێشـنیاری وەزیری تایبەتمەند یان سـەرۆكی لایەنی نەبەسـتراو بـەوەزارەت و بە رەزامەندی سـەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران بە رەچاو كردنی كەمی پسـپۆرییەكەی و شارەزاییە وەزیفییەكەی و پێویستی لەرادەبەردەری فەرمانگەكەی بە خزمەتەكانی[1].

**دووەم: خزمەتی فەرمانبەری زانكۆیی (پرۆفیسۆر):**

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانسـتی تەنیا دەسـەڵاتی هەیە بە درێژكردنەوەی خزمەتی فەرمانبەرانی خزمەتی زانكۆیی لە هەڵگرانی نازناوی (پرۆفیسۆر) لە پسپۆرییە نـاوازەكان لە مەرجـی تەمەن بە راسـپاردەی ئەنجوومەنی زانكۆ بـۆ بەردەوامبوون لە خزمەتە زانكۆییەكەی لەگەڵ پشـتگیرییەک لەلایەن لیژنەی پزیشكی پسپۆر كە لەرووی هزری و جەستەیی بگونجێت بۆ وانەگوتنەوە .[2]

---

(1) بروانە ماددەی 1 برگەی سێیەم لە یاسای خانەنشینی یەكگرتوو ژمارە(27ی ساڵی 2006 هەمواركراو ).
(2) بروانە ماددەی یازدەیەم برگەی دووەم لە یاسای خزمەتی زانكۆیی ژمارە (23ی ساڵی 2008 هەمواركراو) بە پێی یاسای جێبەجێ كردنی ژمارە (12ی ساڵی 2013)ی پەرلەمانی كوردستان تایبەت بە بەركاركردنی یاسای هەمواری (32ی ساڵی 2012)ی یاسای هەمواری یەكەمی یاسای خزمەتی زانكۆیی.

# خزمەتی خانەنشینی

## یەکەم: ئەو خزمەتانەی کە ئەژمار دەکرێن[1]

**خزمەتی خانەنشینی بۆ فەرمانبەر ئەژمار دەکرێت لەم حاڵەتانەی خوارەوە:**

1 - خزمەتی کردەیی فەرمانبەر کە لە دەوڵەت کردوویەتی کە راگیراوەکانی خانەنشینی ماوەی خزمەتەکەی بژارد بێت (استیفاء الاستقطات التقاعدیة).

2 - ماوەی خزمەتی فەرمانبەر کە پێش دامەزراندنی کردوویەتی بەمەرجێک راگیراوەکانی خانەنشینی ماوەی خزمەتەکە ببژێرێت بۆ نموونە خزمەتەکانی (کەرتی تایبەت، رۆژنامەنووسی، ئەندازیاری، پزیشکی، پێشمەرگایەتی، ئاوارەیی ... هتد) کە بەپێی رەزامەندی لیژنەی راژەی ئەنجوومەنی وەزیران ئەژماردەکرێن.

3 - ماوەی مۆڵەتەکانی (خوێندن و نەخۆشی و ئاسایی و هتد) هاتوو لە یاسا بەرکارەکان جگە لە مۆڵەتی بێ مووچە پێش دەرچوونی رێنمایی دارایی ژمارە 4ی ساڵی 2015 تایبەت بە مۆڵەتی 5 ساڵ بەبێ مووچە و هەروەها مۆڵەتی بێ مووچە کە دەدرێت بە فەرمانبەر ، ماوەی مۆڵەتی بێ مووچەییەکە تەنیا بۆ مەبەستی خانەنشینییەکەی ئەژمار دەکرێت بەپێی رێنمایی سەرەوە.

4 - ماوەی خوێندنی نیزامی بۆ سەرباز و کارمەندی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە کۆلیژەکان و خوێندنی باڵا کە تێیدا بەدەست هێنانی بڕوانامەی خوێندن بە ئەنجام بگەیەنێت پێش پەیوەندی کردن بە خزمەت کە زیاتر نەبێت لە نیوەی خزمەتی سەربازی لە سوپا یان لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە مەرجێک راگیراوەکانی خانەنشینی ئەم ماوەیە دابێت بە پێی رێژەکانی بڕیاردراو لە یاسا لە بەر رۆشنایی مووچەکەی کە لە رێکەوتی پێشکەش کردنی داواکاری ئەژمار کردنەکەی وەری دەگرت.[2]

---

(1) بڕوانە رای ئەنجوومەنی شوورای هەرێم ژمارە (2022/9 لە 2022/4/19 )>

(2) بڕوانە مادده 4 لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006 هەموارکراو )

## دووەم: ئەو خزمەتانەی کە ئەژمار ناکرێن بۆ مەبەستی خانەنشینی[1]

**1** - ماوەکانی نەهاتن بۆ دەوام و مۆڵەتەکانی بێ مووچە (جگە لەو مۆڵەتە بێ مووچانەی کە بەپێی ڕێنماییە داراییەکان بە ژمارەکانی ژمارە 4ی 2015 و 14ی 2015 و ژمارە 17ی 2017 و 17ی 2016 و 3ی ساڵی 2020 بەمەرجێک لێبڕینی خانەنشینی بدرێت) و ماوەکانی دوای ڕێکەوتی وەرگرتنی حوکمی سزاکان پلەی بنبڕی کە ڕێگا نەدات فەرمانبەر لە خزمەت بمێنێتەوە.

**2** - ماوەکانی ڕاگرتن کە دەکەوێتە نێوان ماوەکانی بەند کردن و گرتن (الحبس والسجن).

**3** - ماوەی خزمەتی فەرمانبەر پێش تەواو کردنی تەمەنی 18 ساڵی ئەگەر هیچ دەقێکی ناکۆک نەهاتبوو لە یاسا، بۆ نموونە (پەرستیار بە 16 ساڵ دادەمەزرێت[2]).

**4** - ماوەی خزمەتی فەرمانبەر پاش تەواو کردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی63 ساڵی ئەگەر خزمەتەکەی درێژ نەکرایەوە و دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیەی کە تەمەنی خانەنشین درێژ دەکرێتەوە لە 1 بۆ 3 ساڵ.

**5** - [3] هیچ ماوەیەک بە خزمەتی خانەنشینی دانادرێت ئەگەر ڕاگیراوەکانی خانەنشینی نەبژاردبێت (نەدابێت) بە پێی یاسای خانەنشینی بەرکار (**جگە لەو فەرمانبەرانەی خانەنشین دەکرێن بەهۆی نەخۆشی یان کۆچی دوایی کە خزمەتییان کەمترە لە 15 ساڵ بۆیان دەگەیەندرێتە 15 ساڵ**[4]) .

(1) بروانە مادده 5 لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.
(2) بروانە مەرجەکانی دامەزراندن لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (24ی ساڵی 1960) هەموارکراو.
(3) بروانە مادده 4 برگە دووەم لە لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.
(4) بروانە مادده 2 و مادده 6 برگە دووەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.

## گەیاندنی خزمەتی فەرمانبەر بە 15 ساڵ لە کاتی تەواوکردنی تەمەنی یاسایی

ئەو فەرمانبەرانەی لەکاتی تەواوبوونی تەمەنی یاسایی خانەنشینیان (63) شەست و سێ ساڵ کە خزمەتی خانەنشینییان ناگاتە (15) پازدە ساڵ، ئەوا بەپێی فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە 1922 لە 2022/2/2، سێ (3) ساڵ دەخرێتە سەر خزمەتەکەیان بۆ گەیشتن بە خزمەتی خانەنشینی (15) پازدە ساڵ بۆ ئەوەی مووچەی خانەنشینییان بۆ دابین بکرێت بەڵام دەبێت لێبڕینی خانەنشینی بدەن لە بری ئەو ماوەیەی بۆیان دەگەیەندرێتە 15 ساڵ چونکە هیچ خزمەتێک بە خزمەتی خانەنشینی ئەژمار ناکرێت ئەگەر لێبڕینی مووچەی نەدابێت، بە شێوەی:

أ- ئەگەر فەرمانبەرەکە پێویستی بە 1 یەک ڕۆژ تا 1 یەک ساڵ بوو بۆ ئەوەی خزمەتی خانەنشینییەکەی بگاتە (15) پازدە ساڵ ئەوا بە فەرمانی وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت دەگەیەندرێتە (15) پازدە ساڵ.

ب- ئەگەر فەرمانبەرەکە پێویستی بە 1 ساڵ و 1 یەک ڕۆژ بەسەرەوە تا 3 سێ ساڵ بوو بۆ ئەوەی خزمەتی خانەنشینییەکەی بگاتە (15) پازدە ساڵ ئەوا بە فەرمانی ئەنجوومەنی وەزیران دەگەیەندرێتە (15) پازدە ساڵ.

ج- بەڵام پێویستە پێش تەواوبوونی تەمەنی خانەنشینی بە ماوەیەک ئەم ڕێککارانەی هەردوو بڕگەی (أ و ب)ی سەرەوە ئەنجامبدرێت.

**بەڵام** ئەگەر فەرمانبەر لەکاتی گەیشتنی بە تەمەنی یاسایی و خزمەتی خانەنشینی هەبوو لە 12 ساڵ کەمتر ئەوا بەهیچ جۆرێک مووچەی خانەنشینی بۆ نابڕدرێتەوە بەڵکە تەنیا پاداشتی خانەنشینی دەیگرێتەوە.

## خانەنشین کردن بەپێی یاساکان

**1 - فەرمانبەری پلە گشتییەکان:**

فەرمانبەرانی پلە 1 تا 10 پلەبەندی وەزیفی خانەنشین دەکرێن بەپێی یاسای ژمارە (27ی ساڵی 2006 هەموارکراو ) مافی خانەنشینییان بۆ دابین دەکرێت.

**2 - فەرمانبەری پلە باڵاکان:**

فەرمانبەرانی پلە باڵاکان و دادوەرو داواکاری گشتی و ئەوانەی هیچ پێکهاتەو یەکەیەکی کارگێڕی بەڕێوەنابەن و ئەوانەی مووچەی بنەڕەتی پلەی أ و ب وەردەگرن خانەنشین دەکرێن بەپێی مەرج و پێوەرەکانی هاتوو لە یاسای ژمارە 27ی سالی 2006ی هەموارکراو خانەنشین دەکرێن جگە لە ماددەی تایبەت بە چۆنیەتی ئەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی کە لە ماددە 7 ی یاسای ژمارە 27ی سالی 2006ی هەموارکراو هاتووە، **ئەژمارکردنی مووچەی خانەنشینییان بەپێی ماددەی 7 بڕگە یەکەم لە یاسای چاکسازی لە مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (2ی ساڵی 2020 )، بەمەرجێک لە رێژەی 50 % ی کۆی مووچەو دەرماڵە تێنەپەڕێت بۆ ئەوانەی راسپێردراون بە خزمەتی گشتی و بۆ ئەوانەی رانەسپێردراون بە خزمەتی وەزیفی و هیچ پێکهاتەو یەکەیەکی کارگێڕی بەڕێوەنابەن بەمەرجێک لە رێژەی 60 % ی کۆی مووچەو دەرماڵە تێنەپەڕێت (ئەوانەی تا رۆژی بەرکاربوونی یاسای چاکسازی هیچ یەکە و پێکهاتەیەکی کارگێڕی بەڕێوەیان نەدەبرد )و بۆ دادوەران و داواکاری گشتی نابێت لە رێژەی 70 %ی کۆی مووچەو دەرماڵە تێپەڕ بکات.**

**3 - فەرمانبەری خزمەتی زانکۆیی:**

فەرمانبەرانی خزمەتی زانکۆیی بەپێی یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە (23 ی ساڵی 2008 هەموارکراو) خانەنشین دەکرێن و مووچەی خانەنشینیان بۆ ئەژماردەکرێت و هەروەها و جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (27ی ساڵی 2006 هەموارکراو )ئەگەر هاتوو هیچ دەقێکی تایبەت نەهاتبێت لە یاسای خزمەتی زانکۆیی (23 ی ساڵی 2008

هەمواركراو)[1] بەپێی ئەو مەرجانەی لە یاسای خزمەتی زانكۆیی هاتووە بەڵام ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدا نەبێت ئەوا وەكو فەرمانبەری ئاسایی (پلە گشتییەكان) خانەنشین دەكرێن.

## مەرجەکانی شایستەبوونی مووچەی خانەنشینی [2]

فەرمانبەر بەشێوەیەكی گشتی، تەنیا بەم مەرجانەی خوارەوە شایستەی **مووچەی خانەنشینی** دەبێت جگە لە خانەنشین بوون بەهۆكاری نەخۆشی یان كۆچی دوایی كردنی فەرمانبەر بەدرێژایی ژیانی و گواستنەوەی بۆ میراتگرەكانی لەدوای كۆچی دوایی كردنی تا میراتگرەكان مەرجەكانی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی خێزانی تێدا بێت كە بە تێروتەسەلی لەم كتێبە باس كراوە:

1 - هەبوونی خزمەتی خانەنشینی لە 15 ساڵ كەمتر نەبێت.

2 - گەیشتنی تەمەنی فەرمانبەر بە تەمەنی 45[3] ساڵ.

## مەرجەکانی شایستەبوونی پاداشتی خانەنشینی [4]

فەرمانبەر بەشێوەیەكی گشتی، شایستەی **پاداشتی خانەنشینی** دەبێت، تەنیا بۆ یەك جار لە ژیانیدا لەكاتی:

1 - خزمەتی خانەنشینییان كەمتر بێت لە 15 ساڵ .

پاداشتی خانەنشینی ئەو فەرمانبەرانە ناگرێتەوە كە بەهۆكاری نەخۆشی یان كۆچی دوایی كردن خانەنشین دەكرێن یان ئەوانەی لەكاتی تەواوكردنی تەمەنی یاسایی خزمەتیان تا سێ ساڵ دەگەیەندرێتە 15 ساڵ.

---

**(1) بڕوانە مادده هەژدەیەم بڕگە یەكەم لە یاسای خزمەتی زانكۆیی ژمارە (23ی ساڵی 2008 هەمواركراو).**
**(2) بڕوانە مادده (6) بڕگە یەكەم لە یاسای خانەنشینی یەكگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەمواركراو.**
**(3) بەپێی یاسای چاكسازی لە مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەكان و خانەنشینی لە هەرێمی كوردستان ژمارە (2ی ساڵی 2020) تەمەنی 50 ساڵ گۆڕدرا بۆ تەواوكردنی تەمەنی 45 ساڵ واتا فەرمانبەر ئەگەر 15 ساڵ خزمەتی هەرێت و تەمەنی 45 ساڵی تەواو كردبێت، ئینجا مووچەی خانەنشینی دەیگرێتەوەو دەتوانێت خۆی خانەنشین بكات.**
**(4) بڕوانە مادده 8 لە لە یاسای خانەنشینی یەكگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەمواركراو.**

## خانەنشینکراو بە هۆکارەکانی نەخۆشی و مردن ئەگەر تەمەنی 45 ساڵیان تەواو نەکردبێت

بۆ خانەنشـینی بەهۆی نەخۆشـی یان کۆچی دوایی فەرمانبەر لە یاسـای خانەنشـینی یەکگرتـووی بەرکار هاتووە کە مووچەی خانەنشـینی خەرج ناکرێت بۆ خانەنشـینکراو تەنیـا ئەگەر تەمەنی 45 سـاڵی تەواو کردبێت ( و لە گشـت حاڵەتەکانـدا ئەو ماوەیەی پێـش ڕێکەوتـی تەواو کردنـی تەمەنی ئاماژە پێکـراو بۆی خەرج ناکرێـت) تا تەمەنی نەگاتە تەمەنی یاسایی خانەنشینی[1].

**نموونـە:** فەرمانبەرێک (فصل) یان (عزل) یان (اسـتقالە بەرەزامەندی فەرمانگەکەی) یان کۆتایـی هاتنـی ڕاژەی بەهـەر جۆرێک بوو، خزمەتی خانەنشـینی 15 سـاڵی هەبوو و تەمەنی نەگەیشـتبووە 45 سـاڵ ئەوا دەبێت چاوەڕی بکات تا تەمەنی دەگاتە 45 ساڵ ئینجا مووچەی خانەنشینی بۆ خەرج دەکرێت.

کەواتە لێرەدا ئەگەر فەرمانبەر کۆچی دوایی بکات یان بەهۆی نەخۆشی خانەنشین بێت ئەوا ئەگەر تەمەنی 45 سـاڵی تەواو نەکردبێت ئەوا شایسـتەی مووچەی خانەنشـینی نابێت.

**بەڵام لە بەپێی یاسای چاکسازی ئەم بابەتە چارەسەر کراوە و ئەوانەی کۆچی دوایی دەکەن یان بەهۆکاری نەخۆشی خانەنشین دەبن ئەوا شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن بەبێ ڕەچاوکردنی خزمەت و تەمەنیان[2].**

## کۆچی دوایی کردنی فەرمانبەری دەست لەکارکێشاوە (مستقیل) یان خانەنشینکراو [3]

ئەگـەر (فەرمانبەری دەسـت لەکارکێشـاوە بـە ڕەزامەندی ئاسـایی) یـان (فەرمانبەری نێردراو بۆ خانەنشـینی کە پەیوەنـدی بە فەرمانگەکەی دەپچڕێـت بەبێ تەرخانکردنی

**(1) بڕوانە ماددە (٧) پێنجەم/أ لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.**
**(2) بڕوانە بڕگە دووەم/1 لە ڕێنمایی دارایی و ئابووری هەرێم ژمارە (13ی ساڵی 2020) و ماددە (7) سێیەم/1 لە یاسای چاکسازی لە مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (2ی ساڵی 2020 ).**
**(3) بڕوانە ماددە 7 بڕگەی پێنجەم/ب لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.**

مووچەی خانەنشـینی) کۆچی دواییان کرد، و خزمەتی خانەنشـینی لە 15 ساڵ کەمتر نەبێت ئەوا مووچەی خانەنیشیان خەرج دەکرێت بۆ شایستەدارەکان و جێنشینەکانیان لـە منداڵەکانی لـە رێکەوتـی کۆچی دوایـی کردنی ئەگـەر هاتوو مردنەکەشـی پێش تەواوکردنی 45 ساڵی رووبدات واتا بەبێ رەچاوکردنی تەمەنەکەی.

**نموونە:** فەرمانبەرێک کە لە ژیان و خزمەتدا بوو دەستلەکارکێشـانەوەی پێشکەش کرد و فەرمانگەکـەی رەزامەندیدا بـە قبووڵکردنی دەستلەکارکێشـانەوەکەی، و فەرمانبەرە دەستلەکار کێشاوەکە (15) ساڵ خزمەتی خانەنشینی هەبوو و تەمەنی 45 ساڵی تەواو نەکردبێت، و مووچەی خانەنشـینی بۆ تەرخان نەکـرا بەهۆی تەمەنییەوە، دواتر کۆچی دوایی کرد، ئەوا جێنشـین و میراتگرە یاسـاییەکانی مافیان هەیـە داوای تەرخانکردنی مووچەی خانەنشینییەکەی بکەن.

## گلدانەوەی مووچە و پاداشتی خانەنشینی لە ئەنجامی قەرزاری خانەنشینکراو[1]

لە کاتی قەرزاری فەرمانبەری خانەنشـینکراو تەنیا لـەم دوو حاڵەتەی خوارەوە مووچە یان پاداشتی خانەنشینی گلدەدرێتەوە(حجز) یان دەستی بەسەردا دەگیرێت لەبەرامبەر قـەرزاری بەمەرجێک رێـژەی گلدانەوەکە لە 50 % زیاتر نەبێت لە مووچە و پاداشـتی خانەنشینی (لە نیوەی مووچەی خانەنشینییەکەی یان پاداشتی خانەنشینییەکەی زیاتر نەبێت) واتا بە کۆکراوەی گشت جۆرە قەرزانەی کە لەسەر قەرزارە (خانەنشینکراو) نابێت لـە نیوەی مووچەکەی گلدانەوەی لەسـەر دابنرێن لەبری دانـەوەی قەرزەکە گلدانەوەکە تەنیا ئەم دوو جۆری قەرزە دەگرێتەوە:

**1** - ئەگەر هاتوو بە هۆی خەرجی شەرعی بێت (نفقة شرعية).

**2** - ئەگـەر هاتـوو قەرزەکە پەیوەسـت بێت بـە گەنجینـەی دەوڵەت واتـا فەرمانبەرە خانەنشینکراوەکە پارەومولکی حکومەتی لە ئەستۆ بێت و نەیگەڕاندبێتەوە.

**3** - **بـەڵام......** ئەگـەر قەرزەکـە تایبەت بێت بە خەڵکی ئاسـایی نەک ئـەم دوو خاڵەی سـەرەوە ئـەوا بەپێی مـاددە 82 لە یاسـای جێبەجێکردنی عێراقی ژمارە 45 ی سـاڵی 1980 هاتووە[2] دەکرێت گلدانەوە لەسـەر مووچەو دەرماڵەکانی فەرمانبەر و سەربازی و پیاوی پۆلیس و کرێکار و خاوەن مووچەی خانەنشینی و هەر کەسێک کە مووچەیەک یـان کرێیەک لە دەوڵەت وەربگرێت بەڕێژەیەک کە زیاتـر نەبێت لە پێنجیەک (الخمس) ی مووچـەو دەرماڵـەکان لە نێوانیشـیاندا دەرماڵەکانـی گرانی بژێوی، ئـەم گلدانەوەیە دانانـدرێـت تەنیا ئەگەر قەرزەکە سـەلمێندرا بێت بە بڕیارێکـی دادوەری کە پلەی بنبڕی وەرگرتبێت بەڵام لە هەردوو یاسادا قەرزەکە بەشێوەی رەهاو گشتگیر هاتووە.

**(1) بڕوانە ماددە 22 و ماددە 23 لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.**

**(2) مادة 82: اولا: يجوز حجز راتب ومخصصات الموظف والعسكري ورجل الشرطة والعامل وذوي الرواتب التقاعدية، وكل من يتقاضى راتبا او اجورا من الدولة، بنسبة لا تزيد على خمس ما يتقاضاه من راتب ومخصصات، وبضمنها مخصصات غلاء المعيشة .**

**ثانيا: اذا كان الدين لا يعود للدولة او القطاع الاشتراكي، فلا يجوز الحجز، وفق الفقرة (اولا) من هذه المادة، الا اذا كان الدين ثابتا بحكم قضائي بات ولا يعتد بموافقة المدين على خلاف ذلك .**

**ثالثا: مع مراعاة حكم الفقرتين اعلاه، يجوز الحجز بالنفقة المحكوم بها غير المتراكمة مهما بلغت، وتعتبر دينا ممتازا.**

**بــەڵام** لە یاســای خانەنشــینی یەکگرتووی بــەرکار هاتووە کــە نابێت گلدانەوە لەســەر مووچەی خانەنشــینی دابندرێت و بەپێی پرەنســیپی یاسایی کە دەڵێت (یاسای دادێت، یاســای پێشــتر لادەبات - القانون اللاحق ینســخ القانون الســابق) و لەبەر ئەوەی یاسای خانەنشــینی یەکگرتــووی بەرکار لەســاڵی 2006 دەرچووە بەڵام یاســای جێبەجێکردن لەساڵی 1980 دەرچووە، پێویستە بەهیچ جۆرێک گلدانەوە لەسەر مووچەی خانەنشینی خانەنسینکراو دانەندرێت بەپێی ئەم پرنسیپە.

بەڵام پرەنســیپێکی دیکەی یاســاییمان هەیە کە دەڵێت (یاســای تایبەت، یاســای گشتی دەبەستێتەوە و رایدەگرێت- القانون الخاص یقید العام).

**بەڕای ئامادەکار:**

**ئــەم دوو یاســایە لە بابەتــی (گلدانەوە)ی مووچــەو دەرماڵە، وا دیــار دەکەوێت کە ناکۆک بن، بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەم بابەتە پێویســتە لەلایەن ئەنجوومەنی شــورای هەرێم یەکلایی بکرێتەوە و راڤەیەکی یاساییانەی بۆ بکرێت شێوەیەک بێت کە مافی قەرزدەرەکەش زامن بکرێت.**

## راگیراوەکانی (لێبڕینەکانی) خانەنشینی (توقيفات تقاعدية)

لێبڕینـی خانەنشـینی بریتییـە لەو بـڕە پارەیەی کە لـە مووچەی بنەڕەتـی فەرمانبەر دەگیڕدرێتەوە لەکاتی خزمەتدا بەشـێوەی بۆ هەر مانگێک لە خزمەتەکانی خانەنشینی، رێـژەی 7 %ی[1] مووچـەی بنەڕەتـی لە مووچەی خـودی فەرمانبەر لەکاتـی خزمەتدا دەبڕدرێت و دەخرێتە سـەر ئەژمێری سـەندوقی خانەنشینی سـەرباری بڕینی 12 %[2] لـە مووچەی بنەڕەتـی فەرمانبەر (مانگانـە) لەکاتی وەزیفەدا کـە دەچێتە ئەژمێری سندووقی خانەنشینی کە پێویستە لەخودی بودجەی فەرمانگەکە بدرێت نەک مووچەی خودی فەرمانبەرەکە، (واتا 19 %ی مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەر کە لە کاتی وەزیفەدا وەریدەگرێت، دەچێتە سـەندووقی خانەنشـینی بەشـێوەی 7 %ی لەمووچەی خودی فەرمانبەرەکـە مانگانە و 12 %ی لە بودجەی خودی فەرمانگەگەی) ئەمە بۆ پاڵپشـتی کردنی سـندووقی خانەنشـینییە بۆ زامن کـردن و بەردەوامیدان بـە پێدانی مووچەی خانەنشـینان ، **لەگەڵ ئـەو بڕە پارانـەی خوارەوە، مووچەو پاداشـتی خانەنشـینی لێدەدرێت:**

1 - ئـەو بـڕە پارانەی(راگیراوانی خانەنشـینی) کە فەرمانبەر دەیـدات لە بری خزمەتی ئەژمارکراوە زیادەکان بۆ مەبەستی خانەنشینی.

**بـۆ نموونـە:** فەرمانبەرێـک لـە 2000/2/1 بـۆ یەکەمێن جـار دادەمەزرێـت و پێش دامەزراندنەکـەی خزمەتـی رۆژنامەنووسـی هەیـە لـە مـاوەی 1993/5/3 تـا رۆژی دامەزراندنی ئەوا لەکاتی ئەژمارکردنی ئەم ماوەیە لەلایەن سـەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیـران، پێویسـتە بەرامبـەر خزمەتـە ئەژمارکراوەکـە لێبڕینی خانەنشـینی بدات لە فەرمانگەی خانەنشینی.

2 - بـڕە پارەکانـی هاتـوو لـە وەبەرهێنانـی پارەوپوولـی سـەندوقی خانەنشـین، ب.گ.خانەنشـینی/ سـندوقی خانەنشـینی دەتوانێت وەبەرهێنان و پرۆژە بکات بەبڕی پارەی کە لە سندووقەکە هەیە بۆ زیاتر کردنی پارەی سندووەقەکە..

3 - بەخشینەکان و هاوکارییەکان کە وەزارەتی دارایی پێشکەشی سندووقەکە دەکات.

---

**(1) بڕوانە مادده 3 برگە یەکەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.**
**(2) بڕوانە مادده 18 لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.**

4 – بەخشــینەکان و دیارییــەکان لە نــاوەوەی هەرێم و ئەگەر لــە دەرەوەی هەرێم بێت ئەوا پێویســتە ڕەزامەنــدی ئەنجوومەنی وەزیران وەربگرێت بــەر لە وەرگرتنی لەلایەن سندووقەکە .

5 - بەخشــینێکی ســاڵانە لە لایەن وەزارەتــی داراییەوە خەرج دەکرێت بۆ ســندووقی خانەنشینی کە بڕەکەی دیاری دەکرێت بە هەماهەنگی لەگەل بەڕێوەبەرانی سندووقەکە و فەرمانگەی بودجە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری.

## چەسپاندنی تەمەنی ڕاستەقینەی فەرمانبەر[1]

تەمەنی ڕاســتەقینەی فەرمانبــەر دیاری دەکرێت لەســەر ئەو بەڵگەنامەی (ناســنامەی بــاری شارســتانی، بڕوانامــەی ڕەگەزنامــەی عێراقــی، کارتی نیشــتیمانی) کــە لەکاتی یەکەم دامەزراندنی پێشکەشــی دەکات و فەرمانی چەســپاندنی لەســەر دەردەچێت لە فەرمانگەکەی و بۆ دیاری کردنی تەمەنی خانەنشینی بەکاردەهێندرێت.

کار بەهیچ ڕاســتکردنەوەیەکی تەمەن ناکرێت لەدوای پێشکەشکردنی یەکێک لە بەڵگەنامەکانی سەرەوە و فەرمانی چەسپاندنی تەمەن، بڕیاری دادگاش کاری پێناکرێت بۆ ئەم مەبەستە.

واتــە لــە دوای چەســپاندنی تەمەنــی یان ئــەو بەڵگەنامەیەی پێشکەشــی کــردووە بۆ دامەزرانــدن ئەگــەر هاتوو فەرمانبەر دواتر لــە ڕێگای دادگا تەمەنی خــۆی بچووک یان گەورە بکاتەوە ئەوا بڕیاری دادگاش کاری پێناکرێت.

**بۆ نموونە:** فەرمانبەرێک لە کاتی دامەزراندنیدا ساڵی لەدایکبوونی 1960ــە کە دەبێت لە ساڵی 2023 خانەنشین بکرێت بەهۆی تەمەنی یاسایی یان بەرلەوەی بگاتە تەمەنی یاسایی خانەنشــین بوو، بــەڵام ئەگەر دوای دامەزراندنــی بەپێی بڕیاری دادگا ســاڵی لەدایکبوونی بگۆڕێت بۆ 1964 ئەوا ساڵی 2027 خانەنشین دەبێت ئەوەش ئەژمار ناکرێت چونکە ئەگەر بە ساڵی لەدایکبوونە ڕاســتکراوەکە بێت ئەوا لەکاتی ئەژمارکردنی خزمەتی دەردەکەوێت کە لە 14 ســاڵییەوە دامەزراوە ئەمەش پێچەوانەی یەکێک لە مەرجەکانی دامەزراندنە کە لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە 24ی ساڵی 1960ی هەموار کراو هاتووە.

---

**(1) بڕوانە مادده 25 لە یاسای ژمارە (27ی ساڵی 2006 هەموارکراو ) و هەروەها بڕوانە ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری–هەرێم ژمارە (53ی ساڵی 2008 و 12ی ساڵی 2021).**

## کەمترین مووچەی خانەنشینی[1]

لەکاتی ئەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی فەرمانبەران بەتایبەتی ئەوانەی کە خزمەتیان کەمە یان زووتر خۆیان خانەنشین دەکەن مووچەی خانەنشینیان کەمتر لە 220000 دوو سەد و بیست هەزار دینار دەردەچێت، لەم حاڵەتەدا بۆیان دەکرێتە 220000 دوو سەد و بیست هەزار دینار و نابێت کەمتر بێت لەم بڕە پارەیە.

**هەروەها مووچەی جێنشینەکانی فەرمانبەری خانەنشینکراوی کۆچکردوو لە کاتی هەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی خێزان:**

1 –ئەگەر فەرمانبەری خانەنشینکراوی کۆچکردوو تەنیا **یەک** جێنیشینی شایستەداری هەبوو ئەوا مووچەی خانەنشینی خێزانی نابێت لە 200000 دوو سەد هەزار دینار کەمتر بێت.

2 –ئەگەر فەرمانبەری خانەنشینکراوی کۆچکردوو تەنیا **دوو** جێنیشینی شایستەداری هەبوو ئەوا مووچەی خانەنشینی خێزانی نابێت لە 210000 دوو سەد و دە هەزار دینار کەمتر بێت و بەیەکسانی بەسەر هەردووکیان دابەش دەکرێت واتا هەر یەکەیان 105000 هەزار دینار وەردەگرێت.

3 –ئەگەر فەرمانبەری خانەنشینکراوی کۆچکردوو تەنیا **سێ و زیاتر** جێنیشینی شایستەداری هەبوو ئەوا مووچەی خانەنشینی خێزانی نابێت لە 220000 دوو سەد و بیست هەزار دینار کەمتر بێت و بەیەکسانی بەسەریان دابەش دەکرێت.

## مافەکانی خانەنشینی مافێکی بەدەستهاتووە (مکتسبة)[2]

بەهیچ جۆرێک دەستبەرداربوون (تنازل) ناکرێت لە مافەکانی خانەنشینی (مووچەی خانەنشینی یان پاداشتی خانەنشینی) بۆ کەسێک یان لایەنێکی دیکە و هەر کارێکیش لەم جۆرە بابەتە بە نەبووە دادەندرێت و کاری پێناکرێت لەبەر ئەوەی مافێکی کەسییە و ناکرێت بگوازرێتەوە بۆ کەسێک یان لایەنێکی دیکە.

**(1) بڕوانە مادده 1 لە یاسای زیادکردنی مووچەی خانەنیشان ژمارە (25ی ساڵی 2009 ) کە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەرچووە و لە ب.گ.خانەنشینی هەرێم کاری پێدەکرێت.**
**(2) بڕوانە مادده 21 لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.**

## خزمەت ئەژمار (ناكرێت) دوای وەرگرتنی پاداشتی خانەنشینی

ئەگەر فەرمانبەر خانەنشین بوو و پاداشتی خانەنشینی وەرگرت بەهیچ جۆرێك هیچ جۆرە خزمەتێكی دیكەی بۆ ئەژمار ناكرێت تەنیا ئەگەر دووبارە دامەزرایەوە لە یەكێك لە فەرمانگەكانی كەرتی گشتی.[1]

## خزمەت ئەژمار (دەكرێت) دوای وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی

لە مادده 26 لە یاسای خانەنشینی یەكگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006 هەمواركراو) هاتووە كە تەنیا ئەوانەی بڕی پارەی پاداشتی خانەنشینی وەردەگرن، ناتواندرێت خزمەتی دیكەیان بخرێتە سەر خزمەتی خانەنشینییان كە باسی مووچەی خانەنشینی نەكردووە كەواتە ئەگەر فەرمانبەر خانەنشین كراو مووچەی خانەنشینی بۆ تەرخان كرا و دواتر خزمەتی ئەژمارنەكراوی هەبوو، دەكرێت بۆی ئەژمار بكرێت بەپێی یاسا و ڕێنماییەكان لە دوای وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی كەواتە دەكرێت خزمەتی ئەژمارنەكراو ئەژمار بكرێت پاش خانەنشین بوون و وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی نەك پاداشتی خانەنشینی.[2]

## مانەوە و بەسەرنەچوونی مافەكانی خانەنشینی[3]

مافەكانی خانەنشینی(مووچەی خانەنشینی یان پاداشتی خانەنشینی)، مافێكی بەدەستهاتوو و ڕەوایە بەپێی یاسا، تا خانەنشینكراو یان شایستەداری خانەنشینكراو لەژیاندا مابێت و مەرجە شایستەكانی تێدا بێت بەسەرناچێت و دەمێنێت.

(1) بڕوانە مادده 26 لە یاسای خانەنشینی یەكگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەمواركراو.
(2) بڕوانە مادده 26 لە یاسای خانەنشینی یەكگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەمواركراو.
(3) بڕوانە مادده 24 بڕگە یەكەم لە یاسای خانەنشینی یەكگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006 هەمواركراو)

## داواکردنی مافی خانەنشینی بەهۆی بریکاری یاسایی[1]

دەکرێت مامەڵەی خانەنشینی و داواکردنی مافی خانەنشینی (مووچەی خانەنشینی یان پاداشتی خانەنشینی) لە رێگای بریکاری یاسایی خانەنشینکراو پێشکەشی فەرمانگەی خانەنشینی بکرێت ئەگەر هاتوو خانەنشینکراو ئارەزوو بکات، بەمەرجێک بەئامادەبوونی خودی فەرمانبەرە خانەنشینکراوەکە دەست لەکارهەڵگرتن لە فەرمانگەکەی ئەنجام بدرێت، و ناکرێت بریکار دەست لەکارهەڵگرتنی بۆ بکات لەبری خانەنشینکراو.

هەروەها شایستەداراە (جێنشینە) یاساییەکانی (فەرمانبەر یان خانەنشینکراو)ی کۆچکردوو، دەتوانن لە رێگەی بریکاری یاساییان داوای مافی خانەنشینی کۆچکردوو بکەن لە دوای کۆچی دوایی کردنی فەرمانبەر و سڕینەوەی لە تۆمارەکان (ترقید قید) لەرۆژی کۆچی دوایی کردنی (کە بە دەست لەکارهەڵگرتن دادەندرێت).

## دواکەوتنی پێشکەش کردنی داواکاری تەرخانکردنی مووچەی خانەنشینی[2]

ئەگەر خانەنەشینکراو یان بریکارە یاساییەکەی بەهەر هۆیەک بێت، داواکاری پێدانی مووچەی خانەنشینی پێشکەش نەکرد بە فەرمانگەی خانەنشینی یان مووچەی خانەنشینییەکەی وەرنەگرێت بۆ ماوەی 1 ساڵ لە رۆژی دەست لەکارهەڵگرتنی لە فەرمانگەکەی، مووچەکەی هەڵناوەشێتەوە، بەڵام لەدوای ئەم ساڵە هەر کاتێک دواکاری پێشکەش بکات لە رۆژی داواکارییەکەی بۆی خەرج دەکرێت (ئەگەر هیچ هۆکارێکی رەواو بڕواپێکراو نەبێت) و مووچەی خانەنشینی پێشووی بۆ خەرج ناکرێت کە دەکەوێتە نێوان رێکەوتی دەست لەکارهەڵگرتنی لە فەرمانگەکەی و پێشکەشکردنی داواکاری کە دوادەکەوێت بۆ ماوەی 1 یەک ساڵ زیاتر و ئەم بابەتە ناکام (قاصر) ناگرێتەوە.

(1) بڕوانە مادده 24 بڕگە دووەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006 هەموارکراو )
(2) بڕوانە مادده 24 بڕگە دووەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006 هەموارکراو )

## دووبارە دامەزراندنەوەی خانەنشین کراو [1]

**دەکرێت فەرمانبەر دوای خانەنشین بوونی، دابمەزرێتەوە لە یەکێک لە فەرمانگەکانی کەرتی کشتی و خزمەتی پێشووی بۆ ئەژمار دەکرێتەوە ئەگەر:**

1 - پاداشتی خانەنشینی وەرگرتبوو (ئەوانەی کە لە 15 ساڵ کەمتر خزمەتی خانەنشینیان هەیە و لە کاتی خانەنشینبوونیان مووچەی خانەنشینی نایانگرێتەوە)، ئەوا دەبێت لەلایەن فەرمانگەی خانەنشینی تایبەتمەند لێی بگێڕدرێتەوە و بیداتەوە کە وەریگرتبوو بەرامبەر خزمەتە کردەییەکان (فعلیة) کە یەکسان بێت بە 7% مووچە بنەڕەتییەکەی دوای گەڕانەوەی.

2 - ئەگەر بڕیاردرا بە گەڕاندنەوەی پاداشتەکە بە شێوەی چارەکی مووچەی بنەڕەتییەکەی ئەوا دەبێت لە ماوەی پێنج ساڵ بیداتەوە لە رۆژی دەرچوونی بڕیاری فەرمانگەی خانەنشینی بەدانەوەی، و دەکرێت فەرمانبەرە دووبارە دامەزراوەکە بەیەکجار بیداتەوە[2]

**3** - ئەگەر فەرمانبەر کۆچی دوایی کرد یان دووبارە خانەنشین کرایەوە پێش تەواوکردنی پێبژاردنەوەی (تسدید) پاداشت ئەوا پاداشتەکە دەگێڕدرێتەوە لە مووچەی خانەنشینییەکەی یان مووچەی جێنشینەکانی (خلف) بە رێژەی چارەک (ربع)ی مووچەی خانەنشینیەکەی ئەگەر هاتوو شایستەی مووچەیەکی خانەنشینی بوو، بە یەک جار ئەگەر هاتوو شایستەی پاداشتی خانەنشینی بوو.

**4** - ئەگەر دووبارە خانەنشین کراو دامەزرایەوە لە وەزیفەیەکی گشتی لە سەر فەرمانگەکەیەتی کە هەڵسێت بە ئاگادار کردنەوەی فەرمانگەی خانەنشینی بۆ بڕینی مووچەی خانەنشینی لە رێکەوتی دەست بە کاربوونی و دەتوانێت لەدوای دووبارەگەڕانەوەی بۆ وەزیفە هەر کاتێک بیەوێت داوای خانەنشینی بکات بە بێ رەچاو کردنی تەمەن یان ماوەی خزمەتەکەی. بەڵام لە هەرێمی کوردستان بەهۆی نەبوونی بودجە و باری ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراندن و دووبارە دامەزراندنەوە راگیراوە و لەکاتی کردنەوەی دامەزراندن و دووبارە دامەزراندنەوە ئەوا ئەنجوومەنی گشتی راژەی هەرێمی کوردستان بەم کارە هەڵدەستێت.

---

**(1) بروانە مادده 9 لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.**
**(2) بروانە رێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری-هەرێم ژمارە (6س ساڵی 2011) .**

## گەڕاندنەوەی مووچەی بنەڕەتی بۆ ماوەی 180 ڕۆژ لەکاتی دووبارە دامەزراندنەوە [1]&[2]&[3]&[4]&[5]

کاتێک فەرمانبەر خانەنشین بوو لەسەر داوای خۆی یان بەهۆی تەواوکردنی تەمەنی خانەنشینی یان کۆچی دوایی کرد یان بە هۆکاری نەخۆشی ئەوا مووچەی مۆڵەتی کەڵەکەبوو بۆ ماوەی 180 ڕۆژ پێدەدرێت ئەگەر مۆڵەتی کەڵەکەبووی هەبوو.

لەکاتی دووبارە دامەزراندنەوەی یا گەڕانەوەی ئەوا دەبێت ئەو بڕە پارەیە بگەڕێنێتەوە بۆ فەرمانگەکەی چونکە لە کاتی خانەنشینبوونی تەنیا پێویستە یەکجار بۆی خەرج بکرێت.

(1) بڕوانە ماددەی چل و پێنجەم بڕگە 1 لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (24ی ساڵی 1960)ی هەموارکراو.
(2) بڕگە 2ی ئەم ماددەیە وەکو هاتووە لە سەرەوە ڕاست کرایەوە بە پێی یاسای ژمارە (16ی ساڵی 2007)ی پەرلەمانی کوردستان یاسای هەمواری خزمەتی شارستانی ژمارە (24ی ساڵی 1960)ی هەموار کراو، هەروەها تێڕامان لە یاسای هەمواری ژمارە (6ی ساڵی 1968)ی یاسای خزمەتی شارستانی و بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (464 لە 1981/4/14).
(3) پلەتایبەتەکان و بەڕێوەبەری گشتی ئەوانەی لەو پلەیەدان لەدوای هەڵوەشاندنەوەی یاسای خانەنشینی پلەباڵاکان ژمارە (36ی ساڵی 2004) تەنیا 180 ڕۆژ مووچەی بنەڕەتی وەردەگرن نەک کۆی مووچەودەرماڵە، هەروەها بڕوانە گشتاندنی وەزارەتی دارایی و ئابووری-هەرێم ژمارە (1ی ساڵی 2021) و ماددەی چل و نۆیەم بڕگە 1 لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (24ی ساڵی 1960)ی هەموارکراو..
(4) بڕوانە ماددەی دەیەم بڕگە چوارەم/أ لە یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە (23ی ساڵی 2008) و هەروەها بڕوانە یاسای ژمارە (16ی ساڵی 2007)ی پەرلەمانی کوردستان یاسای هەمواری خزمەتی شارستانی ژمارە (24ی ساڵی 1960)ی هەموار کراو، هەروەها تێڕامان لە یاسای هەمواری ژمارە (6ی ساڵی 1968)ی یاسای خزمەتی شارستانی و بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (464 لە 1981/4/14) و نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە 603 لە 2011/10/30 کە وەڵامی نووسراوی زانکۆی کۆیە 1286 لە 2011/9/21ی داوەتەوە.
(5) بڕوانە ماددەی شەست و پێنج لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (24ی ساڵی 1960)ی هەموارکراو.

## ئەژماركردنی شەش مانگی خزمەت بە ساڵی تەواو [1]

لەکاتی ئەژمارکردنی خزمەتی خانەنشـینی بۆ دابینکردنی مووچەی خانەنشینی، ماوەی خزمەتی 6 شـەش مانگ کەمتر پشـتگوێ دەخرێت بەڵام ئەگەر 6 شەش مانگ و زیاتر بوو ئەوا دەگەیەندرێتە 1 ساڵ و بەساڵی تەواو ئەژمار دەکرێت.

**بـۆ نموونـە:** فەرمانبەرێـک کۆی خزمەتەکانی 18 سـاڵ و 5 مانـگ و 21 رۆژ بوو، ئەوا تەنیا 18 سـاڵی بـۆ ئەژمار دەکرێت لەکاتـی ئەژمارکردنی مووچەی خانەنشـینی. بـەڵام ئەگەر کۆی خزمەتەکانی 18 سـاڵ و 6 مانـگ و 21 رۆژ بوو، ئەوا خزمەتەکەی بە 19 ساڵ ئەژمار دەکرێت لەکاتی خانەنشینبوونیدا.

## مووچەی خانەنشینی و پاداشتی مانگانەی فەرمانبەری دووبارە دامەزراوە بە گرێبەست [2]

هـەر فەرمانبەرێکی خانەنشـینکراو، دووبـارە دامەزرایەوە بەشـێوەی گرێبەسـت یان گرێبەسـتی تایبـەت یان هەر سـیفەتێکی وەزیفـی (بەمەرجێک خانەنشـینکردنی تێدا نەبێـت) یان بە پاداشـتی مانگانـە، ئەوا دەبێـت یەکێـک لەمانەی دادێـن هەڵبژێرێت: یـان مووچەی خانەنشـینییەکەی یان پاداشـتی مانگانەی، کامەیان زیاتـر بێت و نابێت هەردووکیان بەیەکەوە وەربگرێت.

بەڵام دەکرێت کرێی وانەگوتنەوە لە قوتابخانە و پەیمانگە و کۆلیژ و زانکۆ و سەنتەرەکانی راهێنان وەربگرێت لەگەڵ مووچە خانەنشینییەکەی بەیەکەوە.

زۆر جار هەیە فەرمانبەری خانەنشـینکراو کە بەگرێبەسـت یان بە هەر سیفەتێک کار بۆ فەرمانگەی حکومەت دەکات لە دوای خانەنشـین بوونی ئەوا هەم مووچەی خانەنشینی بۆ خەرج دەکرێت و هەم کرێی گرێبەسـتەکەی یان هەر شـێوە پاداشـتێک وەردەگرێت، ئەمەش پێچەوانەی یاسای خانەنشینیە.

**(1) بڕوانە مادده 7 بڕگەی شەشەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.**
**(2) بڕوانە مادده 11 لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.**

## بڕینەوەی مووچەی خانەنشینی ئەوانەی هیچ مووچەیەکیان نییە (1)

هەر کەسێک کە فەرمانبەر نەبوو و هیچ مووچەیەکی وەزیفی و خانەنشینی نەبوو و بەهۆی کوژرانی یان مردنی یان تووشبوونی بە پەککەوتەیی تەواو بەرامبەر بە هەڵوێستە نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی و پاش سەلماندنی حاڵەتەکەی، لەسەر پێشنیاری سەرۆکی هەرێم یان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و پەسەندکردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان، مووچەیەکی خانەنشین بۆ دابین دەکرێت یان بۆ جێنشینەکانی بەبڕی (250000) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار مانگانە.

(1) بڕوانە مادده 31 برگە شەشەم/أ لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.

## چۆنیەتی ئەژمارکردنی خزمەتی خانەنشینی

ئەژمارکردنی خزمەتی خانەنشــینی گرنگترین کارە پێش ئەوەی مووچەی خانەنشینی و پاداشــتی خانەنشینی لەسەر ئەژمار بکرێت، و هەوڵ دەدەین بەچەند نموونەیەک روون بکەینەوە:

**نموونە 1:**

فەرمانبەرێــک لە 1988/3/3 دامەزراوەو هیــچ دابڕانێکی لە وەزیفە نەبووە و خزمەتی ئەژمارکراوی زیادەی نییە و بەردەوام بووە لە وەزیفە، لە رۆژی 2020/12/4 خانەنشین بوو و لەهەمان رۆژ دەستی لەکارهەڵگرت.

**خزمەتەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە ئەژمار دەکرێت:**

کرداری ســادەی بیرکاری کەمکردنەوەی ئاسایی (کەم - ) جێبەجێدەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

| رۆژ | مانگ | ساڵ | |
|---|---|---|---|
| 4 | 12 | 2020 | |
| 3 | 3 | 1988 | - |
| 1 | 9 | 32 | |

**خزمەتی خانەنشــینیەکەی دەبێتە 33 سی و سێ ساڵ لەبەر ئەوەی کەرتی سالەکە لە شەش مانگ زیاترەو دەکرێتە ساڵی تەواو.**

**نموونە 2:**

**هەمـان نموونە 1** بـەڵام دابڕانی لە وەزیفـە هەیە لە ڕێکەوتـی 2003/11/18 ڕاژەی کۆتایی هاتووە تاکو 2008/2/7 گەڕاوەتەوە وەزیفە و دەستبەکاربۆتەوە.

**خزمەتەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە ئەژمار دەکرێت:**

**یەکەم:** خزمەتەکەی لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە بۆ ڕۆژی خانەنشین بوونی ئەژماردەکرێت:

| ڕۆژ | مانگ | ساڵ | |
|---|---|---|---|
| 4 | 12 | 2020 | |
| 3 | 3 | 1988 | - |
| ------------------------ | | | |
| 1 | 9 | 32 | سی و دوو ساڵ و نۆ مانگ و یەک ڕۆژ |

**دووەم: دابڕانی خزمەتەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە ئەژماردەکەین:**

| ڕۆژ | مانگ | ساڵ | |
|---|---|---|---|
| ~~7~~ 37 | ~~2~~ ~~1~~ 13 | ~~2008~~ 2007 | |
| 18 | 11 | 2003 | - |
| ------------------------ | | | |
| 19 | 2 | 4 | چوار ساڵ و دوو مانگ و نۆزدە ڕۆژ. |

**هاوشێوەی کرداری بیرکاری:** دەبینین 7 ناکرێت 18 ی لێ کەم بکرێت کەواتە مانگێکی بـۆ زیاد دەکەین واتە 30 ڕۆژ کەواتە 7 ڕۆژەکە دەبێتە 37 ڕۆژ ئینجا کەمی 18 ڕۆژەکە دەکەیـن و ژمارەی مانگەکان دەمێنێتەوە 1 مانگ، دەبینیـن 1 مانگە ماوەکە 11 مانگی

لێ دەرناکرێت کەواتە ســاڵێک بۆ 1 مانگەکە زیاد دەکەین دەبێتە 13 مانگ ئینجا کەمی 11 مانگەکە دەکەین، ســاڵەکە ساڵێکی کەم دەبێتەوە دەبێتە 2007 ئینجا کەمی 2003 دەکرێت.

**سێیەم: خزمەتی تەواوی خانەنشینی = خزمەتی بڕگەی دووەم - خزمەتی بڕگەی یەکەم**

**کەواتە:**

| رۆژ | مانگ | ساڵ | |
|---|---|---|---|
| 31<br>~~1~~ | 8<br>~~9~~ | 32 | |
| 19 | 2 | 4 - | |
| 12 | 6 | 28 | بیست و هەشت ساڵ و شەش مانگ و دوازدە رۆژ خزمەتی پوخت. |

**کەواتە: خزمەتی خانەنشـینییەکەی دەبێتە 29 ســاڵ، لەبەر ئەوەی کەرتی ساڵەکە لە شەش مانگ زیاترەو دەکرێتە ساڵی تەواو.**

## مووچەی خانەنشینی خەرج ناکرێت تا تەواوکردنی تەمەنی 45 ساڵ [1]

ئەوانەی تەمەنی 45 ساڵیان تەواو نەکردووە و خزمەتی خانەنشینی 15 ساڵیان هەیە، ئەوا مووچەی خانەنشینیان بۆ خەرج ناکرێت تا تەمەنی 45 ساڵی تەواو نەکەن، ئینجا مووچەی خانەنشینییان بۆ دابین دەکرێت لە رۆژی تەواوکردنی تەمەنی 45 ساڵ، لە هەموو حاڵەتێکدا مووچەی خانەنشینی نێوان خانەنشین بوون و تەواوکردنی تەمەنی 45 ساڵ خەرج ناکرێت.

**بۆ نموونە:** فەرمانبەرێک 15 پازدە ساڵ خزمەتی خانەنشینی هەیە و تەمەنی 40 ساڵە، کۆتایی بەراژەی دێت بەهەر هۆیەک بێت جگە لە دەرستلەکارکێشانەوە بەبێ رەزامەندی فەرمانگەکەی، ئەوا دەتوانێت داوای مووچەی خانەنشینی بکات کاتێک تەمەنی 45 ساڵی تەواو دەکات و مووچەی خانەنشینی لە رۆژی تەواوکردنی تەمەنی 45 ساڵ مووچەی خانەنشینی بۆ دابین دەکرێت.

## مووچەی خانەنشینی بۆ ئەوانەی پەیوەندی وەزیفیان کۆتایی دێت [2]

ئەوانەی کە پەیوەندی وەزیفییان کۆتایی دێت بەهۆی دوورخستنەوە (العزل) یان دەرکردن (الفصل) یان هەر هۆکارێکی دیکەی بەجێهێشتنی ناچاری جگە لەوانەی (دەستلەکار دەکێشنەوە بەبێ رەزامەندی فەرمانگەکەی واتا فەرمانبەرەکە دەستلەکارکێشانەوە پێشکەش دەکات بۆ فەرمانگەکەی بەڵام لە ماوەی 30 رۆژ بەسەر رێکەوتی پێشکەشکردنی دەستلەکارکێشانەوەکە، ئەگەر فەرمانگەکەی رەزامەندی نیشاندا ئەوا شایشتەی مافەکانی خانەنشین دەبێت بەڵام ئەگەر فەرمانگەکەی دوای 30 رۆژ رەزامەندی نەدا ئەوا بەدەستلەکارکێشاوە ئەژمار دەکرێت بەڵام بەبێ رەزامەندی فەرمانگەکەی کەواتە مافەکانی خانەنشینی نایگرێتەوە) شایستەی مافەکانی خانەنشینی دەبن و بەڵام مووچەی خانەنشینیان بۆ دابین دەکرێت بەمەرجێک تەمەنی 45 ساڵییان تەواوکردبێت و 15 ساڵ خزمەتی خانەنشینییان هەبێت.

(1) بڕوانە ماددەی 7 بڕگە پێنجەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006 هەمواركراو).
(2) بڕوانە ماددەی 1 بڕگە پێنجەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006 هەمواركراو) وەهەروەها بڕوانە گشتاندنی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (12 ی ساڵی 2022)

و ئەگەر 15 ساڵی خزمەتی خانەنشینی هەبوو بەڵام تەمەنی 45 ساڵی تەواو نەکردبێت ئەوا تا تەمەنی 45 ساڵ تەواو نەکات، مووچەی خانەنشینییەکەی بۆ خەرج ناکرێت و لە ڕۆژی تەواوکردنی تەمەنی 45 ساڵ بۆی خەرج دەکرێت.

## جیاوازی نێوان مووچەی بنەڕەتی لە بری مۆڵەتی کەڵەکە بوو و پاداشتی خانەنشینی

زۆربەی فەرمانبەران جیاوازی ناکەن لە نێوان مووچەی بنەڕەتی مۆڵەتەکانی کەڵەکەبوو کە لە کاتی خانەنشین بوونیدا وەریدەگرێت کە تێپەڕنەبێت لە 180 ڕۆژ بۆی خەرج دەکرێت لە فەرمانگەکەی خۆی و ئەوە پاداشتی خانەنشینی نییە بەڵکو مافی خۆیەتی.

پاداشتی خانەنشینی دەدرێتە فەرمانبەری خانەنشینکراو لە فەرمانگەکەی خۆی بەپێی یاسای خانەنشینی دەدرێت بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە خزمەتییان نەگەیشتۆتە یان نەگەیەندراوتە 15 ساڵ.

بەڵام ئەو (180) ڕۆژ مووچەی بنەڕەتییەی کە لە فەرمانگەکەی وەریدەگرێت بەرامبەر مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانیەتی بەمەرجێک تێپەڕ نەکات لە 180 ڕۆژ و مۆڵەتی کەڵەکەبووی هەبێت کە کەمتر نەبێت لە 180 ڕۆژ.

## دوا رادەی ڕێژەی خانەنشینبوون

**1 - پلە گشـتییەکان:** نابێت مووچەی خانەنشـینی تێپەڕ بێت لـە ڕێژەی 80 % دوایین مووچـەی بنەڕەتـی وەزیفـی کـە فەرمانبـەر وەریگرتـووە لەکاتـی خزمەتـدا لەکاتی ئەژمارکردنی بەپێی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی بەرکار[1] .

**بـۆ نموونـە:** فەرمانبەرێـک 40 سـاڵ خزمەتـی هەیـە و دوا مووچـەی بنەڕەتییەکەی 1000000 یەک ملیۆن دینارە لەکاتی ئەژمارکردنی مووچەی خانەنشینییەکەی بەپێی یاسـای خانەنشـینی یەکگرتوو ئـەوا ڕێژەی خانەنشـینییەکەی دەبێتـە 100 % دوایین مووچـەی بنەڕەتی کە دەکاتە 1000000 یەک ملیۆن دینار مووچەی خانەنشـینی (**کە چۆنیەتی ئەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی لەم کتێبە بە تێروتەسەلی باس کراوە**)، بەڵام تەنیا ڕێژەی 80 % دوایین مووچەی بنەڕەتی وەزیفی وەکو مووچەی خانەنشینی پێدەدرێت کە یەکسانە بە 800000 هەشت سەد هەزار دینار.

**2 - پلە باڵاکان:** بەپێی یاسـای چاکسـازی لە مووچەو دەرماڵەو خانەنشـینی ژمارە 2ی سـاڵی 2020 دوارادەی ڕێـژەی خانەنشـینی بەم شـێوەیەی خوارەوەیە بەڵام لەسـەر کـۆی مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵەکانی کـە وەریگرتووە لەکاتی خزمەتدا نەک وەکو پلە گشتییەکان تەنیا مووچەی بنەڕەتی:

**أ- پلە باڵاکان ئەوانەی کە لە بڕگە یەکەمی ماددەی 7 ی یاسای چاکسازی هاتووە:**

ڕێژەی 50 % تێپەڕ نەکات لە دوایین مووچەو دەرماڵەکانی.

ب- **دادوەر و داواکاری گشتی:**

ڕێژەی 70 % تێپەڕ نەکات لە دوایین مووچەو دەرماڵەکانی.

---

**(1) بڕوانە ماددە 7 بڕگە حەفتەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.**

**ج- بەڕێوەبەری گشتی بەرەو سەرووتر** ئەوانەی هیچ پێکهاتەیەکی ئیداری بەڕێوە نابەن یان سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان (پارێزگار، قایمقام، بەڕێوەبەری ناحیە)، تەنیا ئەوانەی کە تا رۆژی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە 2020/7/1 هیچ یەکەیەکی کارگێڕییان بەڕێوە نەبردووە، بەڵام ئەوانە ناگرێتەوە کە لەدوای کەوتنەکاری جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی هیچ پێکهاتەیەک بەڕێوە نابەن:(1)

ڕێژەی 60 % تێپەڕ نەکات لە دوایین مووچەو دەرماڵەکانی کە ڕێکارەکانی خانەنشین بوونیان لە یاسای چاکسازی دیاری کراوە.

**بەڵام دەبینین ئەوانەی لە وەزیفەدان و پێکهاتەیەکی کارگێڕی بەڕێوەدەبەن لەکاتی خانەنشین بوونیان بەرێژیی 50 % ی دوا مووچەو دەرماڵەکانیان خانەنشین دەکرێن کە ئەمەش لەوانەیە جۆرە ناعەدالیەتێکی تێدا بێت و لەوانەیە لەکاتی تشریعکردنی یاسای خانەنشینی وەکو ئیمتیازێک پێیان درا بێت تا هانبدرێن بۆ خانەنشینکردنیان.**

### 3 - فەرمانبەری خزمەتی زانکۆیی:

مووچەی خانەنشینی فەرمانبەری زانکۆیی بریتییە لە مووچەی بنەڕەتی + 100 %ی مووچەی بنەڕەتی (دەرماڵەی خزمەتی زانکۆیی) کە یەکسانە بە دوو دوامووچەی بنەڕەتی واتە: 200 %ی دوامووچەی بنەڕەتی بەپێی بەدواداچوونم لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین و ئەو فەرمانبەرە زانکۆییانەی کە خانەنشین بووینە.

**بۆ نموونە** فەرمانبەری خزمەتی زانکۆیی (مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر) کاتێک خانەنشین دەبێت بەو مەرجانە ( خانەنشین کردنی بەهۆی تەواوبوونی تەمەنی یاسایی و 10 ساڵ زیاتری خزمەتی زانکۆیی هەبێت، یان بەهۆی نەخۆشی یان بەهۆی کۆچی دوایی کردنی یان بەهۆی داواکردنی خانەنشینی لەلایەن

**(1) بڕوانە هەردوو ماددە حەفتەم و ماددەی دوازدەیەم بڕگەی دووەم و سێیەم لە یاسای چاکسازی لە مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (2ی ساڵی 2020).**

خــودی فەرمانبەری خزمەتی زانکۆیــی بەمەرجێک خزمەتی زانکۆیــی کەمتر نەبێت لە 25 ســاڵ)، ئەوا مووچە خانەنشــینی کە بۆ دابین دەکرێت بریتییە لە کۆی دوو مووچەی بنەڕەتی، ئەگەر لەکاتی خانەنشینی بەپێی مەرجەکانی سەرەوە مووچەی بنەڕەتی (یەک ملیۆن دینار ) بێت ئەوا مووچەی خانەنشینییەکەی دەبێتە (دوو ملیۆن دینار).

**بەڕای ئامادەکار:**

**لە یاســای خزمەتی زانکۆیی هاتووە کە مووچەی تەواو، مووچەی تەواویش بریتییە لە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵەکان [(1)&(2)]**

**کەواتە پێویســتە فەرمانبەری خزمەتی زانکۆیی کە خانەنشین دەبێت بەو مەرجانەی لەسەرەوە هاتوون، بەهەمان مووچەو دەرماڵەی خزمەتی زانکۆیی کە وەریان دەگرت خانەنشــین بکرێن نەک بە دوو مووچەی بنەڕەتی. بەڵام دەکرا مەرجێک هەبێت کە لە 80 % ی مووچەو دەرماڵەکانی خزمەتی زانکۆیی وەربگرێت چونکە لەهیچ یاسایەکی خانەنشینی نەهاتووە کە دەبێت بە 100 % ی مووچەو دەرماڵەی خانەنشین بکرێن.**

**(1)** بڕوانە ماددەی یەکەم لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (18ی ساڵی 2001).
**(2)** بڕوانە ماددە حەفتەم بڕگە چوارەم و ماددە دوازدەیەم لە یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە (23ی ساڵی 2008).

## چۆنیەتی ئەژماركردنی مافەكانی خانەنشینی (1)

بەپێی یاساكانی خانەنشینی بەركار لە هەرێمی كوردستان مافەكانی خانەنشینی فەرمانبەری خانەنشینكراو بریتییە لە مووچەی خانەنشینی یان پاداشتی خانەنشینی.

## یەكەم: مووچەی خانەنشینی(2) :

مەبەست لە مووچەی خانەنشینی، مووچەیەكی مانگانەیە كە فەرمانبەر شایستەی دەبێت لەكاتی خانەنشین كردنی بەپێی یاسا بەركارەكان.

### 1: بۆ پلە گشتییەكان:

**أ- هاوكێشەی ئەژماركردنی مووچەی خانەنشینی = (رێژەی خانەنشین بوون × مووچەی بنەڕەتی)**

**رێژەی خانەنشین بوون = 2ر5 % × ساڵانی خزمەت**

**لەم حاڵەتانەی خوارەوە بەم هاوكشەیە ئەژمار دەكرێت ئەگەر هاتوو:**

1 – تەمەنی فەرمانبەر لە رێكەوتی خانەنشین كردنیدا لە 60 ساڵ كەمتر نەبوو و خزمەتی خانەنشینی هەبوو لە 25 ساڵ كەمتر نەبوو.

2 – تەمەنی لە رێكەوتی خانەنشین كردنیدا لە 55 ساڵ كەمتر نەبێت و خزمەتی خانەنشینی لە 30 ساڵ كەمتر نەبێت.

3 – ئەگەر هاتوو خانەنشین بكرێت بە هۆكاری تەندروستی.

4 – ئەگەر فەرمانبەر لە كاتی خزمەتدا كۆچی دوایی بكات.

5 – ئەگەر تەمەنی كارمەندانی سەربازی و هێزەكانی ئاسایش لە رێكەوتی خانەنشین

---

**(1) بەپێی ماددەی یەكەم بڕگە ح لە یاسای خانەنشینی یەكگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006 هەمواركراو):**
**ح– مافەكانی خانەنشینی: مووچەی خانەنشینی یان پاداشتی خانەنشینی.**
**(2) بڕوانە ماددە 7 لە یاسای خانەنشینی یەكگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەمواركراو**

کردنیاندا لە تەواوکردنی 45 ساڵ[1] کەمتر نەبێت و خزمەتێکی خانەنشینیان هەبێت لە بوارەکەیان کە لە 20 ساڵ کەمتر نەبێت.

**نموونە 1:**

فەرمانبەرێک مووچەی بنەڕەتییەکەی گەیشتۆتە (1148000) دینار لە رۆژی خانەنشینکردنی بەهۆی تەواوکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشین واتا (63) ساڵ و هەروەها خزمەتەکەی گەیشتۆتە (41) ساڵ بەم جۆرەی خوارەوە مووچەی خانەنشینی بۆ ئەژمار دەکرێت:

**مووچەی خانەنشینی = (رێژەی خانەنشین بوون) × (مووچەی بنەڕەتی)**

**رێژەی خانەنشین بوون = 2ر5 % × ساڵانی خزمەت**

**= 2ر5 % × 41 ساڵ = 5ر 102 % رێژەی خانەنشین بوون**

بەڵام لەبەر ئەوەی بەپێی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو نابێت رێژەی خانەنشین بوون لە 80 % ی مووچەی بنەڕەتی تێپەڕێت[2] ئەوا:

**مووچەی خانەنشینی = (رێژەی خانەنشین بوون) × (مووچەی بنەڕەتی)**

**= (80 %) × (1148000)**

**= 918400 نۆسەدو هەژدە هەزارو چوارسەد دینار وەکو مووچەی خانەنشینی مانگانە.**

---

**(1) بەپێی یاسای چاکسازی لە مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (2ی ساڵی 2020 ) ژمارە (2ی ساڵی 2020) تەمەنی 50 سال گۆڕدرا بۆ تەمەنی 45 ساڵ.**
**(2) بڕوانە مادده 7 بڕگەی حەفتەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو**

**نموونــە 2:** مامۆســتایەک یــان فەرمانبەرێــک مووچــەی بنەڕەتییەکــەی گەیشــتۆتە (948000) دینار لە رۆژی خانەنشــینکردنی بەهۆی خانەنشــینبوونی لەســەر داواکاری خۆی و هەروەها خزمەتەکەی گەیشــتۆتە (32) ساڵ و تەمەنی گەیشتۆتە 56 ساڵ، بەم جۆرەی خوارەوە مووچەی خانەنشینی بۆ ئەژمار دەکرێت:

**مووچەی خانەنشینی = (رێژەی خانەنشین بوون) × (مووچەی بنەڕەتی)**

**رێژەی خانەنشین بوون = 2٫5 % × ساڵانی خزمەت**

**= 2٫5 % × 32 ساڵ = 75 % رێژەی خانەنشین بوون**

**کەواتە: مووچەی خانەنشینی = (رێژەی خانەنشین بوون) × (مووچەی بنەڕەتی)**

**= (75 %) × (948000)**

**= 711000 حەفت سەدو یازدە هەزار دینار وەکو مووچەی خانەنشینی مانگانە وەردەگرێت.**

**نموونە 3:**

مامۆســتایەک یــان فەرمانبەرێــک مووچــەی بنەڕەتییەکــەی گەیشــتۆتە (509000) پێنجســەدو نۆ هــەزار دینار لــە رۆژی **خانەنشــینکردنی بەهۆی نەخۆشــی یان کۆچی دوایی** و هەروەها خزمەتەکەی گەیشــتۆتە (18) ســاڵ بەم جــۆرەی خوارەوە مووچەی خانەنشینی بۆ ئەژمار دەکرێت:

**مووچەی خانەنشینی = (رێژەی خانەنشین بوون) × (مووچەی بنەڕەتی)**

**رێژەی خانەنشین بوون = 2٫5 % × ساڵانی خزمەت**

**= 2٫5 % × 18 ساڵ = 45 % رێژەی خانەنشین بوون**

**کەواتە: مووچەی خانەنشینی = (رێژەی خانەنشین بوون) × (مووچەی بنەڕەتی)**

**= (45 %) × (509000) = 229050 دوو سەدو بیست و نۆ هەزارو پەنجا دینار وەکو مووچەی خانەنشــینی مانگانە وەردەگرێت ئەگەر بەهۆی نەخۆشی بوو، و جێنشینەکانی وەریدەگرن ئەگەر بەهۆکاری کۆچی دوایی بێت.**

**نموونە 4:**

**کارمەندێکی هێزەکانی ئاسایشــی ناوخۆ بە پلەی ڕێپێدراو/١** مووچەی بنەڕەتییەکەی (509000) پێنجسەدو نۆ هەزار دینار لە ڕۆژی **خانەنشینکردنی لەسەرداواکاری خۆی یان تەمەنی یاسایی خانەنشینی یان نەخۆشی یان کۆچی دوایی** و هەروەها خزمەتەکەی گەیشتۆتە (23) ساڵ و تەمەنی 45 ساڵی تەواوکردبێت و بەرەوسەرەوە، بەم جۆرەی خوارەوە مووچەی خانەنشینی بۆ ئەژمار دەکرێت:

**مووچەی خانەنشینی = (ڕێژەی خانەنشین بوون) × (مووچەی بنەڕەتی)**

**ڕێژەی خانەنشین بوون = 5ر2 % × ساڵانی خزمەت**

**= 5ر2 % × 23 ساڵ = 5ر57 % ڕێژەی خانەنشین بوون**

**کەواتە:**

**مووچەی خانەنشینی = (ڕێژەی خانەنشین بوون) × (مووچەی بنەڕەتی)**

**= (5ر57 %) × (509000)**

**= 292675 دوو سەدو نەوەد و دوو هەزارو پەنجا دینار وەکو مووچەی خانەنشینی مانگانە وەردەگرێت ئەگەر بەهۆی نەخۆشی بوو، و جێنشینەکانی وەریدەگرن ئەگەر بەهۆکاری کۆچی دوایی بێت..**

**ب- هاوکێشـەی ئەژمارکردنی مووچەی خانەنشـینی = (ڕێژەی خانەنشـین بوون × مووچەی بنەڕەتی)**

**ڕێژەی خانەنشین بوون = 2 % × ساڵانی خزمەت**

**ئەگەر هاتوو:**

1 – تەمەنی فەرمانبەر لە ڕێکەوتی خانەنشین کردنیدا کەمتر بوو لە 60 ساڵ و خزمەتی خانەنشینی کەمتر بوو لە 25 ساڵ، یان کەمتر نەبوو لە 60 ساڵ و خزمەتی خانەنشینی لە 25 ساڵ کەمتر بوو، یان تەمەنی لە 60 ساڵ کەمتر بوو و خزمەتی خانەنشینی لە 25 ساڵ کەمتر نەبوو.

2 – تەمەنـی لـە ڕێکەوتـی خانەنشـین کردنیدا لە 55 سـاڵ کەمتر بێت یـان خزمەتی خانەنشینی لە 30 ساڵ کەمتر بێت.

3 – ئەگەر تەمەنی کارمەندانی سـەربازی و هێزەکانی ئاسـایش لە ڕێکەوتی خانەنشین کردنیاندا لە تەواوکردنی 45 ساڵ و کەمتر نەبێت و خزمەتێکی خانەنشینیان هەبێت لە بوارەکەیان کە لە 20 ساڵ کەمتر بێت.

**نموونە 5:**

مامۆستایەک یان فەرمانبەرێک مووچەی بنەڕەتییەکەی گەیشتۆتە (499000) دینار لە رۆژی خانەنشینکردنی لەسەر داواکاری خودی فەرمانبەر و هەروەها خزمەتەکەی گەیشتۆتە (15) ساڵ و (7) مانگ و (17) رۆژ، تەمەنی 45 ساڵی تەواوکردبێت و بەرەوسەرووە، بەم جۆرەی خوارەوە مووچەی خانەنشینی بۆ ئەژمار دەکرێت:

**تێبینی:** خزمەتەکەی دەبێتە 16 ساڵ چونکە (7) مانگ و (17) رۆژ زیاترە لە (6) مانگ، ئەگەر لە (6) مانگ کەمتر بوو ئەوا پشتگوێ دەخرێت و دەبێتە 15 ساڵ[1] .

**مووچەی خانەنشینی = (رێژەی خانەنشین بوون) × (مووچەی بنەڕەتی)**

**رێژەی خانەنشین بوون = 2 % × ساڵانی خزمەت**

**= 2 % × 16 ساڵ = 32 % رێژەی خانەنشین بوون**

**کەواتە:**

**مووچەی خانەنشینی = (رێژەی خانەنشین بوون) × (مووچەی بنەڕەتی)**

**= (32 %) × (499000)**

**= 159680 سەدو پەنجا و نۆ هەزارو شەش سەد و هەشتا دینار وەکو مووچەی خانەنشینی مانگانە وەردەگرێت.**

**بەڵام مووچەکەی بۆ دەگەیەندرێتە 220000 دووسەدو بیست هەزار دینار بەپێی یاسای زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران ژمارە (25ی ساڵی 2009)**

**(1) بڕوانە مادده 7 بڕگەی شەشەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو**

**نموونە 6:**

مامۆستایەک یان فەرمانبەرێک مووچەی بنەڕەتییەکەی گەیشتۆتە (332000) دینار لە ڕۆژی خانەنشینکردنی لەسەر داواکاری خودی فەرمانبەر یان بەهۆی تەواوبوونی تەمەنی یاسایی خانەنشین بوون و هەروەها خزمەتەکەی گەیشتۆتە (15) ساڵ و تەمەنی 45 ساڵی تەواو کردبێت و بەرەوسەرووە، بەم جۆرەی خوارەوە مووچەی خانەنشینی بۆ ئەژمار دەکرێت:

**مووچەی خانەنشینی = (ڕێژەی خانەنشین بوون) × (مووچەی بنەڕەتی)**

**ڕێژەی خانەنشین بوون = 2 % × ساڵانی خزمەت**

**= 2 % × 15 ساڵ = 30 % ڕێژەی خانەنشین بوون**

**کەواتە:**

**مووچەی خانەنشینی = (ڕێژەی خانەنشین بوون) × (مووچەی بنەڕەتی)**

**= (30 %) × (332000)**

= **99600 نەوەت و نۆ هەزارو شەش سەد دینار**

**بەڵام مووچەکەی بۆ دەگەیەندرێتە 220000 دووسەدو بیست هەزار دینار بەپێی یاسای زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران ژمارە (25ی ساڵی 2009).**

## ئەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی فەرمانبەرانی کۆتابەراژە هاتوو

فەرمانبەری دوورخراوە (العزل) یان دەرکراو (الفصل) یان ئەوانەی خزمەت بەجێ دەهێڵن بە هۆیەکانی ناچاری جگە لە وازهێنان (الاستقالة) بە بێ رەزامەندی لایەنی تایبەتمەند ئەوا شایستەی مافەکانی خانەنشینی دەبن بەمەرجێک تەمەنی 45 تەواو بکەن[1] مووچەی خانەنشینان ئەژمار دەکرێت بەهەمان هاوکێشەی کە لە سەرەوە هاتووە ئەژماردەکرێت بەڵام لەسەر تێکڕای مووچەی وەزیفی لە مووچەی پایەی یەکەمی پلەی وەزیفی خوارتر لە پلەکەی، واتا ئەگەر فەرمانبەرەکە مووچەکەی لە پلە 4 پایە 3 بوو بەپێی پلەبەندی وەزیفی ئەوا مووچەی خانەنشینییەکەی لەسەر بنەمای پلە 5 پایە 1 بۆ ئەژمار دەکرێت.

**نموونە 7:**

مامۆستایەک یان فەرمانبەرێک مووچەی بنەڕەتییەکەی گەیشتۆتە (569000) دینار لە پلەی 4 مەرتەبە 7 لە رۆژی کۆتایی هاتنی راژەی بەهەر هۆیەک بێت یان دەستلەکارکێشانەوە بە رەزامەندی فەرمانگەکەی یان دوورخراوە (العزل) یان دەرکراو (الفصل) و هەروەها خزمەتی خانەنشینی (15) ساڵ و تەمەنی 45 ساڵی تەواوکردبێت و بەرەوسەرەوە، بەم جۆرەی خوارەوە مووچەی خانەنشینی بۆ ئەژمار دەکرێت:

**تێبینی:** مووچەی بنەڕەتی و پلەو مەرتەبەی دادەبەزێندرێت بۆ 429000 دینار و پلە 5 مەرتەبە 1

**مووچەی خانەنشینی = (رێژەی خانەنشین بوون) × (مووچەی بنەڕەتی)**

**رێژەی خانەنشین بوون = 2 % × ساڵانی خزمەت**

**= 2 % × 15 ساڵ = 30 % رێژەی خانەنشین بوون**

(1) **بڕوانە ماددەی 7 بڕگە سێیەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006 هەموارکراو).**

کەواتە: مووچەی خانەنشینی = (رێژەی خانەنشین بوون) × (مووچەی بنەڕەتی)

= (**30** %) × (429000)

= **128700** سەد و بیست و هەشت هەزارو حەفت سەد دینار

بـەڵام مووچەکەی بۆ دەگەیەندرێتە **220000** دووسـەدو بیسـت هەزار دینار بەپێی یاسای زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران ژمارە (**25**ی ساڵی **2009**).

## 2 : بۆ پلە باڵاکان و دادوەرو داواکاری گشتی:[1]

(سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگرەکانیان و ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان و ئەوانەی بەپلەی ئەوانن و بریکارەکانی وەزارەت و ئەوانەی بەپلەی ئەوانن و ئەوانەی مووچەی بریکاری وەزارەت وەردەگرن و خاوەن پلە تایبەتەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ئەوانەی بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی مووچەی بەڕێوەبەری گشتی وەردەگرن و سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێم و گشت ئەو کەسانەی کە بەپێی خشتەی کارپێکراوی مووچە لە هەرێمی کوردستان مووچەو دەرماڵەی هەردوو پلە باڵای (أ و ب) وەردەگرن لەسەر میلاکی شارستانی و سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) بەپێی ئەم هاوکێشەی خوارەوە خانەنشین دەکرێن:

**مووچەی خانەنشینی = (ڕێژەی خانەنشینبوون) x ( کۆی مووچەو دەرماڵەکانی کە لە وەزیفە وەریدەگرت )**

**ڕێژەی خانەنشینبوون = (15 % ) + (5ر1 % x سالأنی خزمەت) + (ڕێژەی دەرماڵەی بڕوانامە)**

**کۆی ڕێژەکانی سەرەوە چەند دەرچوو جارانی دوامووچەو دەرماڵەو ساڵانی خزمەت دەکرێت**

**ڕێژەی دەرماڵەی بڕوانامە:**

**1 - بڕوانامەی ئامادەیی: (1 %)**

**2 - بڕوانامەی دبلۆم: (2 %)**

**3 -بڕوانامەی بەکالۆریۆس: (4 %)**

**4 - بڕوانامەی دبلۆمی باڵا و ماستەر: (6 %)**

**5 - بڕوانامەی دکتۆرا: (8 %)**

---

**(1) بڕوانە ماددەی 7 و 12 برگەی دووەم و سێیەم لە یاسای چاکسازی لە مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (2ی ساڵی 2020 ).**

**نموونە 1:**

فەرمانبەرێکی پلە باڵا، کۆی مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵەکانی گەیشتۆتە (5500000) پێنج ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار لە رۆژی خانەنشینکردنی بەهەر هۆیەک بێت و هەروەها خزمەتی خانەنشینی گەیشتۆتە (25) ساڵ و تەمەنی 45 ساڵی تەواوکردبێت و بەرەوسەرووە، و هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە، بەم جۆرەی خوارەوە مووچەی خانەنشینی بۆ ئەژمار دەکرێت:

**مووچەی خانەنشینی = (رێژەی خانەنشینبوون) x ( کۆی مووچەو دەرماڵەکانی کە لە وەزیفە وەریدەگرت )**

**رێژەی خانەنشینبوون = (15 % ) + (1ر5 % x ساڵانی خزمەت) + (رێژەی دەرماڵەی بڕوانامە)**

**= (15 % ) + (1ر5 % × 25 ساڵ) + (4 %)**

**= (15 % ) + (37ر5 %) + (4 %)**

**= 56ر5 % رێژەی خانەنشین بوون**

**بەڵام بەپێی یاسای چاکسازی نابێت (50 %) کۆی مووچەو دەرماڵەکانی تێپەڕبێت[1]**

**کەواتە:**

**مووچەی خانەنشینی = (رێژەی خانەنشین بوون) × (کۆی مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵەکان)**

**= (50 % ) × (5500000) = 2750000 دوو ملیۆن و حەفت سەد و پەنجا هەزار دینار وەکو مووچەی خانەنشینی مانگانە وەردەگرێت.**

**(1) بڕوانە ماددەی 7 برگەی دووەم/4 لە یاسای چاکسازی لە مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (2ی ساڵی 2020 ).**

**نموونە 2:**

فەرمانبەرێکی پلە باڵا، کۆی مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵەکانی گەیشتۆتە (3750000) سێ ملیۆن و حەفت سەد و پەنجار هەزار دینار لە رۆژی خانەنشینکردنی بەهەر هۆیەک بێت و هەروەها خزمەتی خانەنشینی گەیشتۆتە (12) ساڵ و تەمەنی 45 ساڵی تەواوکردبێت و بەرەوسەرووە، و هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە، بەم جۆرەی خوارەوە مووچەی خانەنشینی بۆ ئەژمار دەکرێت:

*** 3 ساڵ دەخرێتە سەر خزمەتی خانەنشینییەکەی بۆ ئەوەی ساڵانی خزمەتی خانەنشینی بگاتە 15 ساڵ بەمەرجێک لێبڕینی خانەنشینی بۆ ئەم زیادکردنە بڕێڕێت[1].**

**مووچەی خانەنشینی = (رێژەی خانەنشینبوون) x ( کۆی مووچەو دەرماڵەکانی کە لە وەزیفە وەریدەگرت )**

**رێژەی خانەنشینبوون = (15 % ) + (5ر1 % x ساڵانی خزمەت) + (رێژەی دەرماڵەی بڕوانامە)**

**= (15 % ) + (5ر1 % × 15 ساڵ) + (6 %)**

**= (15 % ) + (5ر22 %) + (6 %)**

**= 5ر43 % رێژەی خانەنشین بوون**

**کەواتە: مووچەی خانەنشینی = (رێژەی خانەنشین بوون) × (کۆی مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵەکان)**

**= (5ر43 % ) × (3750000) = 1630125 یەک ملیۆن و شەش سەد و سی هەزار و سەدو بیست و پێنج دینار وەکو مووچەی خانەنشینی مانگانە وەردەگرێت.**

**(1) بڕوانە ماددەی 7 برگەی شەشەم لە یاسای چاکسازی لە مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (2ی ساڵی 2020 ).**

**نموونە 3:**

وەزیرێک یان ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان هیچ خزمەتێکی وەزیفی نەبووە و بۆ ماوەی چوار ساڵ وەزیر یان ئەندام پەرلەمان بووەو کۆتایی بە ماوەکەی هاتووە، کۆی مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵەکانی گەیشتۆتە (7600000) حەفت ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار و تەمەنی 45 ساڵی تەواو نەکردبێت لە ڕۆژی خانەنشینکردنی بەهەر هۆیەک بێت و هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم (پەیمانگا)، بەم جۆرەی خوارەوە مووچەی خانەنشینی بۆ ئەژمار دەکرێت:

*** لە حاڵەتی نەگەیشتنی خزمەت بە 15 ساڵ و تەمەنی 45 ساڵی تەواو نەکردبێت یان خزمەتی 15 ساڵی هەیە بەڵام تەمەنی 45 ساڵی تەواو نەکردووە بە ڕێژەی 25 %ی کۆی مووچەو دەرماڵەکانی تێپەڕ نەکات خانەنشین دەکرێن، تا دەگاتە ئەم تەمەنە ئەوا ئینجا مووچەکەیان نابێت لە 50 % تێپەڕبکات[1].**

**مووچەی خانەنشینی = (ڕێژەی خانەنشینبوون) x ( کۆی مووچەو دەرماڵەکانی کە لە وەزیفە وەریدەگرت )**

**ڕێژەی خانەنشینبوون = (15 % ) + (1ر5 % x ساڵانی خزمەت) + (ڕێژەی دەرماڵەی بڕوانامە)**

**= (15 % ) + (1ر5 % × 4 ساڵ) + (2 %)**

**= (15 % ) + (6 %) + (2 %)**

**= 23 % ڕێژەی خانەنشین بوون**

**کەواتە:**

**مووچەی خانەنشینی = (ڕێژەی خانەنشین بوون) ×** (کۆی مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵەکان)= **(23 % ) × (7600000) = 1748000 یەک ملیۆن و حەفت سەد و چل و هەشت هەزار دینار وەکو مووچەی خانەنشینی مانگانە وەردەگرێت.**

**(1) بڕوانە ماددەی 7 بڕگەی شەشەم لە یاسای چاکسازی لە مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (2ی ساڵی 2020 ).**

**نموونە 4:**

هەمان نموونەی ژمارە 3ی سەرەوە ئەگەر خزمەتی 10 ساڵی هەبێت

**مووچەی خانەنشینی = (رێژەی خانەنشینبوون) X ( کۆی مووچەو دەرماڵەکانی کە لە وەزیفە وەریدەگرت )**

**رێژەی خانەنشـینبوون = (15 % ) + (5ر1 % x ساڵانی خزمەت) + (رێژەی دەرماڵەی بڕوانامە)**

= **(15 %** ) + **(5ر1 %** × 10 ساڵ) + **(2 %**)

= **(15 %** ) + **(15 %)** + **(2 %**)

= **32 % رێژەی خانەنشین بوون**

**بەڵام نابێت لە رێژەی 25 % ی کۆی مووچەو دەرماڵەکانی تێپەڕ بکات[1].**

**کەواتە: مووچەی خانەنشینی = (رێژەی خانەنشین بوون) × (کۆی مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵەکان)**

= **(25 %** ) × (**7600000**)

= **1900000 یەک ملیۆن و نۆ سەد هەزار دینار وەکو مووچەی خانەنشینی مانگانە وەردەگرێت.**

---

**(1) بڕوانە ماددەی 7 برگەی شەشەم لە یاسای چاکسازی لە مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (2ی ساڵی 2020 ).**

**نموونە 5:**

دادوەرێـک یان داواکاری گشـتی، کـۆی مووچەی بنەڕەتـی و دەرماڵەکانی گەیشـتۆتە (6000000) شـەش ملیـۆن دینـار لـە رۆژی خانەنشـینکردنی بەهەر هۆیـەک بێت و هەروەها خزمەتی خانەنشینی گەیشتۆتە (35) ساڵ و تەمەنی 45 ساڵی تەواو کردووە و بەرەوسـەرووە، و هەڵگـری بڕوانامـەی ماسـتەرە، بەم جـۆرەی خـوارەوە مووچەی خانەنشینی بۆ ئەژمار دەکرێت:

**مووچەی خانەنشـینی = (رێژەی خانەنشینبوون) x ( کۆی مووچەو دەرماڵەکانی کە لە وەزیفە وەریدەگرت )**

**رێژەی خانەنشینبوون = (15 % ) + (5ر1 % x ساڵانی خزمەت) + (رێژەی دەرماڵەی بڕوانامە)**

**= (15 % ) + (5ر1 % × 35 ساڵ) + (6 %)**

**= (15 % ) + (5ر52 %) + (6 %)**

**= 5ر73 % رێژەی خانەنشین بوون**

**بەڵام رێژەی سـەدی خانەنشـینی نابێت لە 70% تێپەڕ بکات بۆ دادوەران و داواکاری گشتی[1].**

**کەواتە: مووچەی خانەنشینی = (رێژەی خانەنشین بوون) × (کۆی مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵەکان)**

**= (70 % ) × (6000000) = 4200000 چوار ملیۆن و دوو سەد دینار وەکو مووچەی خانەنشینی مانگانە وەردەگرێت.**

**(1) بڕوانە ماددەی 7 بڕگەی نۆیەم لە یاسای چاکسازی لە مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (2ی ساڵی 2020 ).**

## 3: فەرمانبەری خزمەتی زانکۆیی

**مووچەی خانەنشینی فەرمانبەری خزمەتی زانکۆیی (مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر) خانەنشین دەکرێن بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**هاوکێشەی ئەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی =** [1]

دوامووچەی بنەڕەتی + {دوامووچەی بنەڕەتی **x** دەرماڵەی 100 % ی خزمەتی زانکۆیی خۆتەرخانکردن}

**کە دەکاتە:**

**هاوکێشەی ئەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی ={دوامووچەی بنەڕەتی × 2}**

**لەم حاڵەتانەی خوارەوە:**

أ – ئەگەر ئیحالەی خانەنشینی کرا بە هۆی تەواو کردنی ساڵی یاسایی[2] و خزمەتی زانکۆیی کەمتر نەبێت لە 10 ساڵ.

ب – ئەگەر ئیحالەی خانەنشینی کرا بە هۆیەکانی تەندروستی، بە هۆی پەککەوتنی لە بەجێ هێنانی ئەرکەکانی بە راپۆرتێک لە لایەن لیژنەی تەندروستی فەرمی پسپۆر بە بێ گوێدانە ماوەی خزمەتەکەی و تەمەنەکەی..

ج – ئەگەر ئیحالەی خانەشینی کرا لە سەر داوای خۆی و خزمەتی زانکۆییەکەی لە 20 ساڵ کەمتر نەبێت.

د – ئەگەر کۆچی دوایی کرد لە کاتی خزمەتدا.

**تێبینی گرنگ: فەرمانبەرانی سەر میلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و ئەوانەی ئەم مەرج و ناونیشانانەی سەرەوە نایانگرێتەوە ئەوا بە هەمان میکانیزم و بڕگەو ماددەکانی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە 27ی ساڵی 2006ی هەموارکراو خانەنشین دەکرێن.**

(1) بڕوانە مادده حەفتەم بڕگە چوارەم لە یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە (23ی ساڵی 2008).
(2) بڕوانە مادده یازدەیەم بڕگە یەکەم لە یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە (23ی ساڵی 2008).

**نموونە 1:**

مامۆستایەکی زانکۆ هەڵگری نازناوی زانستی (پرۆفیسۆر)ە و بەیەکێک لەم مەرجانەی سەرەوە خانەنشین بوو، مووچەی بنەڕەتی گەیشتۆتە (**1200000**) یەک ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار لە رۆژی خانەنشینکردنی، بەم جۆرەی خوارەوە مووچەی خانەنشینی بۆ ئەژمار دەکرێت:

**مووچەی خانەنشینی ={دوامووچەی بنەڕەتی × 2} = 1200000 × 2**

**= 2400000 دوو ملیۆن و چوار سەد دینار وەکو مووچەی خانەنشینی مانگانە وەردەگرێت.**

**واتا: دوو هێندەی مووچەی بنەڕەتی وەردەگرێت.**

## دووەم: پاداشتی خانەنشینی[1]

مەبەست لە پاداشتی خانەنشینی، ئەو بڕە پارەیەیە کە تەنیا یەک جار لە ژیانیدا دەدرێت بەو فەرمانبەرانەی لەکاتی خانەنشینکردنیان، کە خزمەتی خانەنشینییان لە 15 ساڵ کەمترە و مووچەی خانەنشینی نایانگرێتەوە بەپێی هاوکێشەیەک کە لە خوارەوە دیاری کراوە.

ئەم پاداشتە مافێکی سروشتی فەرمانبەرانە و لەو ماوەیەی کە خزمەتیان کردووە لێبڕینی خانەنشینییان بە ڕێژەی 7 % لێبڕدراوە.[2]

جگە لەو فەرمانبەرانەی کە تەمەنیان دەگاتە تەمەنی یاسایی خانەنشینبوون و خزمەتی خانەنشینیان کەمتر لە 15 پازدە ساڵ تا 12 دوازدە ساڵ خزمەتیان کەمتر نییە بۆیان دەگەیەندرێتە 15 ساڵ بۆ ئەوەی مووچەی خانەنشینی بیانگرێتەوە کە بەپێی فەرمانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (1922 لە 2022/2/2) بۆیان دەگەیەندرێتە 15 ساڵ بۆ ئەوەی شایستەی مووچەی خانەنشین بن [3].

**هاوکێشەی ئەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی = { 14 % x دوامووچەی بنەڕەتی x ژمارەی مانگەکانی خزمەت}**

(1) بڕوانە ماددەی 8 لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006 هەموارکراو).
(2) بڕوانە ماددەی 3 بڕگە یەکەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006 هەموارکراو).
(3) بڕوانە بڕگە دووەم/3 لە فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ سەرۆک وەزیران بەنووسراویان ژمارە (1922 لە 2022/2/2).

**نموونە1:**

فەرمانبەرێک لە رێکەوتی 2012/7/4 دامەزراوەو لە هەمان رۆژ دەستی بەکارکردووە و لە رێکەوتی 2022/12/8 خانەنشینکرا یان پەیوەندی وەزیفی پچڕا بەهەر هۆیەک بێت (فصل و عزل و دەستلەکارکێشـانەوە بەبـێ رەزامەندی فەرمانگەکەی یان هەر هۆیەکی دیکە) جگە (لەهۆکاری نەخۆشی و مردن) و گریمان مووچەی بنەڕەتی 430000 چوار سەدو سی هەزار دینار بوو، ئایا پاداشتی خانەنشینەکەی چەند وەردەگرێت بۆ یەک جار بۆ ئەوانەی کە خزمەتییان لە 15 ساڵ کەمترە بەبێ رەچاوکردنی تەمەنیان.

**وەڵام:**

**ئەژمارکردنی خزمەتی خانەنشینییەکەی بە مانگ:**

کرداری سادەی کەمکردنەوەی ئاسایی (کەم - ) لە بیرکاری جێبەجێدەکەین

| رۆژ | مانگ | ساڵ | |
|---|---|---|---|
| 8 | 12 | 2022 | |
| 4 | 6 | 2012 | - |
| 4 | 6 | 10 | |

**خزمەتی خانەنشینییەکەی دەکاتە**= دە ساڵ و شەش مانگ و چوار رۆژ

چوار رۆژەکە پشتگوێ دەخرێت و دە ساڵ و شەش مانگ ئەژمار دەکرێت

**ساڵ دەکەینە مانگ: 10 ساڵ= 120 مانگ**

**کۆی مانگەکانی خزمەت = 120 مانگ + 6 مانگ = 126 مانگ**

**بڕی پاداشـتی خانەنشـینی** = { **14** % **x دوامووچەی بنەڕەتی x ژمارەی مانگەکانی خزمەت}**

= 14 % × 430000 دینـار × 126 مانـگ= 7ر585ر200 حەفت ملیۆن و پێنج سەدو هەشتاو پێنج هەزار و دوو سەد دینار وەردەگرێت بۆ یەک جار.

## مووچەی بنەڕەتی لە بری مۆڵەتی ئاسایی کەڵەکەبوو بۆ ماوەی 180 ڕۆژ

بریتییە لەو بڕە پارەیەی کە دەدرێت بە فەرمانبەری خانەنشینکراو لەکاتی خانەنشینبوونیان لە بری مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانی کە تێپەڕ نەبێت لە 180 ڕۆژ بەپێی باڵانسی مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانی ، بەڵام ئەگەر باڵانسەکە لە 180 ڕۆژ کەمتر بوو ئەوا بارتەقای باڵانسی مۆڵەتی کەڵەکەبووەکە. ئەم بڕەپارەیە **خەرج دەکرێت لەسەر بودجەی (فەرمانگەی فەرمانبەرەکە)** نەک لە فەرمانگەی خانەنشینی.

**بۆ نموونە:** فەرمانبەرێک 324 ڕۆژ مۆڵەتی کەڵەکەبووی هەیە تەنیا 180 ڕۆژ مووچەی بنەڕەتی بۆ خەرج دەکرێت، ئەگەر فەرمانبەرێک 85 ڕۆژی مۆڵەتی کەڵەکەبووی هەبوو ئەوا بارتەقای ئەم 85 ڕۆژە مووچەی بنەڕەتی پێدەدرێت.

### یەکەم: فەرمانبەرانی (پلەی باڵا) [(1)]

پێش دەرچوونی یاسای چاکسازی لە مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (2ی ساڵی 2020)، بۆ پاداشتی 6 مانگ بە بەڕێوەبەری گشتی و پلە تایبەتەکان و ئەوانەی لەو پلەیەدان و پلەی شارەزا بەپێی یاسای خانەنشینی وەزیفە باڵاکان ژمارە 36ی ساڵی 2004 بارتەقای 6 مانگی دوایین مووچەو دەرماڵەکانیان پێدەدرا کە لە وەزیفە وەریان دەگرت بەبێ ڕەچاوکردنی مۆڵەتی کەڵەکەبوویان، بەڵام بۆ پلە گشتییەکان تەنیا لەسەر مووچەی بنەڕەتی بەمەرجی هەبوونی مۆڵەتی کەڵەکەبوو بۆیان خەرج دەکرا.

لەدوای بەرکاربوونی یاسای چاکسازی سەرەوە لە 2020/7/1، یاسای ژمارە 36ی ساڵی 2004 هەڵوەشاوەو لەدوای ڕێکەوتی 2020/7/1ەوە ئەوانەی خانەنشین دەبن بە گشت پلە باڵاکان و پلە گشتییەکانی فەرمانبەران بارتەقای 180 ڕۆژ تەنیا مووچەی بنەڕەتییان پێدەدرێت بەمەرجێک باڵانسی مۆڵەتی کەڵەکەبوویان لە 180 ڕۆژ کەمتر نەبێت.

---

**(1) پلەتایبەتەکان و بەڕێوەبەری گشتی ئەوانەی لەو پلەیەدان لەدوای هەڵوەشاندنەوەی یاسای خانەنشینی پلەباڵاکان ژمارە (36ی ساڵی 2004) تەنیا 180 ڕۆژ مووچەی بنەڕەتی وەردەگرن نەک کۆی مووچەودەرماڵە، هەروەها بڕوانە گشتاندنی وەزارەتی دارایی و ئابووری-هەرێم ژمارە (1ی ساڵی 2021) و ماددەی چل و نۆیەم بڕگە 1 لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (24ی ساڵی 1960)ی هەموارکراو..**

## دووەم: فەرمانبەرانی (پلەی گشتی) [1]

فەرمانبەری خانەنشینکراو یان فەرمانبەری (خزمەت کۆتا هاتوو) بە هەرهۆیەک بێت بەمەرجێک بە هامەهەنگی لەگەڵ میلاکات بێت، جگە لە حاڵەتەکانی دەرکردن (الفصل) یان دوورخستنەوە (العزل)، کۆکراوەی مووچەی بنەڕەتی پێ دەدرێت بەرامبەر بە مۆڵەتە ئاساییەکانی بۆ ماوەی (180) رۆژ لە رۆژی دەست لە کار هەڵگرتنی و دواتر پێی دەدرێت سەرباری مافەکانی خانەنشینی کە شایستەی دەبێت بە پێی یاسای خانەنشینی بەمەرجێک باڵانسی مۆڵەتی کەڵەکەبوویان لە 180 رۆژ کەمتر نەبێت، بەڵام ئەگەر لە باڵانسەکە لە 180 رۆژ کەمتر بوو ئەوا بارتەقای باڵانسی مۆڵەتی کەڵەکەبووەکە بۆیان خەرج دەکرێت.

## سێیەم: مامۆستا و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی وەزارەتی پەروەردە[2]

**خەرج کردنی بڕی پارە لە بری مۆڵەتی کەڵەکەبوو بۆ مامۆستاو سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بەم شێوەیەی دەبێت [3]:**

**1: مامۆستا:**

أ - خەرجکردنی دوو دوا مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان (بڕوانامە، خێزان، منداڵ) لە بری دوو مانگی پشووی ساڵانە.

ب - خەرج کردنی تەنیا مووچەی بنەڕەتی بۆ ماوەی 180 رۆژ لە بری مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانی بەمەرجێک باڵانسی مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانی لە 180 رۆژ کەمتر نەبێت.

واتا بارتەقای هەشت مووچە وەردەگرێت (دوو مووچە بە کۆی مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان، شەش مووچەش تەنیا بە مووچەی بنەڕەتی).

(1) بڕوانە ماددەی چل و پێنجەم برگە 1 لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (24ی ساڵی 1960)ی هەموارکراو.
(2) برگە 2ی ئەم ماددەیە وەکو هاتووە لە سەرەوە راست کرایەوە بە پێی یاسای ژمارە (16ی ساڵی 2007)ی پەرلەمانی کوردستان یاسای هەمواری خزمەتی شارستانی ژمارە (24ی ساڵی 1960)ی هەموار کراو، هەروەها تێڕامان لە یاسای هەمواری ژمارە (6ی ساڵی 1968)ی یاسای خزمەتی شارستانی و بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (464 لە 1981/4/14).
(3) نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری-هەرێم ژمارە (19811 لە رێکەوتی 2009/12/3) کە بە نووسراوی وەزارەتی پەروەردە/ب.گ.دیوان ژمارە (18798 لە رێکەوتی 2009/12/7) گشتێندراوە بۆ گشت بەڕێوەبەرایەتییەکانی گشتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان.

**2: سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی:**

خەرج کردنی بڕی پارەی 180 رۆژ لە بری مۆڵەتی کەڵەکەبوو لەسەر بنەمای دوا مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان.

**چوارەم: 6 مانگ مووچەی بنەڕەتی بۆ خانەنشینی بەهۆی کۆچی دوایی کردن یان نەخۆشی[1]**

پێدانی مافەکانی خانەنشینی بە فەرمانبەر یان ئەو کەسەی مافی دەکەوێت پاش مردنی بە پێی یاسای خانەنشینی، مووچەی 6 مانگی تێکڕای مووچەی بنەڕەتی کۆتایی، ئەگەر خانەنشین کرا بە تەواو کردنی 15 ساڵ خزمەت بە هۆی نەخۆشی یان ناتوانایی تەندروستی کە لە کاتی خزمەتدا دووچاری بووبێت یان بە هۆیەوە یان ئەگەر کۆچی دوایی کرد بە هۆیەوە بە بێ گوێدانە ماوەی خزمەتەکەی.

**پێنجەم: فەرمانبەری خزمەتی زانکۆیی[2]**

1 - شایستەی مووچەکانی بنەڕەتی دەبێت لە ماوەی مۆڵەتی پشووی ساڵانە (60) رۆژە + مۆڵەتەکانی ئاسایی کەڵەکە بوو، بە مەرجێک لە 180 رۆژ تێپەڕ نەکات.

**بۆ نموونە:** مامۆستایەک خانەنشین دەبێت و مۆڵەتی کەڵەکەبووی 234 رۆژی هەیە، لەم حاڵەتەدا: 60 رۆژی لە بری مۆڵەتی پشووی ساڵانە + 120 رۆژیش لە مۆڵەتی کەڵەکەبوو و 114 رۆژ مۆڵەتی کەڵەکەبووی دەمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر 100 رۆژی مۆڵەتی کەڵەکەبووی هەبوو ئەوا لەم حاڵەتە: 60 رۆژ لەبری مۆڵەتی پشووی ساڵانە + 100 رۆژی مۆڵەتی کەڵەکەبوو، واتا تەنیا بارتەقای 160 رۆژی مووچەی بنەڕەتی پێدەدرێت.

2 - شایستەی پاداشتێک دەبێت بارتەقای 6 مانگی ( مووچەی بنەڕەتی + دەرماڵەی

---

**(1) بڕوانە ماددەی شەست و پێنج لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (24ی ساڵی 1960)ی هەموارکراو.**
**(2) بڕوانە ماددەی دەیەم بڕگە چوارەم/أ لە یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە (23ی ساڵی 2008) و هەروەها بڕوانە یاسای ژمارە (16ی ساڵی 2007)ی پەرلەمانی کوردستان یاسای هەمواری خزمەتی شارستانی ژمارە (24ی ساڵی 1960)ی هەموار کراو، هەروەها تێڕامان لە یاسای هەمواری ژمارە (6ی ساڵی 1968)ی یاسای خزمەتی شارستانی و بڕیاری ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (464 لە 1981/4/14) و نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە 603 لە 2011/10/30 کە وەڵامی نووسراوی زانکۆی کۆیە 1286 لە 2011/9/21ی داوەتەوە.**

بڕوانامــە + دەرماڵەی خۆتەرخانکردن) ئەم پاداشــتە پەیوەندی بــە مۆڵەتی کەڵەکەبوو نییە و هەر بە خانەنشینکراو دەدرێت.

**شەشەم: فەرمانبەری دەستلەکارکێشاوە[1]**

لــە ماددەی چــل و پێنجەم بڕگە 1 لە یاســای خزمەتی شارســتانی ژمارە (24ی ســاڵی 1960ی هەموارکراو نەهاتووە کە فەرمانبەری دەستلەکار کێشاوە مووچەی لە بری 180 ڕۆژی پێنادرێــت چونکە تێیدا هاتووە کە فەرمانبــەری کۆتابەراژەهاتوو بە هەماهەنگی میــلاک، ئەگــەر دەســت لەکارکێشــانەوەکەی بەرەزامەنــدی فەرمانگەکــەی بێــت ئەوا دەیگرێتەوە بەڵام ئەگەر دەســت لەکارکێشانەوەی پێشکەش کرد و لە ماوەی دیاری کراو کە (30) ڕۆژە فەرمانگەکەی ڕەزامەندی نەدا ئەوا پاش ئەو ماوەیە بە دەستلەکارکێشاوە (مستقیل) ئەژمار دەکرێت و لەم حاڵەتەدا نایگرێتەوە.

بــەڵام لــە حکومەتی فیدڕاڵ بەپێی یاســای ژمارە ژمارە (55) ی ســاڵی 2008 یاســای هەمــواری یاســای خزمەتی شارســتانی ژمارە 24ی ســاڵی 1960 کە لــە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بڕگەیەک زیاد کراوە کە فەرمانبەری دەستلەکارکێشاوەی بەرەزامەندی فەرمانگەکەش دەگرێتەوە[2].

---

**(1) لە ماددە 1 لە یاسای هەمواری یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (55) ی ساڵی 2008 هاتووە (یكون نص المادة التاسعة والأربعين من قانون الخدمة المدنية رقم ( 24 ) لسنة 1960 الفقرة (1) لها ويضاف إليها ما يلي ويكون الفقرة ( 2 ) منها : يمنح الموظف المستقل بموافقة دائرته رواتب الإجازات المتراكمة والتي لا تتجاوز كحد أعلى 180 يوما ولا تحتسب خدمة لإغراض التقاعد ما زاد عن ذلك)، بەڵام لە هەرێمی کوردستان یاسای بەرکاری دەرنەچووە .**

**(2) بە پێی یاسای هەمواری یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (26 و 55) ی ساڵی 2007 کە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەرچووە و کاری پێ دەکرێت بەڵام لە هەرێمی کوردستان یاسای بەرکاری دەرنەچووە کە پێویستە لە هەرێمیش جێبەجێ بکرێت.**

### تەنیا مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانی فەرمانبەری خزمەتی زانکۆیی بە خزمەتی خانەنشینی ئەژمار دەکرێت[1]

فەرمانبەری خزمەتی زانکۆیی لەکاتی خانەنشین بوونی دەتوانێت بە داواکارییەک داوای ئەژمارکردنی مۆڵەتە کەڵەکەبووەکانی بۆ خزمەتی خانەنشینی بکات، کە دەمێنێتەوە پاش لێدەرکردنی 120 رۆژ (60 رۆژ مۆڵەتی پشووی ساڵانە + 120 رۆژ مۆڵەتی کەڵەکەبوو=180 رۆژ) کە لە فەرمانگەکەی خۆی وەریگرتووە.

**بۆ نموونە:** فەرمانبەری خزمەتی زانکۆیی لەکاتی خانەنشینبوونی مۆڵەتی کەڵەکەبووی هەیە بە رادەی 300 رۆژی هەیە، 180 رۆژ مووچەی بنەڕەتی پێدەدرێت و 120 رۆژ مۆڵەتی کەڵەکەبووی دەمێنێتەوە و دەتوانێت بە داواکارییەک بۆ فەرمانگەی خانەنشینی بە ئەژمارکردنی وەکو خزمەتی خانەنشینی بەڵام بۆ فەرمانبەرانی باڵاو گشتی ئەو مۆڵەتە کەڵەکەبووانەی دوای پێدانی 180 رۆژ مووچەی بنەڕەتی ئەوەی دەمێنێتەوە دەفەوتێت.

### پاداشتی خانەنشینی ئەوانەی خزمەتیان لە 15 ساڵ کەمترە

ئەوانەی کە خزمەتی خانەنشینییان لە 15 ساڵ کەمترە بەبێ گوێدانە تەمەنییان (جگە لەو فەرمانبەرانەی کە تەمەنی یاساییان دەگاتە 63 ساڵ ئەگەر خزمەتەکەی کەمتر بوو ئەوا تا رادەی 3 ساڵ دەخرێتە سەر خزمەتەکەی بەمەرجێک لێبڕینی خانەنشین بدات بۆ ماوە گەیەندارەوکە بە 15 ساڵ)، ئەوا دەتوانن داوای پاداشتی خانەنشینی بکەن لە بەرامبەر هەر خزمەتێک کە کردوویەتی و پێویستە فەرمانگەکەی فەرمانی خانەنشینی دەربکات بەڵام لە فەرمانەکە بەم جۆرە بێت:

١- خانەنشین کردنی بەڕێز ( فلان) لە رۆژی دەست لەکارهەڵگرتنی یان پچڕانی لە وەزیفە لە رێکەوتی (   )

٢- دابینکردنی پاداشتی خانەنشینی بەرامبەر بە خزمەتەکانی.

لەم حاڵەتەدا پێویستە وەکو ئەوانەی خانەنشین دەکرێن و مووچەی خانەنشینیان بۆ دابین دەکرێت مامەڵەی خانەنشینییان بۆ رێکبخەن و بینێرن بۆ فەرمانگەی خانەنشینی تایبەتمەند.

**(1) بڕوانە ماددەی دەیەم بڕگە چوارەم/ب لە یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە (23ی ساڵی 2008).**

## خانەنشینی ئەوانەی مۆڵەتی بێ مووچە وەردەگرن

ئەوانەی کە بەپێی ڕێنماییە داراییەکانی مۆڵەتی بێ مووچە بەپێی ڕێنماییەکانی دارایی (ژمارە 4ی 2015 و 14ی 2015 و ژمارە 17ی 2017 و 17ی 2016 و 3ی ساڵی 2020 ) بە خزمەتی خانەنشینی ئەژمار دەکرێن لە کاتی خانەنشین بوونیان بە مەرجێک لێبڕینی خانەنشینی سالانی مۆڵەتی بێ مووچە بدەن (**چونکە لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو هاتووە کە 15 ساڵ خزمەتی خانەنشینی هەبێت، نەهاتووە کە 15 ساڵ خزمەتی کردەیی-فعلی هەبێت**)[1] .

**بەتێگەیشتنی ئێمە، پێویستە پێش ئەوەی فەرمانگەکەی فەرمانی خانەنشینی بۆ دەربچوێنێت ئەوا نووسراوی بۆ بکات بۆ فەرمانگەی خانەنشینی بۆ دانی لێبڕینی خانەنشینی بەرامبەر بە ماوەکانی مۆڵەتی بێ مووچە بەپێی ڕێنماییەکانی سەرەوە.**

**بۆ نموونە:**

فەرمانبەرێک تەمەنی 45 ساڵ تەواو کردووە و [2] بەسەرەوەیە و خزمەتی 10 ساڵ خزمەتی خانەنشینی هەیە و 6 ساڵ مۆڵەتی بێ مووچەی وەرگرتووە و خزمەتەکەی دەبێت 16 ساڵ دوای بژاردنی لێبڕینی خانەنشینی بۆ ماوەی مۆڵەتە بێمووچەکانی و مەرجی 15 ساڵ خزمەت تێپەڕ دەکات و شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبێت.

---

**(1) بڕوانە مادده (6) بڕگە یەکەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27ی ساڵی 2006) هەموارکراو.**
**(2) بەپێی یاسای چاکسازی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (2ی ساڵی 2020 ) گۆڕدرا بۆ تەواو کردنی تەمەنی 45 ساڵ واتا فەرمانبەر ئەگەر 15 ساڵ خزمەتی هەرێت و تەمەنی 45 ساڵی تەواو کردبێت ئینجا مووچەی خانەنشینی دەیگرێتەوە.**

## کەمترین رادەی مووچەی خانەنشینی پلە گشتییەکان[1]

**لە کاتی دابین کردنی مووچەی خانەنشینی فەرمانبەر یان جێنشینە شایسەدارەکانی نابێت کەمتر بێت لەم بڕانەی خوارەوە، ئەگەر هاتوو مووچەی خانەنشینییان کەمتر دەرچوو لەم بڕانەی کە لە خوارەوە دیاریکراون لەکاتی ئەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی بەپێی میکانیزمەکانی یاسای خانەنشینی بەرکار:**

1 -نابێت مووچەی فەرمانبەری خانەنشینکراو (زیندوو) لە 220000 دوو سەدو بیست هەزار دینار مانگانە کەمتر بێت.

2 - نابێت مووچەی خانەنشینی خێزانی لە 200000 دوو سەد هەزار دینار مانگانە کەمتر بێت ئەگەر هاتوو فەرمانبەری کۆچکردوو (1)یەک جێنشینی شایستەداری هەبوو.

3 - نابێت مووچەی خانەنشینی خێزانی لە 210000 دوو سەد و دە هەزار دینار مانگانە کەمتر بێت ئەگەر هاتوو فەرمانبەری کۆچکردوو (2) دوو جێنشینی شایستەداری هەبوو و لە نێوانیان بەیەکسانی دابەش دەکرێت.

4 - نابێت مووچەی خانەنشینی خێزانی لە 220000 دوو سەد و بیست هەزار دینار مانگانە کەمتر بێت ئەگەر هاتوو فەرمانبەری کۆچکردوو (3) سێ جێنشینی شایستەدار یان زیاتری هەبوو و لە نێونیان بەیەکسانی دابەش دەکرێت.

## ماف و مووچەی خانەنشینی نادرێت بە فەرمانبەر تا تەمەنی 45 ساڵ تەواو نەکات[2]

ئەو فەرمانبەرانەی کە کۆتایی بە خزمەتیان دەهێندرێت (دەرکردن -فصل، لێخستن-عزل، کۆتایی هێنان بەراژە و خانەنشین) و دەستلەکارکێشانەوە بە رەزامەندی فەرمانگەکەی، ئەوا شایستەی مافەکانی خانەنشینی و مووچەی خانەنشینی دەبێت لەکاتی تەواوکردنی تەمەنی 45 ساڵ.

**بۆ نموونە:** فەرمانبەرێک (15) ساڵ و بەسەرەوە خزمەتی خانەنشینی هەیە و تەمەنی 40 ساڵە بەهەر هۆیەک بێت کۆتایی بەراژەی هاتووە کە لەسەرەوە باس کراوە ئەوا شایستەی ماف و مووچەی خانەنشینی نابێت تا تەمەنی 45 ساڵی تەواو دەکات، ئینجا بۆی خەرج دەکرێت.

**(1) ماددەی (2) لە یاسای زیادکردنی مووچەی خانەنشینان ژمارە 25 ی ساڵی 2009 .**
**(2) بڕوانە ماددەی 1 برگە پێنجەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006 هەموارکراو).**

## مافەکانی خانەنشینی فەرمانبەری کۆچکردوو یان خانەنشینکراوی کۆچکردوو [1]

لەکاتی کۆچی دوایی کردنی فەرمانبەر لەکاتی خزمەتدا، بەبێ رەچاوکردنی خزمەتەکەی و تەمەنەکەی یان کۆچی دوایی کردنی خانەنشینکراو، ئەوا شایستەدارەکان لە جێنشینەکانی بۆیان هەیە داوای دابەش کردنی مووچەی خانەنشینییەکەی بکەن، بەپێی شایستەبوونی هەر شایستەدارێک کە هاتووە لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی بەرکار لە هەرێمی کوردستان[2].

## ئەو جێنشینانەی (خلف) کە مووچەی خانەنشینی دەیانگرێتەوە

**ئەو جێنشینانەی کە لەدوای کۆچی دوایی کردنی فەرمانبەر لەکاتی خزمەت، یان خانەنشینکراو مووچەی خانەنشینی دەیانگرێتەوەو، بەسەریان دابەش دەکرێن بریتین لەم کەسە نزیکانەی کۆچکردوو:**

هاوسەر (پیاو) و هاوسەرەکان (ژن)، کوڕ، کچ، دایک، باوک، ئەگەر هاتوو کۆچکردوو سەڵت بوو تەنیا برا یان خوشکی هەبوو و دایک وباوکی پێشی فەرمانبەر یان خانەنشینکراو کۆچی دواییان کردبوو[3].

(1) بڕوانە ماددەی 12 برگە دووەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006 هەموارکراو).
(2) بڕوانە ماددەی 1 برگە پێنجەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006 هەموارکراو).
(3) بڕوانە ماددەی 13 برگە یەکەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006 هەموارکراو).

## مەرجەکانی دابینکردنی مووچەی خانەنشینی بۆ جێنشینەکان (خلف)[1]

١- ئەگەر هیچ مووچەیەکی (فەرمانبەری یان خانەنشینی) نەبوو و هیچ پیشەو کارێکی نەبوو لە کەرتی تایبەت.

٢- کوڕی یان کچی یان برای یان خوشکی (پێنەگەیشتوو-قاصر-واتا لە 18 ساڵ خوارتری کۆچکردوو تا تەمەنی 22 ساڵی ئەگەر بەردەوام بێت لە خوێندنی ئامادەیی، یان تا تەمەنی 26 ساڵی ئەگەر هاتوو بەردەوام بوو لە خوێندنی زانکۆیی یان پەیمانگا.

٣- هاوسەر (ژن)ی کۆچکردووی پیاو واتا (بێوەژن) ئەگەر شووی نەکردبۆوە و، (کچ و خوشکی کۆچکردوو ئەگەر شوویان نەکردبوو یان لە ژێر سەرپەرشتی مێردیان نەبوون).

٤- هاوسەر (پیاو)ی کۆچکردووی ژن و، (باوکی کۆچکردوو) ئەگەر پەککەوتەی تەواوبوون کە توانای کارکردنیان نەبێت، بەشێویەکی بەردەوام و (63) ساڵی تەمەنیان تەواوکردبوو، بەپێی راپۆرتی پزیشکی لە رێکەوتی کۆچی دوایی کردنی بەخێوکەرەکانیان لەکاتی داواکردنی داوای مووچەی خانەنشینییەکەی دەکەن.

٥- دایکی کۆچکردوو، ئەگەر هیچ داهاتێکی تایبەتی نەبوو.

٦- کچ و خوشکی کۆچکردوو، ئەگەر هیچ بەخێوکەرێکی شەرعیان نەبوو.

## بەردەوامبوونی خەرجکردنی مووچەی خانەنشینی بۆ کوڕ و کچی کۆچکردوو لەکاتی لەدەستدانی مەرجەکانی شایستەبوون[2]

بەردەوامبوونی خەرج کردنی مووچەی خانەنشینی بۆ کوڕوکچی کۆچکردوو، لەکاتی هاتنی وادەی بڕینی مووچەی خانەنشینی.

**بۆ نموونە:** گەیشتیان بەتەمەنی 18 ساڵی ئەگەر هاتوو لە خوێندن بەردەوام نەبوون یان داهاتێکی تایبەتی یان مووچەی دیکەی وەرگرت یان کچەکە شووی کرد):

**یەکەم-** کوڕی کۆچکردوو، ئەگەر هیچ بەخێوکەرێکی یاسایی نەبوو یان بەهۆی

(1) بڕوانە ماددەی 13 بڕگەی یەکەم و دووەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006 هەموارکراو).
(2) بڕوانە ماددەی 13 بڕگەی سێیەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006 هەموارکراو).

پەککەوتەیـی هیـچ کارێکی نەکـرد بەپێی راپۆرتی پزیشـکی و مووچەی خانەنشـینی خێزانـی بـەردەوام دەبێت وهەر پێنج سـاڵ جارێک دووبارە پشـکنینی بـۆ دەکرێتەوە بەمەبەستی بەردەوامی دان بە مووچەی خانەنشینی خێزانی.

أ- مووچەی خانەنشینی دەبڕدرێت، ئەگەر هاتوو بووە خاوەن داهاتێکی تایبەت.

ب-ئـەو پەککەوتنـەی کە لە دوای پەنجا سـاڵ تووشـی دەبێـت ئەوا ئەژمـار ناکرێت بۆ مەبەستی شایستەبوون بە مووچەی خانەنشینی، بەڵام ئەم بڕگەیە نادادپەروەری تێدایە چونکە ئەگەر هیچ داهاتێکی نەبوو بە چ رێگایەک بژێوی ژیانی دابین بکات.

**دووەم-** کچـی کۆچکردوو، ئەگەر شـووی نەکردبوو و هیچ داهاتێکـی تایبەتی نەبوو یان هیچ بەخێوکەرێکی شەرعی نەبوو بەمەرجێک دووبارە هەڵسەنگاندن بۆ باری کۆمەڵایەتی و ماددی بکرێتەوە لەکاتی گەیشـتنی تەمەنی بە (سـی و پێنج ساڵ) و هەروەها گەیشتنی بە (چل و پێنج ساڵ).

## بڕینی مووچەی خانەنشینی خێزانی لە جێنشینەکان[1]

**لەم حاڵەتانەی خوارەوە مووچەی خانەنشینی خێزانی دەبڕدرێت:**

١- ئەگەر خێزانی واتا هاوسەری (ژن) کۆچکردوو یان کچی کۆچکردوو یان خوشکی کۆچکردوو دامەزران لە وەزیفەیەک یان ببنە خاوەن داهاتێکی تایبەت یان لەکاتی شووکردنیان.

2 - بڕینی مووچەی خانەنشـینی خێزان لە شایستەدار (جێنیشینەکانی خانەنشینکراوی کۆچکـردوو) لەکاتی دامەزراندن لە وەزیفەیەک ئەگەر لە داهاتوو بەهۆیەوە شایسـتەی مووچەی خانەنشینی ببێت یان نەبێت.

**(1) بڕوانە ماددەی 13 برگەی چوارەم و ماددە 14 لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006 هەموارکراو).**

## تەنیا یەک پشکی خانەنشینی[1]

نابێت هەر شایستەدارێک لە جێنشینەکانی زیاتر لە پشکێکی خانەنشینی وەربگرێت و ئەگەر شایستەی زیاتر بوو ئەوا بۆ یەک جار مافی ئەوەی هەیە کە زۆرترەکە هەڵبژێردرێت جگە لە پێنەگەیشتوو (قاصر کە تەمەنی لە 18 ساڵ کەمتر بوو)ی کە شایستەی پشکی خانەنشینی دەبێت لە دایک و باوکی کۆچکردووی.

واتا ئەگەر کەسێکی شایستەداری مووچەی خانەنشینی خێزانی، باوک و دایکی کۆچی دوایی بکەن و هەردووکیان فەرمانبەر بوون یان خانەنشینکراو بن ئەوا شایستەدار تەنیا بۆی هەیە یەک پشک هەڵبژێرێت جا چ لە دایکی یان لە باوکی، کامەیان زیاتر بوون.

هەروەها ئەگەر هاتوو یەکێک لە تاکەکانی جێنشینە شایستەدارەکانی خانەنشینی کۆچکردوو، مووچەیەکی خانەنشینی هەبوو و ئەوا مافی ئەوەی هەیە کە پارێزگاری بکات لە یان مووچە خانەنشینییەکەی خۆی یان ئەو پشکە مووچەی خانەنشینییەی خێزان کە شایستەی دەبێت.[2]

## گەڕاندنەوەی مووچەی خانەنشینی خێزانی لەکاتی تەڵاقدان یان بێوەژنی

مووچەی خانەنشینی خێزانی دووبارە دابین دەکرێتەوە و ئەژماردەکرێتەوە بۆ هاوسەری (ژنی) و کچی لەکاتی تەڵاقدانیان یان بیوەژنبوونیان بەهەمان مەرجەکانی هاتوو لە ماددەی 13ی یاسای خانەنشینی بەرکار (**کە بڕدرا بوو بەهۆی دووبارە شووکردنەوەی هاوسەری -ژن-ی کۆچکردوو یان شووکردنی کچی کۆچکردوو**).

(1) بڕوانە ماددەی 15 لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006 هەموارکراو).
(2) بڕوانە ماددەی 16 بڕگەی سێیەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006 هەموارکراو).

## دابەشکردنی مووچەی خانەنشینکراوی کۆچکردوو بەسەر جێنشینە شایستەدارەکان[1]

**لەکاتی کۆچی دوایی کردنی فەرمانبەر یان خانەنشینکراو مووچەی خانەنشینییەکەی دابەش دەکرێت بە سەر جێنشینە شایستەدارەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**یەکەم:** رێژەی 60 %ی مووچەی خانەنشینییەکە تەرخان دەکرێت، ئەگەر هاتوو تەنیا یەک جێنشینی (خلف)ی هەبوو (هاوسەر-ژنی) کۆچکردوو یان کوڕی یان کچی یان خوشکی یان برای یان هەر یەکێکی دیکە کە بە گوێرەی یاسا دەبێتە جێنشینی.

**دووەم:** رێژەی 75 %ی مووچەی خانەنشینییەکە تەرخان دەکرێت، ئەگەر هاتوو تەنیا 2 دوو جێنشینی (خلف)ی شایستەداری هەبوو کە بە پێی یاسا دەبنە جێنشینی و بەیەکسانی بەسەریان دابەش دەکرێت.

**سێیەم:** رێژەی 100 %ی مووچەی خانەنشینییەکە تەرخان دەکرێت، ئەگەر هاتوو لە 2 دوو جێنشینی (خلف)ی شایستەداری زیاتر هەبوو کە بەپیی یاسا دەبنە جێنشینی و بەیەکسانی بەسەریان دابەش دەکرێت.

**چوارەم:**[2] لەکاتی بڕینی مووچەی خانەنشینی خێزانی لە هەر جێنیشینێک بەهەر هۆکارێک بێت ئەوا مووچەی خانەنشینی خێزانی دووبارە دابەش دەکرێتەوە سەر جێنشینە شایستەدارەکان بەمەرجێک کۆی مووچەی خانەنشینی خێزانی:

***(کەمتر نەبێت لە 200000 دوو سەد هەزار دینار مانگانە ئەگەر هاتوو خانەنشینی کۆچکردوو یەک شایستەداری سوودمەندی هەبوو لە جێنشینەکانی، ،کەمتر نەبێت لە 210000 دوو سەدو دە هەزار دینار ئەگەر هاتوو خانەنشینی کۆچکردوو دوو شایستەداری سوودمەندی هەبوو لە جێنشینەکانی و لە نێوانیان بەیەکسانی دابەش دەکرێت، کەمتر نەبێت لە 220000 دوو سەدو بیست هەزار دینار ئەگەر هاتوو خانەنشینی کۆچکردوو سێ یان زیاتر لە سێ شایسەداری سوودمەندی هەبوو لە جێنشینەکانی و لە نێوانیان بەیەکسانی دابەش دەکرێت).***[3]

(1) بڕوانە ماددەی 16 لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006 هەموارکراو).
(2) بڕوانە ماددەی 20 لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006 هەموارکراو).
**(3) بڕوانە ماددەی (2) برگەکانی دووەم، سێیەم، چوارەم لە یاسای زیادکردنی مووچەی خانەنشینان ژمارە 25 ی ساڵی 2009 .**

**نموونە1:**

فەرمانبەر یان خانەنشینکراو لەکاتی کۆچی دوایی کردنی خاوەن مووچەیەکی خانەنشینییە کە بڕەکەی 430000 چوار سەدو سی هەزار دینارە و **یەک** جێنشینی هەبوو.

**مووچەی خانەنشینی خێزان کە تەرخان دەکرێت بۆ جێنشینەکەی کە یەک کەسە بەم شێوەیە دەبێت:**

**مووچەی خانەنشینی خێزان**= 60 % × مووچەی خانەنشینی کۆچکردوو.

= 60 % × 430000 = 258000 دوو سەدو پەنجاو هەشت هەزار دینار مووچەی خانەنشین خێزان.

**نموونە2:**

هەمان نموونەی 1 بەڵام 2 دوو جێنشینی بوو.

**مووچەی خانەنشینی خێزان کە تەرخان دەکرێت بۆ جێنشینەکەی کە دوو جێنشینە بەم شێوەیە دەبێت:**

**مووچە خانەنشینی خێزان**= 75 % × مووچەی خانەنشینی کۆچکردوو.

= 75 % × 430000 = 322500 سێ سەدو بیست و دوو هەزار و پێنج سەد دینار مووچەی خانەنشین خێزان.

**بەڵام لەبەر ئەوەی 2 دوو جێنشینی هەیە دابەشی لەسەر 2 دوو دەکرێت:**

**مووچەی هەر یەکەیان** = 322500 دابەش 2 = 161250 سەدو شەست و یەک هەزارو دووسەد و پەنجا دینار بۆ هەر یەکێکیان.

**نموونە 3:**

هەمان نموونەی 1 بەڵام ئەگەر 3 سێ جێنشینی هەبوو.

**مووچەی خانەنشینی خێزان کە تەرخان دەکرێت بۆ جێنشینەکانی کە یەک کەسە بەم شێوەیە دەبێت:**

**مووچە خانەنشینی خێزان**= مووچەی خانەنشینی کۆچکردوو

= 430000 چوار سەدو سی هەزار دینار مووچەی خانەنشین خێزان.

**بەڵام لەبەر ئەوەی 3 سێ جێنشینی هەیە دابەشی لەسەر 3 سێ دەکرێت:**

**مووچەی هەر یەکەیان** = 430000 دابەش 3= **143000** سەدو چل و سێ هەزار دینار بۆ هەر یەکێکیان.

**نموونە4:**

فەرمانبەر یان خانەنشینکراو لەکاتی کۆچی دوایی کردنی خاوەن مووچەیەکی خانەنشینییە کە بڕەکەی 230000 دوو سەدو سی هەزار دینارە و یەک جێنشینی هەبوو.

**مووچەی خانەنشینی خێزان کە تەرخان دەکرێت بۆ جێنشینەکەی کە یەک کەسە بەم شێوەیە دەبێت:**

**مووچە خانەنشینی خێزان= 60 % × مووچەی خانەنشینی کۆچکردوو**

= **60** % × **230000** = **138000** دوو سەدو پەنجاو هەشت هەزار دینار مووچەی خانەنشین خێزان.

**بەڵام مووچەی خانەنشینییە خێزانییەکەی دەگەندرێتە: 200000 دوو سەد هەزار دینار**[1] **.**

**(1) بڕوانە ماددەی (2) برگەکانی دووەم، سێیەم، چوارەم لە یاسای زیادکردنی مووچەی خانەنشینان ژمارە 25 ی ساڵی 2009 .**

**نموونە5:** هەمان نموونەی 1 بەڵام 2 دوو جێنشینی بوو.

**مووچەی خانەنشــینی خێزان کە تەرخان دەکرێت بۆ جێنشینەکانی کە دوو جێنشینە بەم شێوەیە دەبێت:**

**مووچە خانەنشینی خێزان**= 75 % **×** مووچەی خانەنشینی کۆچکردوو

= 75 % **× 230000** = 172500 ســەدو حەفتــاو و دوو هەزار و پێنج سەد دینار مووچەی خانەنشین خێزان

**بەڵام لەم حاڵەتەدا مووچەی خانەنشــینی خێزانیی دەگەندرێتە: 210000 دوو سەد و دە هەزار دینار**[1] **.**

**و لەبەر ئەوەی 2 دوو جێنشینی هەیە دابەشی لەسەر 2 دوو دەکرێت:**

**مووچەی هەر یەکەیان** = **210000** دابەش 2 = 105000 سەدو پێنج هەزار دینار بۆ هەر یەکێکیان.

**نموونە 6:** هەمان نموونەی 1 بەڵام ئەگەر 3 سێ جێنشینی هەبوو.

**مووچەی خانەنشینی خێزان کە تەرخان دەکرێت بۆ جێنشینەکەی کە یەک کەسە بەم شێوەیە دەبێت:**

**مووچە خانەنشینی خێزان**= مووچەی خانەنشینی کۆچکردوو

= **230000** دوو سەدو سی هەزار دینار مووچەی خانەنشین خێزان

**بەڵام لەبەر ئەوەی 3 سێ جێنشینی هەیە دابەشی لەسەر 3 سێ دەکرێت:**

**مووچەی هەر یەکەیان** = **230000** دابەش 3= نزیکەی **77000** حەفتاو حەفت هەزار دینار بۆ هەر یەکێکیان.

**ئەگەر لە سێ جێنشین زیاتر بوو، بۆ نموونە (6) جێنشینی شایستەداری هەبوو:**

**مووچــەی هەر یەکەیان** = **230000** دابەش 5= نزیکەی **46000** چل و شــەش هەزار هەزار دینار بۆ هەر یەکێکیان.

**(1) بڕوانە ماددەی (2) بڕگەکانی دووەم، سێیەم، چوارەم لە یاسای زیادکردنی مووچەی خانەنشینان ژمارە 25 ی ساڵی 2009 .**

## پێشکەشکردنی تانەو پەڵپەکان لە ڕێکارەکانی خانەنشین بوون[1]

**فەرمانبەر لە کاتی ئەژمارکردنی مافەکانی خانەنشینی مافی ئەوەی هەیە پەڵپ و تانە پێشکەش بکات بە ڕاستکردنەوەی مافەکانی ئەگەر بێدادی بەرامبەر کرابوو، ئەویش بەپێشکەشکردنی تانە یان پەڵپ، لە ڕێگای لیژنەی تایبەت بە وردبینی کردنی لە کاروبارەکانی خانەنشینی کە پێکدەهێندریت بەپێی یاسا (بەسەرۆکایەتی دادوەرێک لە پۆلینی دووەم کە ئەنجوومەنی دادوەری ئینتیدابی دەکات) و دوو ئەندامی یاسایی کە پلەی وەزیفیان لە بەڕێوەبەر کەمتر نەبێت بەپێی ئەم ڕێکارانەی خوارەوە:**

1 - پێشکەشکردنی تانە بۆ بەردەم لیژنەی وردبینی کردنی کاروباری خانەنشینی، لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار (فەرمانبەری خانەنشینکراو + فەرمانگە) لەماوەی 90 ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندن یان زانینی بە بڕیاری وەزیری تایبەتمەند یان لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت بە خانەنشینکردنی، بەپێی بژاردنی رسووماتێک لە تانەلێدەر (المعترض)، و رسوماتە یان بەشێکی دەگەڕێندرێتەوە بۆ تانەلێدەر لە کاتی ڕەوابوونی تانەلێدانەکەی، لەکاتی بڕیاری کۆتایی لیژنە کە ماف دەدات بە تانەلێدەرەکە.

2 - لەکاتی دەرچوونی بڕیاری لیژنە، تانەلێدەر یان فەرمانگەی تانەلێدراو (المعترض علیە) مافی هەیە داوای پێداچوونەوە بەبڕیاری لیژنەکە بکات لەبەردەم دادگای پێداچوونەوە (تمییز) لەماوەی 60 ڕۆژ لە پێڕاگەیاندانی بڕیاری لیژنەکە و بڕیاری دادگای پێداچوونەوەش پلەی بنبڕ و کۆتاییە.

## لەدەستدانی مافی تانەلێدان

ئەگەر فەرمانبەری خانەنشینکراو مووچەی خانەنشینی یان پاداشتی خانەنشینی وەرگرت و هیچ تانەیەکی پێشکەش نەکرد لەسەر ئەژمارکردنیان لە ماوەی 90 ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی مافەکانی خانەنشینی ئەوا مافی تانەلێدانی نامێنێت و بڕیاری فەرمانگەی خانەنشینی، شێوەی بنبڕ و کۆتایی وەردەگرێت.[2]

---

**(1) بڕوانە ماددەی 20 لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006 هەموارکراو).**
**(2) بڕوانە ماددەی 20 بڕگە چوارەم لە یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006 هەموارکراو).**

## پداویستییەکانی خانەنشینبوون کە پێویستە لەلایەن فەرمانگەی فەرمانبەری خانەنشینکراو بنێردرێت بۆ فەرمانگەی خانەنشینی

**یەکەم:بۆ خودی فەرمانبەر کە لە ژیاندا ماوە**

بـۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە بەهۆی تەواوبوونی تەمەنی یاسـایییان خانەنسـینبوون یان لەسەر داوای خودی فەرمانبەر (تەمەنی 45 ساڵی تەواو کردبێت و خزمەتی خانەنشینی لە 15 سـاڵ کەمتر نەبێت) یان خانەنشـینکردن بەهۆی نەخۆشـی (بەبێ ڕەچاوکردنی تەمەن و ماوەی خزمەتەکەی) یان فەرمانبەری دوورخراوە (العزل) یان دەرکراو (الفصل) یان ئەوانەی خزمەت بەجێ دەهێڵن بە هۆیەکانی ناچاری جگە لە وازهێنان (الاسـتقالة) بە بێ ڕەزامەندی لایەنی تایبەتمەند، لە شایسـتەکانی مافەکانی خانەنشینی و مووچەی خانەنشینی بۆ خەرج ناکرێت تەنیا ئەگەر تەمەنی (45) ساڵی لە تەمەنی تەواو کرد بێت بەهەمان مەرجی (تەواوکردنی تەمەنی 45 سـال و بەسەرەوە بێت و 15 ساڵ خزمەتی خانەنشینی هەبێت):

1 - فەرمانـی دامەزرانـدن و یەکەمیـن فەرمانـی دەسـتبەکاربوونی فەرمانبـەری خانەنشینکراو.

2 - فەرمانـی خانەنشـینکردنی فەرمانبـەری خانەنشـینکراو و فەرمانـی دەسـت لەکارهەڵگرتنی یان ڕۆژی پچڕانی لە ڕاژە بەهەر هۆیەک بێت.

3 - تێنووسـی خزمـەت (دفتر الخدمة) کە تێنووسـێکی یەکگرتووەو لـە بەڕێوەبەرایەتی چاپەمەنییەکانی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری وەردەگیرێت، کە لەلایەن فەرمانبەری تایبەت بە خانەنشـینکردن پڕدەکرێتەوە کە پوختەی خزمەتەکان و سـزاکان و پێشخستن و دابڕان و پلەبەرزکردنەوەو سەرمووچەی ساڵانە و بەڵگەنامەی دواموچە لەخۆبگرێت.

4 - بەڵگەنامە کەسییەکانی وەکو (ناسنامەی باری شارستانی و بڕوانامەی ڕەگەزنامە یان کارتی نیشتیمانی و کارتی زانیاری و پیتاکی خۆراک و دوو وێنە.

5 - ئەسۆپاکی لە موڵکوماڵی گشتی لە فەرمانگەکەی.

6 - فەرمانی چەسپاندنی تەمەن.

**ئەم بەڵگەنامانەی سەرەوە دوای پەسەندکردنی لەلایەن فەرمانبەرە پەیوەندیدارەکان و سەرۆکی فەرمانگە بە نووسراوێک دەنێردرێت بۆ فەرمانگەی خانەنشینی بەمەبەستی تەرخانکردنی مووچەی خانەنشینی.**

**دووەم: بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە لەکاتی وەزیفەدا کۆچی دوایی دەکەن**

1 - فەرمانی دامەزراندن و یەکەمین فەرمانی دەستبەکاربوونی فەرمانبەری کۆچکردوو.

2 - فەرمانی سڕینەوەی لە تۆماری (ترقین قید) میلاکاتی ئەو فەرمانگەی کە فەرمانبەری کۆچکردوو کاری لێدەکرد لە رۆژی کۆچی دوایی کردنی بەپێی بڕوانامەی مردن کەلەلایەن لایەنە فەرمییە تایبەتمەندەکان دەردەچێت.

3 - وێنەیەک لە بڕوانامەی مردن و وێنەیەک لە دابەشنامەی شەرعی.

4 -بڕوانامەی سەلماندنی بەخێوکردن ئەگەر فەرمانبەری کۆچکردوو هاوسەردار بوو و منداڵی لەخوار 18 ساڵی هەبوو.

5 - وێنەیەک لە ناسنامەی باری شارستانی و رەگەزنامەی عێراقی یان کارتی نیشتیمانی یان وێنەیەک لە تۆماری کۆچکردوو لە فەرمانگەی باری شارستانی.

6 - تێنووسی خزمەت (دفتر الخدمة) کە تێنووسێکی یەکگرتووەو لە بەڕێوەبەرایەتی چاپەمەنییەکانی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری وەردەگیرێت، کە لەلایەن فەرمانبەری تایبەت بە خانەنشینکردن پڕدەکرێتەوە کە پوختەی خزمەتەکان و سزاکان و پێشخستن و دابڕان و پلەبەرزکردنەوەو سەرمووچەی ساڵانە و بەڵگەنامەی دواموووچە لەخۆبگرێت.

7 - فەرمانی چەسپاندنی تەمەن.

**ئەم بەڵگەنامانەی سەرەوە دوای پەسەندکردنی لەلایەن فەرمانبەرە پەیوەندیدارەکان و سەرۆکی فەرمانگە بە نووسراوێک دەنێردرێت بۆ فەرمانگەی خانەنشینی بەمەبەستی تەرخانکردنی مووچەی خانەنشینی بۆ جێنشینە شایستەدارەکانی بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار.**

# بەشی دووەم

# یاساکانی خانەنشینی

# پلە گشتی و پلە باڵاکان و دادوەرو داواکاری گشتی و خزمەتی زانکۆیی

## یەکەم: یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە 27 ساڵی 2006 هەموار کراو [1] & [2]

### تێبینی گرنگ:

بەپێی یاسای چاکسازی لە مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (**2**ی ساڵی **2020** ) تەمەنی **50** ساڵ گۆڕدرا بۆ تەواو کردنی تەمەنی **45** ساڵ واتا فەرمانبەر ئەگەر **15** ساڵ خزمەتی هەرێت و تەمەنی **45** ساڵی تەواو کردبێت، ئینجا مووچەی خانەنشینی دەیگرێتەوە.

## بەشی یەکەم

## ئیحالەکردن بۆ خانەنشینی

## پێناسەکان

ماددە1: یەکەم[3]

یەکەم:

مەبەست لەم وشە و زاراوانەی خوارەوە هاتووە ئەم مانایانەی بەرامبەریان هاتووە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە:

**أ- وەزارەت:** وەزارەتی دارایی

**ب- دەستە:** دەستەی خانەنشینی نیشتیمانی[4]

**ج- سەرۆکی دەستە:** فەرمانبەرێک بە پلەی بریکاری وەزارەت[5].

(1) هەموار کرایەوە بەپێی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە 69ی ساڵی2007 و لە رۆژنامەی وەقایعی عێراق بڵاوکراوەتەوە لە ژمارە 4056 لە 2007/12/27 و جێبەجێدەکرێت لە رێکەوتی 2006/1/17.
2) بڕوانە رێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری-هەرێم ژمارە (37 ی ساڵی 2008)، دەربارەی خانەنشینی.
(3) ئەم ماددەیە بە پێی ماددە 1 لە یاسای ژمارە (69 ساڵی 2007) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006) هەڵوەشایەوەو ئەم دەقەی سەرەوە جێگای گرتەوە.
(4) لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەری گشتی خانەنشین سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری لە شوێنی سەرۆکی ئەم دەستەیە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی .
(5) لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی هەیە سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری لە شوێنی ئەم دەستەیە .

**د- فەرمانبەر:** هەر کەسێك پەیمانی پێ درابێت بە وەزیفەیەکی ناو میلاکی شارستانی یان سەربازی و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کە مووچەیەک وەربگرێت لە دەوڵەت و راگیراوەکانی خانەنشینی لە مووچەکەی ببڕدرێت و فەرمانبەری کەرتی گشتییش دەگرێتەوە ئەگەر هیچ دەقێکی تایبەت نەهاتبوو لەم یاسایە کە پێچەوانە بێت.

**هـ- مووچەی وەزیفی:** مووچەی بنەڕەتی بە بێ دەرماڵەکان کە فەرمانبەر وەریدەگرێت لە خزمەتی خانەنشینی.

**و- جێنشین (خلف):** تاکەکانی خێزانی فەرمانبەر یان خانەنشینکراو ئەوانەی لەدوایان بەجێ دەمێنن لە کاتی مردنی بە پێی ئەوەی دیاری کراوە لەم یاسایە.

**ز- لیژنەی پزیشکی:** لیژنەی پزیشکی فەرمی پێکهێنراو لە لایەن وەزارەتی تەندروستی.

**ح- مافەکانی خانەنشینی:** مووچەی خانەنشینی یان پاداشتی خانەنشینی.

**ط- خزمەتی خانەنشینی:** ئەو خزمەتەی کە ئەژمار دەکرێت بۆ مەبەستی خانەنشینی بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ک- داهاتی تایبەت:** بڕە پارەیەک یان مووچەیەک کە کەمتر نەبێت لە مووچەی کەمترین رادەی مووچەی خانەنشینی خێزان.

**ل- شایستەدار:** ئەوەی شایستەی مافەکانی خانەنشینی دەبێت لە جێنشینەکان (خلف) بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**م- پشکی خانەنشینی:** پشکی مانگانە کە دەگوازرێتەوە بۆ شایستەدار لە مووچەی خانەنشینی.

**دووەم: دەبێت فەرمانبەر ئیحالەی خانەنشینی بکرێت بەناچاری لەیەکێک لەم دوو حاڵەتەی کە دادێن:**

أ- لە کاتی تەواوکردنی تەمەنی (63) شەست و سێ ساڵ[1] و ئەمەش تەمەنی یاساییە

**(1) بە پێی یاسای جێبەجێ کردنی ژمارە (12ی ساڵی 2013)ی پەرلەمانی کوردستان کە تێیدا ماددەی یەکەمی یاسای هەمواری (32ی ساڵی 2012)ی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خزمەتی زانکۆیی (١-هەڵگری نازناوی زانستی (مامۆستای یاریدەدەر) و (مامۆستا)ن، بە تەواو کردنی تەمەنی (66) ساڵی خانەنشین دەکرێن، 2 - هەڵگری نازناوی زانستی (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) و (پرۆفیسۆر)ن، بەتەواو کردنی تەمەنی (70) ساڵی خانەنشین دەکرێن.**

بۆ خانەنشـینبوون بەبێ ڕەچاوکردنی ماوەی خزمەتەکـەی ئەگەر دەقێک نەهاتبێت لەم یاسایە کە بەرەواژ (ناکۆک) بێت.

ب- ئەگەر لیژنەی پزیشکی فەرمی پسپۆر بڕیاریدا بەدەستنەدان بۆ خزمەت.

**سێیەم:** سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە بە پێشنیاری وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بەوەزارەت بە درێژ کردنەوەی ماوەی خزمەتی فەرمانبەر بۆ ماوەیەک کە زیاتر نەبێت لە (3) سـاڵ[1] لە کاتی تەواو کردنی تەمەنی یاسایی بۆ ئیحالە کردن بۆ خانەنشـینی بە ڕەچاو کردنی پسـپۆری ناوازە و جۆری وەزیفەکە و پێویسـتی فەرمانگەکەی بە خزمەتەکانی.

**چـوارەم:** فەرمانبەر بۆی هەیە داوای ئیحالە کردن بۆ خانەنشـینی بکات ئەگەر تەمەنی 45[2] چل و پێنج ساڵی تەواو بکات یان زیاتر، یان ئەگەر خزمەتی خانەنشینی هەبوو لە 25 سـاڵ کەمتر نەبوو و لە سـەر وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەتە یان ئەوەی ڕای دەسـپێرێت بۆ سـەیر کردنی (البت) داواکەی لە ماوەی 45 ڕۆژ لە ڕێکەوتی تۆمار کردنی داواکارییەکەی لە فەرمانگەی فەرمانبەرەکە و بە پێچەوانەوە، فەرمانبەرەکە بە ئیحالەکراو بۆ خانەنشینی دادەندرێت.

**پێنجـەم:** ڕێگری ناکرێت لـە فەرمانبەری دوورخراوە (العزل) یـان دەرکراو (الفصل) یان ئەوانـەی خزمـەت بەجێ دەهێڵن بـە هۆیەکانی ناچـاری جگە لە دەستلەکارکێشـانەوە (الاسـتقالة) بە بێ ڕەزامەندی لایەنی تایبەتمەند، یان شایسـتەکانی مافی خانەنشـینی دەکەوێت، مووچەی خانەنشـینی بۆ خەرج ناکرێت تەنیا ئەگەر تەمەنی (45) سـاڵی لە تەمەنی تەواو کردبێت.

---

**(1) لە یاسای درێژ کردنەوەی خزمەتی دادوەران ژمارە (39 ی ساڵی 2012) عێراقی هاتووە کە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ ناکرێت لەبەر ئەوەی یاسای جێبەجێکردنی لە پەرلەمانی کوردستان دەرنەچووە (ماددەی 1، یەکەم: بۆ ئەنجوومەنی دادوەری باڵا هەیە بە درێژ کردنەوەی خزمەتی دادوەران و داواکارانی گشتی لە کارمەندانی ئەنجوومەنەکە ئەوانەی کە 63 ساڵی تەمەنیان تەواو کردووە پاش ڕەزامەندی بە شێوەی نووسراو بۆ ئەم ماوەیەی کە ئەنجوومەنەکە بڕیار دەدا بۆ تەواو کردنی 66 ساڵی تەمەنی بە پێی پێویست و بە ڕاپۆرتێکی پزیشکی کە پشتگیری تواناکانی جەستەیی و هزری بکات. دووەم: حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە لە سەر سەرۆکی دادگای تەمییز و جێگرانی و ئەندامانی دادگاکە پیادە دەکرێت تا هەر یەکەیان تەمەنی 68 ساڵی تەواو دەکات بە پێی پێویست و بە ڕاپۆرتێکی پزیشکی کە پشتگیری تواناکانی جەستەیی و هزری بکات.**

**(2) بەپێی یاسای چاکسازی لە مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (2ی ساڵی 2020 ) ژمارە (2ی ساڵی 2020) تەمەنی 50 ساڵ گۆڕدرا بۆ تەمەنی 45 ساڵ.**

**شەشــەم:** ئیحالەکردنی فەرمانبەری دامەزرێندراو بۆ خانەنشـینی ئەوانەی دامەزراون بــە فەرمانی کۆمــاری یان بە فەرمانــی ئەنجوومەنــی وەزیران یان ســەرۆکی وەزیران یــان دەســتەی ســەرۆکایەتی ئەنجوومەنــی نوێنەرانی عێــراق، بە هەمــان میکانیزمی دامەزراندنی دەبێت.

## بەشی دووەم

## ئیحالە کردن بۆ خانەنشینی بە هۆکارەکانی تەندروستی

**ماددە2:**

**یەکــەم:** ئەگەر فەرمانبەر لە کاتی خزمەتدا تووشــی نەخۆشــییەک هات و چارەســەری ماوەیەکی درێژی پێویست بوو یان لەو نەخۆشیانە بوو کە چارەسەری نەبوو و پاڵپشت بێت بە راپۆرتی دەرچوو لە لیژنەی پزیشـکی پسپۆر کە تێیدا بڕیار بدات بە دەستنەدان بــۆ کارکردن بە شـێوەیەکی بنبــڕ، ئیحالە دەکرێت بۆ خانەنشـینی ئەگــەر خزمەتەکەی هەرچەند بێت.

**دووەم:** خزمەتی خانەنشینی ئەو فەرمانبەرەی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە دەیگرێتەوە، دەگەیەندرێتە 15 ســاڵ ئەگەر هاتوو لەم ماوەیە کەمتر بوو و لە بژاردنی راگیراوەکانی خانەنشینی دەبەخشرێت لەو ماوەیەی کە بۆی دەخرێتەسەر.

## بەشی سێیەم

## راگیراوەکانی (لێبڕینەکان) و تەرخانکردن و خزمەت

**ماددە3:**

**یەکــەم:** رێــژەی 7 % لــە مووچــەی فەرمانبــەر دەبڕدرێت بــۆ ئەژمــاری راگیراوەکانی خانەنشینی لە ماوەی خزمەتە خانەنشینییەکەی.

**دووەم:** ئەگەر خزمەتەکانی فەرمانبەر خواســترا بۆ فەرمانگەیەکی دیکە و مووچەکەی لــەو فەرمانگەخوازەرەکــە وەرگــرت و لایەنی خوازەر(المســتعیرة) پابەنــد دەکرێت بە بژاردنی راگیراوەکانی (توقیفات)ی خانەنشینی بە پێی بڕگە یەکەم لەم ماددەیە.

**سـێیەم:** [1] ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە پاڵپشت بە پێشنیاری وەزیری دارایی بە کەمکردنەوەی ڕێژەی لێبڕین لەبەر ڕۆشنایی باری دارایی بۆ سندووقی خانەنشینی فەرمانبەرانی دەوڵەت و لەکاتی زیادکردنی ئەم ڕێژەیە دەبێت ڕەزامەندی ئەنجوومەنی نوێنەران وەربگیرێت.

**مادده4:** [2]

**یەکەم: خزمەتی خانەنشینی بۆ فەرمانبەر ئەژمار دەکرێت لەم حاڵەتانەی دادێن:**

أ- خزمەتی کردەیی فەرمانبەر کە لە دەوڵەت کردوویەتی کە ڕاگیراوەکانی خانەنشینی ئەم ماوەیەی بژارد بێت (استیفاء الاستقطات التقاعدیة).

ب- ماوەی مانەوەی فەرمانبەر لە دەرەوەی خزمەتی ئەژمار کراو بۆ مەبەستی خانەنشینی بە پێی حوکمەکانی یاسای (دەرکراوانی سیاسی- المفصولین السیاسیین) ژمارە 24ی ساڵی 2005 پاش وەرگرتنی پشکی فەرمانبەر لە ڕاگیراوەکانی خانەشینی بڕیار دراو (المقررة) بە پێی حوکمەکانی یاسا لە سەر بنەمای کەمترین ڕادەی مووچە بۆ بڕوانامەی خوێندنی بەدەستهێندراو لە ڕێکەوتی دووبارە گەڕانەوەی بۆ خزمەت و پشکی فەرمانگەکە بۆ ماوە ئەژمار کراوەکە نادات.

ج- ماوەی خوێندنی نیزامی بۆ سەرباز و کارمەندی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە کۆلیژەکان و خوێندنی باڵا کە تێیدا بەدەست هێنانی بڕوانامەی خوێندن بە ئەنجام بگەیەنێت پێش پەیوەندی کردن بە خزمەت کە زیاتر نەبێت لە نیوەی خزمەتە سەربازییەکەی لە سوپا یان لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بە مەرجێک ڕاگیراوەکانی خانەنشینی ئەم ماوەیە دابێت بە پێی ڕێژەکانی بڕیاردراو لە یاسا لە بەر ڕۆشنایی مووچەکەی کە لە ڕێکەوتی پێشکەش کردنی داواکاری ئەژمار کردنەکەی وەریدەگرت.

**دووەم:** هیچ ماوەیەک بە خزمەتی خانەنشینی داناندرێت ئەگەر ڕاگیراوەکانی خانەنشینی نەدابێت بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و دەکرێت فەرمانبەر پشکی

**(1) بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیە بە پێی مادده 2 لە یاسای ژمارە (69 ساڵی 2007) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006) هەڵوەشایەوەو ئەم دەقەی سەرەوە جێگای گرتەوە.**
**(2) ئەم ماددەیە بە پێی مادده 2 هەمان یاسای سەرەوە هەڵوەشایەوەو ئەم دەقەی سەرەوە جێگای گرتەوە.**

فەرمانگەگـەی بدات ئەگەر خزمەتەکەی خواسـترا بوو بۆ سـەر لایەنێکـی ناعێراقی بە رەزامەندی فەرمانگەکەی.

**سـێیەم:** فەرمانبـەر بـۆی هەیـە ئەوانـەی خزمەتیـان بەجێهێشـتووە یـان دەسـتی لەکارکێشـاوەتەوە یـان ئیحالەی خانەنشـینی کراوە و هیـچ لە مافەکانی خانەنشـینی وەرنەگرتبێـت لەبـری خزمەتەکانـی وەزیفەکـەی، بـە خستنەسـەری خزمەتەکـەی کە کردوویەتی لە دەوڵەت بۆ خزمەتەکانی داهاتووی لە کەرتی تایبەتی.

**مادده5:** [1]

**ئەو خزمەتە خانەنشینیانەی کە ئەژمار ناکرێن بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە:**

**یەکـەم:** ماوەکانی نەهاتن بـۆ دەوام و مۆڵەتەکانی بێ مووچە و ماوەکانی دوای رێکەوتی وەرگرتنی حوکمی سزاکان پلەی بنبڕی کە رێگا نادات بە فەرمانبەر کە لە خزمەت بمێنێتەوە.

**دووەم:** ماوەکانی راگیرانی کە بە ماوەکانی بەند کردن و گرتن دادەندرێت.

**سێیەم:** ماوەی خزمەتی فەرمانبەر پێش تەواو کردنی تەمەنی هەژدە ساڵی ئەگەر هیچ دەقێکی بەرەواژ (ناکۆک) نەهاتبوو لە یاسا .

**چـوارەم:** ماوەی خزمەت دوای تەواو کردنی تەمەنی یاسـایی خانەنشـینی کە لە بڕگە دووەم-أ لە ماددەی 1ی ئەم یاسـایەدا هاتووە بە رەچاوکردنی حوکمەکانی بڕگە سێیەم لە هەمان مادده.

**مادده6:** [2]

**یەکـەم:** فەرمانبەر کە ئیحالە دەکرێت، شایسـتەی مووچەی خانەنشـینی دەبێت ئەگەر

**(1) هەردوو بڕگەی سێیەم و چوارەمی ئەم ماددەیە بە پێی مادده 4 لە یاسای ژمارە (69 ساڵی 2007) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006) هەڵوەشایەوەو ئەم دەقەی سەرەوە جێگای گرتەوە و زنجیرەی سێیەم و چوارەم راست کرایەوە بە پێی مادده 2 لە بەیانی راست کردنەوەکە لە ساڵی 2006.**

**(2) ئەم ماددەیە بە پێی مادده 5 لە یاسای ژمارە (69 ساڵی 2007) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006) هەڵوەشایەوەو ئەم دەقەی سەرەوە جێگای گرتەوە.**

هاتـوو خزمەتـە خانەنشـینیەکەی لـە 15 پازدە سـاڵ کەمتـر نەبێت و تەمەنیشـی لە تەواوکردنی 45 ساڵ کەمتر نەبێت.

**دووەم:** ئەگەر فەرمانبەر کۆچی دوایی کرد لە کاتی خزمەتدا، ئەوا خزمەتی خانەنشینی بە 15 پازدە ساڵ بۆ ئەژمار دەکرێت، ئەگەر هاتوو کەمتر بوو لەم ماوەیە و دەبەخشرێت لە راگیراوەکانی خانەنشینی لە ماوە زیادکراوەکە.

**ماددە 7:** (1)

**یەکەم:** مووچەی خانەنشـینی بۆ فەرمانبەر ئەژمار دەکرێت لە سـەر بنەمای رێژەیەکی کەڵەکـە بـوو بە بـڕی (5ر2 %) دوو و نیو لەسـەدا لە تێکڕای مووچـەی وەزیفی لە دوا خزمەتی خانەنشـینی بۆ هەر سـاڵێکی خزمەتی خانەنشـینی لە یەکێک لەم حاڵەتانەی دادێن:

أ- ئەگەر تەمەنی فەرمانبەر لە رێکەوتی خانەنشـین کردنیدا لە 60 شەسـت ساڵ کەمتر نەبوو و خزمەتی خانەنشینی هەبوو لە 25 ساڵ کەمتر نەبوو.

ب- ئەگـەر تەمەنی لە رۆژی خانەنشـین کردنیدا لە 55 سـاڵ کەمتـر نەبێت و خزمەتی خانەنشینی لە 30 ساڵ کەمتر نەبێت.

ج- ئەگەر هاتوو خانەنشین کرا بە هۆکارەکانی تەندروستی.

د- ئەگەر کۆچی دوایی بکات لە کاتی خزمەت.

هــ- ئەگـەر تەمەنی کارمەندانی سـەربازی و کارمەنـدی هێزەکانی ئاسایشـی ناوخۆ لە رێکەوتـی خانەنشـین کردنیاندا لە تەمەنی 45 سـاڵی تەواوکردبێـت و کەمتر نەبێت و خزمەتێکی خانەنشـینیان هەبێت کە لە 20 سـاڵ کەمتر نەبێت لـە جۆری خزمەتەکەی (المسلک).

**دووەم:** لە حاڵەتەکانی کە حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەی بەسـەر جێبەجێ نابێت، مووچەی خانەنشـینیان بۆ ئەژمار دەکرێت لە سەر بنەمای رێژەیەکی کەڵەکە بوو بە بڕی 2 % لەسـەدا دوو لە تێکڕای مووچە وەزیفەکەی لە دوا خزمەتی خانەنشـینی بۆ هەر ساڵێکی خزمەتی خانەنشینی.

**(1) ئەم ماددەیە بە پێی ماددە 6 هەمان یاسای سەرەوە هەڵوەشایەوەو ئەم دەقەی سەرەوە جێگای گرتەوە.**

**سـێیەم:** مووچەی خانەنشینی بۆ ئەوانەی حوکمەکانی ماددەی1 /پێنجەمی ئەم یاسایە ئەژماردەکرێت لە سـەر بنەمـای تێکڕای مووچەی وەزیفی لە مووچــەی پایەی یەکەمی پلەی وەزیفی خوارتر لە پلەکەی.

**چــوارەم:** مەبەسـت لـە تێکـڕای مووچـەی وەزیفـی لـە دوا خزمەتی خانەنشـینی بۆ مەبەستەکانی ئەژمار کردنی مووچەی خانەنشینی:

أ – دوا مووچەی وەزیفی کە فەرمانبەر وەریگرتووە لە کاتی خزمەتی خانەنشینی ئەگەر هاتوو رێکەوتی دەست لەکار هەڵگرتنەکەی لە خزمەت پێش ساڵی 2008 بێت.

ب – تێکڕای مووچەی فەرمانبەر لە ماوەی 12 مانگ لە دوا خزمەتی خانەنشـینی، ئەگەر هاتوو رێکەوتی دەست لەکار هەڵگرتنەکەی لە خزمەت پێش ساڵی 2010 بێت.

ج- تێکڕای مووچەی 12 دوازدە مانگ لە هەر سـاڵێک دەخرێتەسـەر تێکڕای مووچەی فەرمانبــەر کە لە بڕگە ب لەم ماددەیە هاتووە، لە دەسـتپێکی سـاڵی 2010 بەمەرجێک راستاندنی تێکڕای مووچەکەی بکرێت بەپێی رێژەی گەشەکردنی تێکڕای مووچە.

د- ئـەو خزمەت و مووچانـە لەبەر چاو ناگیرێن ئەگەر هاتوو لـە مووچەی تەواو کەمتر بێت بۆ مەبەستی ئەژمار کردنی تێکڕای مووچەی فەرمانبەران.

**پێنجەم:**

أ- مووچەی خانەنشـینی بۆ خانەنشینکراو خەرج ناکرێت تەنیا ئەگەر تەمەنی 45 ساڵی تـەواو کردبێـت و لە گشـت حاڵەتەکاندا خــەرج ناکرێت لەو ماوەیــەی پێش رێکەوتی تەواوکردنی تەمەنی ئاماژە پێکراو.

ب- ئەگەر فەرمانبەری (دەستلەکارکێشـاوە- مستقیل) بە رەزامەندی ئاسایی یان ئیحالە کـراو بۆ خانەنشـینی پـاش پچڕانـی پەیوەندی بــە خزمەتەکەی، کۆچــی دوایی کرد و خزمەتێکی خانەنشـینی هەبوو کە لە 15 سـاڵ کەمتر نەبوو، ئەوا مووچەی خانەنشینی خەرج دەکرێت بۆ شایسـتەدارەکانی لە جێنشینەکانی لە رێکەوتی کۆچی دوایی کردنی ئەگەر هاتوو مردنەکە روویدا بوو پێش تەواو کردنی تەمەنی 45 ساڵ.

ج- خانەنشـینکراو بــە هۆکارەکانــی تەندروسـتی و خانەنشـینکراو لە مـاوەی نێوان

2006/1/17 تا رێکەوتی دەرچوونی ئەم یاسـایە، بەدەردەکرێن لە حوکمەکانی خاڵی أ ی ئەم بڕگەیەو مووچەی خانەنشینی بۆ خەرج دەکرێت بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**شەشەم:** ماوەی خزمەتی کە لە 6 شەش مانگ کەمتر نەبێت بە ساڵی تەواو دادەندرێت بۆ مەبەستەکانی ئەژمار کردنی مووچەی خانەنشینی و پشتگوێخستنی ماوەی خزمەت ئەگـەر هاتوو لـە 6 مانگ کەمتر بـوو و لە گشـت حاڵەتەکاندا تەواوکەری سـاڵ ئەژمار ناکرێت بۆ مەبەستەکانی شایستە بوونی مووچەی خانەنشینی.

**حەفتەم:** نابێت مووچەی خانەنشـینی زیاتر بێت لە رێژەی 80 %ی[1] دوایین مووچەی وەزیفی کە فەرمانبەر وەریگرتووە لە خزمەتی خانەنشینی.

**هەشـتەم:** نابێـت مووچـەی خانەنشـینی فەرمانبـەری کـە حوکمەکانـی ئەم یاسـایە دەیگرێتەوە لە(220000) دوو سەدو بیست هەزار دینار کەمتر بێت.[2]

**نۆیەم:** مووچەی خانەنشینی ئیحالەکراو بۆ خانەنشینی ئەژمار دەکرێت لە 2006/1/17 بـە پێـی حوکمەکانی ئـەم ماددەیە بـە مەرجێک مووچەکـەی کەمتر نەبێـت کە پێش دەرچوونی ئەم هەموارە کە وەریگرتووە.

**ماددە8:**

**یەکەم:** ئەگەر هاتوو خزمەتەکانی فەرمانبەری ئیحالە کراو بۆ خانەنشـینی لە 15 ساڵی خزمەتی خانەنشینی کەمتر بوو، ئەوا پاداشتێکی خانەنشینی پێ دەدرێت.

**دووەم:** پاداشـتی خانەنشـینی هاتوو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ئەژمار دەکرێت لە رێگای ئەنجامی لێکدانی ژمارەی مانگەکانی خزمەتی تەواو لە 14% لە تێکڕای مووچەی فەرمانبەر لە ماوەی خزمەتەکەی و ئەنجامەکەی دەبێتە بڕی پاداشتی شایستە.

**(1) بۆ پلە گشتییەکانی وەزیفی لە پلە 1 تاکو 10.**
**(2) ئەم بڕە پارەیە هەموارکرایەوە بەپێی ماددەی (2) بڕگە یەکەم لە یاسای زیادکردنی مووچەی خانەنشینان ژمارە 25 ی ساڵی 2009 .**

## بەشی چوارەم

## دووبارە دامەزراندنەوەی خانەنشینكراو

**مادده9:**

**یەكەم:**[1]

أ- ئەگەر دووبارە فەرمانبەر دامەزرایەوە كە پێشتر پاداشتی خانەنشینی بە پێی هەر یاسایەكی خانەنشینی پێدرابوو لە وەزیفەی خانەنشینی، خزمەتەكەی ئەژمار دەكرێت بۆ مەبەستەكانی خانەنشینی كە پێشتر پاداشتی لە بەرامبەر وەرگرتووە پاش پێبژاردنەوەی راگیراوەكانی خانەنشینی كە یەكسان بێت بە راگیراوەكانی خانەنشینی ئەوانەی بەردەوامن لە خزمەت.

ب- مەبەست لە وەزیفە بۆ مەبەستەكانی ئەم یاسایە ئەو وەزیفەیە كە خزمەتی كردەیی تێیدا بە خزمەتی خانەنشینی دادەندرێت، بە مەرجی ئەوەی كە بەسەری بردبێت لە فەرمانگەكانی دەوڵەت و راگیراوەكانی خانەنشینی دابێت.

**دووەم:** ئەگەر بڕیاردرا بە گەڕاندنەوەی پاداشت، ئەوا لە فەرمانبەر دەگێڕدرێتەوە بە شێوەی رێژەی چارەكی (ربع)ی مووچەكەی، بە مەرجێك لە ماوەی پێنج ساڵدا بیداتەوە لە رێكەوتی دەرچوونی بڕیاری فەرمانگەی خانەنشینی بە گەڕاندنەوەی پاداشتەكە و دەتوانێت هەمووی بە یەك جار بداتەوە.

**سێیەم:** ئەگەر فەرمانبەر كۆچی دوایی كرد یان دووبارە خانەنشین كرایەوە پێش پێبژاردنەوەی (تسدید) پاداشت، ئەوا پاداشتەكە دەگێڕدرێتەوە لە مووچەی خانەنشینییەكەی یان مووچەی منداڵ و جێنشینەكانی بە رێژەی چارەك (ربع)ی مووچەی خانەنشینیەكەی ئەگەر هاتوو شایستەی مووچەیەكی خانەنشینی بوو، بە یەك جار ئەگەر هاتوو شایستەی پاداشتی خانەنشینی بوو.

---

**(1) بروانە رێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری-هەرێم ژمارە (6س ساڵی 2011) سەبارەت بە وەرگرتنەوەی پاداشتی خانەنشینی لە خانەنەشین كراوی گەڕاوە بۆ وەزیفە.**

**مادده 10:**

**یەکـەم:** ئەگەر دووبـارە خانەنشـینکراو دامەزرایەوە لە وەزیفەیەکی گشـتی، لە سـەر فەرمانگەکەیەتی کە هەڵسـێت بـە ئاگادار کردنەوەی فەرمانگەی خانەنشـینی بۆ بڕینی مووچەی خانەنشینی لە ڕێکەوتی دەست بە کاربوونی، و دەتوانێت هەر کاتێک بیەوێت خۆی خانەنشین بکات بە بێ ڕەچاو کردنی تەمەنی یان ماوەی خزمەتەکەی.

**دووەم:**[1] وەزارەت یان لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت بۆی هەیە کە فەرمانبەری دووبارە دامـەزراو بگەڕێنێتەوە بۆ خانەنشـینکردن و ئەگەر هاتوو دووبـارە دامەزراندنەوەی بە وەزیفەی بەڕێوەبەری گشتی یان پلە تایبەتەکان بێت، ئەوا حوکمەکانی بڕگە شەشەم لە مادده 1ی ئەم یاسایە لە سەریان جێبەجێ دەکرێت.

**سـێیەم:** فەرمانبەری دووبارەگەڕاوە بۆ خانەنشینی بە پێی بڕگەکانی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە شایسـتەی مووچەی خانەنشـینی دەبێت بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسـایە و دوا خزمەتـی خانەنشـینی دەخرێتـە سـەر خزمەتی خانەنشـینی پێشـووی و نابێت دوا مووچـەی خانەنشـینی کەمتر بێت لە مووچەی خانەنشـینی لـە ڕێکەوتی دووبارە دامەزراندنەوەی.

**مادده11:**

**یەکەم:** خانەنشـینکراوی کە دووبارە دادەمەزرێتەوە لـە فەرمانگەکانی دەوڵەت بە هەر سـیفەتێکی وەزیفەیەکی ناخانەنشـینی یان بە گرێبەسـت یان بە گرێبەسـتی تایبەت، مووچەی خانەنشـینی یان پاداشـتی مانگانە لەگەڵ دەرماڵەکانی ئەو وەزیفەی دووبارە تێیـدا دامەزراوەتەوە کامەیان زیاتر بوو وەردەگرێت و نابێـت هەردووکیان بە یەکەوە وەربگرێت.

**دووەم:** بەدەرکردنی کرێی وانە گوتنەوە لە قوتابخانەکان و پەیمانگەکان و کۆلیژەکان و زانکۆکان و ناوەندەکانی ڕاهێنان لە حوکمی بڕگە یەکەمی ئەم ماددەیە.

**(1) ئەم بڕگەیە بە پێی مادده 7 لە یاسای ژمارە (69 ساڵی 2007) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006) هەڵوەشایەوەو ئەم دەقەی سەرەوە جێگای گرتەوە.**

## بەشی پێنجەم

## خانەنشینی خێزان

**مادده12:**

**یەکەم:**

ئەگەر فەرمانبەر کۆچی دوایی کرد لە کاتی خزمەت بە هەر هۆکارێک بێت ئەوا خزمەتەکەی بۆ مەبەستەکانی خانەنشینی بە 15 ساڵ ئەژمار دەکرێت ئەگەر هاتوو کەمتر بوو لەم ماوەیە.

**دووەم:**

أ- ئەگەر فەرمانبەر یان خانەنشینکراو کۆچی دوایی کرد ئەوا منداڵ (جێنشینەکان) ی ئەوانەی شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن بۆیان هەیە داوای تەرخانکردنی شایستەکەی لە مافەکانی خانەنشینی لە رێکەوتی کۆچی دوایی کردنی بە پێی کەوا دیاریکراوە لەم یاسایە.

ب- مەبەست لە خانەنشینکراو، هەر کەسێک مووچەیەکی خانەنشینی شایستە وەربگرێت بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە یان شایستەی پاداشتی خانەنشینی بوو بەرامبەر خزمەتەکانی (ئەوانەی کە شایستەی مووچەی خانەنشینی نابن).

**مادده 13:**[1]

**یەکەم:** جێنشینەکانی کۆچکردوو (خلف) کە شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن ئەمانەن:

1 - هاوسەر (پیاو) و هاوسەر (ژن)

2 - کوڕ

3 - کچ

**(1) ئەم ماددەیە بە پێی مادده 8 لە یاسای ژمارە (69 ساڵی 2007) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006) هەڵوەشایەوەو ئەم دەقەی سەرەوە جێگای گرتەوە..**

4 - دایک

5 - باوک

6 - برا یان خوشــک ئەگەر هاتوو کۆچکردوو ســەڵت بوو و دایک و باوکی پێشــی خۆی کۆچی دواییان کردبوو.

**دووەم:** جێنشــین شایســتەی مووچــەی خانەنشــینی خێزانی دەبێت ئەگــەر مووچەی خزمــەت یان مووچەیەکی خانەنشــینی وەرنەگرێت و هیچ پیشــەیەک یــان کارێکی لە کەرتی تایبەت نەبوو سەرباری  مەرجەکانی هاتوو لەم یاسایە بەپێی ئەوانەی دادێن:

أ- (کــوڕ یان کچ یــان برا یان خوشــک)ی پێنەگەیشــتوو (قاصر) ئەوانــەی تەمەنی 18 ســاڵییان تەواو نەکردووە و تا تەمەنی 22 ســاڵ بۆ ئەوانەی کە بەردەوامن لە خوێندنی ئامادەیی یان تا تەمەنی 26 ســاڵی ئەگەر هاتوو بــەردەوام بوو لە خوێندنی زانکۆ یان پەیمانگە باڵاکان.

ب- هاوسەر(ژن) یان کچ یان خوشک ئەگەر لە ژێر سەرپەرشتی مێردی نەبوو.

ج - هاوســەر (پیــاو) و باوک ئەگــەر توانای کارکردنیــان نەبوو بە شــێوەیەکی تەواو و بەردەوام بە پێی راپۆرتی پزیشــکی لە رێکەوتی کۆچی دوایی بەخێوکەریان، کە داوای مووچەی خانەنشینی خێزان بکەن و  حوکمی پەککەوتە بۆ ئەم مەبەستە بۆ ئەوانەی کە تەمەنی 63 ساڵی تەمەن تەواو دەکەن.

د- دایک ئەگەر هاتوو هیچ داهاتێکی تایبەتی نەبوو.

هـ - کچ یان خوشک ئەگەر هیچ بەخێوکەرێکی شەرعییان نەبوو.

**ســێیەم:** بەردەوامبوونــی خــەرج کردنی خانەنشــینی وەچە بۆ کوڕ و کــچ دوای هاتنی وادەی بڕینی مووچەی خانەنشینی بە پێی ئەمەی خوارەوە:

أ- بۆ کوڕ لەحاڵەتی نەبوونی هیچ بەخێوکەرێک بە پێی یاســا و توانای کارکردنی نەبوو بەشــێوەیەکی تــەواو و بەردەوام بە راپۆرتی پزیشــکی بە مەرجێک دووبارە پشــکنینی بۆ بکرێت لە لایەن لیژنەی پزیشــکی پاش پێنج ســاڵ و مووچەی خانەنشــینی خێزانی دەبڕدرێت لە حاڵەتی بەدەست هێنانی داهاتێکی تایبەت و ناتوانابیەکەی ئەژمار ناکرێت

لە دوای تەمەنی 50 ساڵی بۆ مەبەستی شایستە بوونی مووچەی خانەنشینی خێزانی.

ب- بۆ کچ ئەگەر هاتوو هاوسەرگیری نەکردبوو و هیچ داهاتێکی تایبەتی و بەخێوکەرێکی شەرعی نەبوو، بە مەرجێک دووبارە هەڵسەنگاندنی باری کۆمەڵایەتی و مادی بۆ بکرێت لە کاتی گەیشتنی تەمەنی بە 35 ساڵ و 45 ساڵ لە تەمەنی.

**چوارەم:** مووچەی خانەنشینی خێزانی دەبڕدرێت لە هاوسەر (ژن) یان کچ یان خوشک لە کاتی دامەزراندنیان و ئەگەر هاتوو بووە خاوەنی داهاتێکی تایبەت یان لە کاتی هاوسەرگیری کردن، یان لەکاتی تەڵاقدانی هاوسەر (ژن) یان کچ یان بێوەژنبوونیان، مووچەکە دەگەڕێتەوە بۆیان، بە ڕەچاو کردنی هەبوونی مەرجەکانی شایستە بوونی هاتوو لەم ماددەیە.

**ماددە 14:**

**یەکەم:** مووچەی خانەنشینی خێزانی دەبڕدرێت لە شایستەدار لە کاتی دامەزراندن لە وەزیفەیەکی خانەنشینی ئەگەر هاتوو شایستەی مووچەی خانەنشینی بوو یان شایستە نەبوو.

**دووەم:** مەبەست لە شایستەدار بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە بریتییە لە جێنشینەکانی خانەنشینی شایستەدار بۆ مووچەی خانەنشینی.

**ماددە 15:**[1]

نابێت بۆ شایستەدار زیاتر لە پشکێکی خانەنشینی وەربگرێت، و ئەگەر شایستەی بوو لە بەخێوکەری زیاتر ئەوا بۆی هەیە پشکە گەورەکە هەڵبژێرێت و تەنیا بۆ یەک جار و بەدەرکردنی (استثناء) پێنەگەیشتووی (قاصر) کە شایستەداری پشکی خانەنشینی لە (باوک و دایک)ـە مردووەکەی دەبێت..

**(1) ئەم ماددەیە بە پێی ماددە 9 لە یاسای ژمارە (69 ساڵی 2007) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006) هەڵوەشایەوەو ئەم دەقەی سەرەوە جێگای گرتەوە.**

**مادده16:**[(1)]

**یەکەم:** لە کاتی کۆچی دوایی کردنی فەرمانبەر یان خانەنشینکراو ئەوا مووچەی خانەنشینییەکەی دابەش دەکرێت بەسەر شایستەدارەکانی لە جێنشینەکانی بە رێژەی 60 % ئەگەر تەنیا یەک شایستەدار هەبوو، و بە رێژەی 75 % ئەگەر هاتوو دوو شایستەدار هەبوو لە نێوانیان بە یەکسانی دابەش دەکرێت، و بە رێژەی 100 % ئەگەر لە 3 شایستەدار زیاتر بوو و لە نێوانیان بە یەکسانی دابەش دەکرێت.

**دووەم:** مووچەی خانەنشینی دووبارە دابەش دەکرێتەوە لە نێوان شایستەدارەکان لە جێنشینەکانی بە پێی هاتوو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە لە کاتی بڕینی مووچەی خانەنشینی خێزانی لە هەر یەکێکیان و بە مەرجێک کۆی مووچەی خانەنشینی خێزانی کەمتر نەبێت لە 130000 هەزار دینار و هەتا ئەگەر هاتوو یەک شایستەداریش مایەوە.

***(کەمتر نەبێت لە 200000 دوو سەد هەزار دینار مانگانە ئەگەر هاتوو خانەنشینی کۆچکردوو یەک شایسەداری سوودمەندی هەبوو لە جێنشینەکانی، ،کەمتر نەبێت لە 210000 دوو سەدو دە هەزار دینار ئەگەر هاتوو خانەنشینی کۆچکردوو دوو شایسەداری سوودمەندی هەبوو لە جێنشینەکانی و لە نێونیان بەیەکسانی دابەش دەکرێت، کەمتر نەبێت لە 220000 دوو سەدو بیست هەزار دینار ئەگەر هاتوو خانەنشینی کۆچکردوو سێ یان زیاتر لە سێ شایسەداری سوودمەندی هەبوو لە جێنشینەکانی و لە نێونیان بەیەکسانی دابەش دەکرێت).***[(2)]

**سێیەم**[(3)]: ئەگەر هاتوو یەکێک لە تاکەکانی جێنشینەکان، خۆی خانەنشینکراو بوو بۆی هەیە هەڵبژێرێت بۆ یەک جار لە نێوان پارێزگاری کردن لە مووچەی خانەنشینییەکەی یان وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی خێزانی، و زیاترەکە شایستەی دەبێت بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەگەر هاتوو خانەنشین کراو نەبوو.

---

**(1) ئەم ماددەیە بە پێی مادده 10 هەمان یاسای سەرەوە هەڵوەشایەوەو ئەم دەقەی سەرەوە جێگای گرتەوە.**
**(2) ماددەی (2) بڕگەکانی دووەم، سێیەم، چوارەم لە یاسای زیادکردنی مووچەی خانەنشینان ژمارە 25 ی ساڵی 2009 .**
**(3) بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیە راست کرایەوە بە پێی مادده 3 لە بەیانی راست کردنەوەی ساڵی 2006.**

**مادده 17:**

لێکۆڵینـەوە دەکرێت لەو کەسـانەی کە داوای خانەنشـینی خێزان یان پاداشـت دەکەن و هەروەهـا رادەی بەجێگەیاندنی مەرجەکانی شایسـتە بوون بە پێی سیسـتەمەکان و ڕێنماییەکانی کە بە پێی ئەم یاسایە دەردەچێت.

## بەشی شەشەم

## سندووقی خانەنشینی فەرمانبەرانی دەوڵەت[1]

**مادده 18:**[2]

**یەکـەم:** دەسـتەی خانەنشـینی نیشـتیمانی[3] هاتوو لەم یاسـایە شـوێنی فەرمانگەی خانەنشینی دەگرێتەوە لە هەر شـوێنێک ناوی هاتبێت و گشت هەبووەکانی فەرمانگەی خانەنشـینی و مافەکانـی و پابەندییەکانی بۆ دەگوازرێتەوە، و دەسـتەکە سـەرۆکێکی دەبێت بە پلەی بریکاری وەزارەت[4].

**دووەم:** سـندووقێک دادەمەزرێـت بـە نـاوی (سـندووقی خانەنشـینی فەرمانبەرانی دەوڵەت) و دەبەسترێتەوە بە دەستەکە و خاوەن کەسایەتییەکی مەعنەوییە و سەرۆکی دەسـتەکە نوێنەرایەتـی دەکات و کاروبارەکانی ڕێکدەخرێت بـە پەیڕەوێکی ناوخۆ بە پێشنیاری وەزارەت و ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران.

**سـێیەم:** ئەم سندووقە بەڕێوەدەبردێت لە لایەن ئەنجوومەنێکی کارگێڕی کە (ئەندامان و پێکهاتـەکان و کارەکان و بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی و بوارەکانی وەبەرهێنانی پارە وپوولی) دیاری دەکرێت لە پەیڕەوی ناوخۆی ئاماژە پێکراو لە بڕگەی دووەمی سەرەوە.

---

**(1) بڕوانە ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری–هەرێم ژمارە (24ی ساڵی 2020) و پەیڕەوی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (8ی ساڵی 2020) تایبەت بە دامەزراندنی سەندوقی خانەنشینی.**

**(2) ئەم ماددەیە بە پێی مادده 11 لە یاسای ژمارە (69 ساڵی 2007) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006) هەڵوەشایەوەو ئەم دەقەی سەرەوە جێگای گرتەوە.**

**(3) لە هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی سەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری شوێنی دەستەی خانەنشینی نیشتیمانی دەگرێتەوە لەهەر سوێنێک کە لەم یاسایەدا هاتبێت.**

**(4) لە هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی ئاستی پێکهاتەی فەرمانگە خانەنشینی لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتییە، بەڕێوەبەرێکی دەبێت بە پلەی (بەڕێوەبەری گشتی).**

**چوارەم:** داهاتەکانی ئەم سندووقە پێکدێت لە :

أ- بڕە پارەی راگیراوەکانی خانەنشینی کە لە مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت دەبڕدرێت.

ب- بەشداری کردنی دەوڵەت کە یەکسان بێت بە (12 %)ی مووچەی فەرمانبەری دەوڵەت.

ج- بڕە پارەی راگیراوەکانی خانەنشینی کە فەرمانبەر دەیدات بەرامبەر ئەژمار کردنی خزمەتە زیادەکانی بۆ مەبەستی خانەنشینی.

د- بڕە پارەکانی بەدەستکەوتوو لە وەبەرهێنانی پارەوپوولی سندووقەکە.

هـ- بڕە پارەکانی مووچەکانی خانەنشینی خەرج کراو بەدەر لە حوکمەکانی ئەم یاسایە بۆ ئەوانەی ئیحالەی خانەنشینی کراوە پاش 2006/1/17 و وەزارەتی دارایی هەڵدەستێت بە گێڕانەوەی بڕە پارەکان بۆ سندووقەکە ساڵانە.

و- بەخشینەکان و هاوکارییەکان کە وەزارەتی دارایی پێشکەشی سندووقەکە دەکات.

ز- بەخشینەکان و دیارییەکان لە ناوەوەی عێراق و ئەگەر لە دەرەوەی عێراق بێت ئەوا پێویستە رەزامەندی لایەنی پەیوەندیداری وەربگیرێت.

**پێنجەم:** دانانی گشت لێبڕینەکانی خانەنشینی کە لە فەرمانبەران دەبڕدرێت دەخرێتە ناو سندووقی هاتوو لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە، هەروەها ئەو لایەنەی کە فەرمانبەرەکە لە لای کار دەکات هەڵدەستێت بە دانی رێژەیەک کە یەکسان بێت بە 12 % لە مووچەی فەرمانبەر بۆ سندووقەکە مانگانە لە بودجەکەی.

**شەشەم:** خەرجکردنی بەخشینێکی ساڵانە لە لایەن وەزارەتی داراییەوە بۆ سندووقی خانەنشینی لە ژێر ناوی (بەخشینی هاوکاری سندووق) کە بڕەکەی دیاری دەکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرانی سندووقەکە و فەرمانگەی بودجە لە وەزارەتی دارایی.

**حەفتەم:** لەم سندووقە، گشت مووچەکانی خانەنشینی و پاداشتەکان ئەوانەی شایستە دەبن بەپێی ئەم یاسایە، دەدرێت بەو فەمانبەرانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە.

**هەشتەم:** دەستەکە لە ساڵی یەکەمی دەستپێکی کارەکانی سندووقەکە، هەڵدەستێت بە دانانی بنەمایەکی زانیاری تایبەت بە فەرمانبەرانی دەوڵەت و خانەنشینان کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بۆ مسۆگەرکردنی شەفافیەت و ئاسانکاری بەدەستهێنانی

پێشبینی ورد لە ڕادەی جێگیر بوونی باری دارایی بۆ سندووقەکە و لە سەر وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەتە بە پێدانی زانیاری تایبەت لەسەر فەرمانبەرانیان.

**نۆیەم:** کردنەوەی لقەکانی تایبەت بە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی سندووقەکە لە فەرمانگە لاوەکییەکانی دەستەکە لە پارێزگاکان و وەزارەتی دارایی هەڵدەستێت بە فەراهەمکردنی پێداویستییە داراییەکان و مرۆییەکان و خانووبەرە بۆ ئەم مەبەستە.

**دەیەم:** دەستە هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی بودجەی ساڵانەی سندووقەکە و پێشکەش بە وەزارەتی دارایی دەکات بۆ پەسند کردنی، و هەروەها وەزارەتی دارایی هەڵدەستێت بە بەرزکردنەوەی ژمێرەی کۆتایی سندووقەکە لە چوارچێوەی ژمێرەی کۆتایی دەوڵەت، بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بۆ خستنەڕووی لە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران[1] بۆ بڕیاردان.

**مادده19:**[2]

**یەکەم:** بودجەی گشتی دەوڵەت ئەوانەی دادێن لە ئەستۆ دەگرێت:

أ- مووچەکانی خانەنشینی بۆ خانەنشینکراوان پێش جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە لە نێوانیشیاندا پاداشتی خانەنشینی.

ب- مووچەکانی خانەنشینی شایستە بەدەر لە حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی 2006/1/17ـەوە.

**دووەم:** دەستەکە بەردەوام دەبێت لە ئەژمار کردن و خەرج کردنی مووچەکانی خانەنشینی و پاداشتەکانی خانەنشینی هاتوو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بە ڕەچاو کردنی حوکمەکانی بەشی پێنجەمی ئەم یاسایە لە کاتی بەخشینی مووچەی خانەنشینی خێزانی بە جێنشین.

---

**(1) لە هەرێمی کوردستان دەخرێتە بەردەم (پەرلەمانی کوردستان-العراق).**
**(2) ئەم ماددەیە بە پێی مادده 12 لە یاسای ژمارە (69 ساڵی 2007) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006) هەڵوەشایەوەو ئەم دەقەی سەرەوە جێگای گرتەوە.**

# بەشی حەفتەم

## پەڵپەکان (الاعتراضات)

**مادده 20:**[1]

**یەکەم:**

أ- لیژنەیـەک پێک دەهێندرێت بە نـاوی لیژنەی وردبینی کاروباری خانەنشـینکراوان بە سـەرۆکایەتی دادوەرێک لە پۆلینی دووەم کـە ئەنجوومەنی دادوەری ئینتیدابی دەکات و دوو ئەندام لە فەرمانبەرانی یاسایی کە پلەی وەزیفیان لە بەڕێوەبەر کەمتر نەبێت کە یەکێکیان لە وەزارەتی دارایی و ئەوی دیکە لە وەزارەتی بەرگری بێت و بڕیارەکانیان بە زۆرینە دەردەکەن و سـەیری گشـت کاروباری خانەنشینی دەکات کە پەڵپی لێگیراوە کە دروست بووە لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ب- بـۆ پەیوەندیـدار هەیە تانە بدات لە بەردەم لیژنەکە لە مـاوەی 90 ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندنەکـە یان زانینی بە (بڕیاری وەزیری تایبەتمەند یان سـەرۆکی فەرمانگە یان دەستە).

**دووەم:** پێشکەشکاری پەڵپ، بڕە پارەیەک دەدات وەکو میرانە (رسوم) کە دیاری دەکرێت لە لایـەن وەزارەتی داراییەوە و ئـەو بڕەپارەیە دەگەڕێندرێتەوە ئەگـەر هەقدار بوو لە پەڵپەکەی یان لە بەشـێکی، پاش وەرگرتنـی بڕیاری ئەنجومەن بە پلەی کۆتایی و بنبڕ و ئەم حوکمە پیادە دەکرێت لە سـەر پەڵپە پێشکەشـکراوەکان لـە ڕێکەوتی بەرکاربوونی ئەم یاسایە.

**سێیەم:**

أ- پێشکەشـکاری پەڵـپ (المعتـرض) و پەڵپلێـدراو (المعتـرض علیـە) بۆیـان هەیە بە پێداچوونەوە (تمییز)ی بڕیاری لیژنەی وردبینی کێشەکانی خانەنشینکراوان بکەنەوە لە لای دادگای پێداچوونەوە (تەمییز) لە ماوەی 60 ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێڕاگەیاندن بە بڕیاری لیژنەی ئاماژە پێکراو و بڕیاری دادگای تەمییز پلەی بنبڕە.

---

**(1) دەقی برگە ب لە برگەی یەکەم و برگەی سێیەم لەم ماددەیە بە پێی مادده 13 لە یاسای ژمارە (69 ساڵی 2007) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006) هەڵوەشایەوەو ئەم دەقەی سەرەوە جێگای گرتەوە.**

ب- جگـە لـەو بـڕە پارەیەی هاتـووە لە بڕگـەی دووەم لـەم ماددەیـە، داواکارییەکانی مافەکانی خانەنشینی و بڕیارەکان دەرچوو و تانەکان کە لە سەری دەکرێت و بڕیارەکانی دەرچوو بە هۆی تانەکان و گشت ڕێوشوێنەکانی پێڕاگەیاندن، بە بێ بەرامبەر دەبێت لە هەر پارەیەکی دیکە بە پارەی پوولیشەوە.

**چـوارەم:** ئەگـەر خانەنشـینکراو مووچـەی خانەنشـین یـان پاداشـتی وەرگـرت و پەڵپـی پێشـکەش نەکرد لە بەرامبـەر ئەژمار کردنی یان ئەو راسـتیيانەی کە پاڵپشـتی ئەژمارکردنەکەی کردووە لە ماوەی 90 ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی مافەکانی خانەنشینی، مافی پێشەکەشـکردنی پەڵپی نامێنێت و بڕیاری فەرمانگەی خانەنشـینی پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

## بەشی هەشتەم

## حوکمە لابەلاکان

**مادده 21:**

نابێت دەستبەرداری (تنازل) بکرێت لە مافەکانی خانەنشینی بۆ کەسێک یان لایەنێکی دیکە و هەر دەستبەرداربوونێکی لەم چەشنە بە پوچەڵ دادەنرێت و کاری پێناکرێت.

**مادده 22:**

نابێت گلدانەوە دابنرێت لە سەر مووچەی خانەنشینی و پاداشتی خانەنشینی لە ئەنجامی قەرزاری کە لە ئەستۆی خانەنشینکراودایە تەنیا لە یەکێک لەم دوو حالەتەی دادێن نەبێت:

**یەکەم:** ئەگەر هاتوو بە هۆی خەرجی شەرعی بێت

**دووەم:** ئەگەر هاتوو قەرزەکە تایبەت بێت بە گەنجینەی دەوڵەت.

**مادده 23:**

نابێت گلدانەوە بە رێژەی زیاتر 50 % دابنرێت لە سەر مووچە خانەنشینی و پاداشتی خانەنشینی بە هەر هۆیەک بێت.

**مادده 24:**[1]

**یەکەم:** مافەکانی خانەنشینی بەسەر ناچێت (لا تتقادم)، تاکو خانەنشین کراو یان شایستەدار مەرجەکانی شایستە بوونی لەدەست نەدا بێت کە لە ژیاندا ماوە، بە رەچاو کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**(1) ئەم ماددەیە بە پێی مادده 1ی بەیانی راست کردنەوەی ساڵی 2006 زیاد کرا.**

**دووەم:** ئەگەر هاتوو خانەنشینکراو یان بریکارە یاساییەکەی، داواکاری پێشکەش نەکرد بە پێدانی مووچەی خانەنشینی لە ماوەی یەک ساڵ لە ڕێکەوتی دەست هەڵگرتنی لە کار لە وەزیفەکەی کە پێی ئیحالە کراوە بۆ خانەنشینی و هیچ مووچەیەکی خانەنشینی وەرنەگرت لە ماوەی ئاماژەپێکراو، ئەوا مووچەی خانەنشینی بۆ خەرج دەکرێت لە ڕۆژی پێشکەش کردنی داواکاریەکە، ئەگەر هاتوو هۆکاری پێشکەش نەکردنی داواکاری یان وەرگرتنی مووچەی خانەنشینی بە بێ هیچ هۆیەکی ڕەوا، و پێنەگەیشتوو (قاصر) وهاوشێوەی بەدەر دەکرێت.

**مادده 25:**

ئەو بەڵگەنامەی کە دامەزراندنی لەسەر کراوە یان کە بەهۆیەوە چەسپاندنی تەمەنی پێکراوە، کاری پێ دەکرێت بۆ مەبەستی چەسپاندنی تەمەنی ڕاستەقینەی فەرمانبەر یان خانەنشینکراو و پشت نابەسترێت بە هیچ ڕاستکردنەوەیەکی دادوەری یان کارگێڕی کە لە پاشان دەردەچێت.[1]

**مادده26:**

خانەنشینکراو، دوای وەرگرتنی بڕی پاداشتی خانەنشینی مافی نییە بە زیاد کردنی هەر خزمەتێکی خانەنشینی و مافی تێیدا نامێنێت تەنیا ئەگەر دووبارە دامەزرایەوە لە یەکێک لە فەرمانگەکانی دەوڵەت.

**مادده27:**[2]

**یەکەم:** ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە لە سەر پێشنیاری وەزیری دارایی و لە ماوەی یەک ساڵ لە ڕێکەوتی دەرچوونی یاساکە، فەرمانبەرانی کۆمپانیاکانی کەرتی تێکەڵاو کە دامەزراون پێش 2003/4/9 حوکمەکانی ئەم یاسایە بیانگرێتەوە.

**(1) بڕوانە ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری-هەرێم ژمارە (12ی ساڵی 2021 و ژمارە 53ی ساڵی 2008).**
**(2) ئەم ماددەیە بە پێی مادده 14 لە یاسای ژمارە (69 ساڵی 2007) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006) هەڵوەشایەوەو ئەم دەقەی سەرەوە جێگای گرتەوە.**

**دووەم:** گواستنەوەی فەرمانگەی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران و سندووقی خانەنیشان و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ سەر دەستەی خانەنشینی بە هەموو هەبووەکان و مافەکان و پابەندییەکان و فەرمانبەران و دەبێتە پێکهاتەیەک لەم دەستەیە لە رۆژی 2010/1/1 و لە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکانە بە ئامادەکردنی پێداویستییە پێویستەکان و کارکردن بە جێبەجێ کردنی.

**ماددە28:**(1)

فەرمانبەر بۆی هەیە کە دادەمەزرێت یان دووبارە دادەمەزرێتەوە داوای ئەژمار کردنی خزمەتی کردەیی پێشووی بکات کە کردوویەتی لە فەرمانگەکانی دەوڵەت لە رێکەوتی دامەزراندنەکەی پێش جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، پاش دانی راگیراوەکانی خانەنشینی لەبەرامبەر خزمەتەکە، ئەگەر هاتوو لەپێشوو راگیراوەکانی خانەنشینی نەدا بوو بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و لە سەر بنەمای مووچەکەی لە کاتی دامەزراندنی.

**ماددە29:**(2)

**یەکەم:**

أ- مووچەی خانەنشینی دەدرێت بە کارمەندانی سوپای پێشوو و قەوارە هەڵوەشاوەکان بە پێی یاسا کارپێکراوەکان پێش دەرچوونی ئەم یاسایە، بۆ هەر یەکێک کە خزمەتی خانەنشینی هەبێت کە کەمتر نەبێت لە 15 ساڵ و ئەوانەی خزمەتی خانەنشینی کەمتریان هەیە لەم ماوەیە ئەوا پاداشتی خانەنشینیان پێ دەدرێت، ئەژمار دەکرێت لە سەر بنەمای مووچەی دوو مانگ لە هەر ساڵێکی خزمەتی کردەیی لە کەمترین رادەی مووچەی ئەو پلە وەزیفییە یان پایەیەی بەپێ ی ریزبەندی مووچەی فەرمانبەرانی کار پێکراو لە 2004/1/1.

---

**(1) ئەم ماددەیە بە پێی ماددە 15 لە یاسای ژمارە (69 ساڵی 2007) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006) هەڵوەشایەوەو ئەم دەقەی سەرەوە جێگای گرتەوە.**
**(2) ئەم ماددەیە بە پێی ماددە 16 هەمان یاسای سەرەوە هەڵوەشایەوەو ئەم دەقەی سەرەوە جێگای گرتەوە..**

ب- بەندی أ لەم بڕگەیە پیادە دەکرێت لە سەر ئەوانەی کە حوکمەکانی فەرمانی 91 ی ساڵی 2004 [1] دەیانگرێتەوە کە نەگەڕاوەتەوە خزمەتی دەوڵەت پاش 2006/4/9.

**دووەم:**

أ- هەڵوەشانەوەی یاسای خانەنشینی شارستانی ژمارە 33ی ساڵی 1966 وحوکمەکانی تایبەت بە خانەنشینی هاتوو لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە 1ی ساڵی 1975 و لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە 1ی ساڵی 1978 و لە یاسای دەزگای هەواڵگری ژمارە 161ی ساڵی 1975 و لە بنەماکانی خزمەت و خانەنشینی دەستەی پیشەسازی سەربازی (هیئة التصنيع العسكري).

ب- مافەکانی خانەنشینی بەکۆتایی دادەندرێت کە دراوە یان دەدرێت بەوانەی کە ئیحالە کراون بۆ خانەنشینی و دەستیان لەکار هەڵگرتووە لە وەزیفە خانەنشینییەکەی یان بۆ خێزانەکەی پێش جێبەجێ کردنی یاساکە، تەنیا ئەگەر دەقێکی تایبەت هاتبێت لەم یاسایە.

**سێیەم:** حوکمەکانی ئەم یاسایە پەیڕەو دەکرێت لە سەر ئەو فەرمانبەرەی کە ئیحالە دەکرێت یان دەگەڕێندرێتەوە بۆ خانەنشینی لە کاتی یان لە دوای ڕێکەوتی جێبەجێ کردنی.

**چوارەم:** حوکمەکانی هاتوو لەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت لە سەر گشت کاروبارەکانی تایبەت بە نوێکاری لە بارودۆخی خانەنشینکراوان و جێنشینەکانیان لە ڕێکەوتی بەرکاربوونی بە بێ ڕەچاو کردنی ئەو یاسایەی کە جێبەجێ دەکرا لە سەریان پێش جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە.

**(1) یاسای ڕێکخستنی هێزە چەکدارەکان و میلیشیاکانی عێراق.**

**مادده 30:**[1]

**یەکەم:**

أ- راسـتکردنەوەی مووچەی خانەنشینکراوانی پێش جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە بۆ ئەو رادانەی کە لە خشـتەی پاشکۆی ئەم یاسایە لە رێکەوتی 2007/10/1 بە بێ دەستبردن بۆ مافە بەدەست هاتووەکانیان.

ب- ئەژمار کردنی مووچەی خانەنشینکراوانی کە ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە کە ئیحالەی خانەنشـینی کراون لـە 2006/1/17 لە سـەر بنەمـای مووچەی وەزیفی لـە ریزبەندی مووچـەی وەزیفـی هەمـوار کـراو لـە 2007/1/1 و جیاوازییەکان خـەرج دەکرێت لە رێکەوتی 2007/10/1ـەوە.

**دووەم:**

**ئەنجوومەنی وەزیران بۆی هەیە بە پێشنیاری وەزیری دارایی بۆ رەزامەندی دەربڕین لە سەر ئەوانەی دادێن:**

أ- زیاد کردنی مووچەکانی خانەنشـینی ئاماژە پـێ کراو لە بڕگەی یەکەم لەم ماددەیە و هەروەها مووچەکانی خانەنشین کراوانی کە پاش جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە ئیحالەی خانەنشـینی کراون بە پێی زیاد بوونی هەڵاوسـانی سـاڵانە بە مەرجێک زیادەکە تێپەڕ نەبێـت لە رێژەی هەڵاوسـانەکە و ئەمەش ئەم مووچە خانەنشـینییانە ناگرێتەوە کە بە جیاواز زیاد دەکرێن.

ب- راسـت کردنـەوەی رێژەی کەڵەکـە بووی هاتوو لە مـادده 7ی ئەم یاسـایە، بە پێی دیراسەکردنی ئیکتیواری، کە دەست پێدەکات پاش 3ساڵی یەکەم لە رێکەوتی جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە و دوای هەر 5 ساڵ جارێک هەڵسەنگاندن بۆ ئەم دیراسە کردنە دەکرێت لە لایەن لایەنێکی وردبینی بێلایەن بۆ مسۆگەر کردنی جێگیریی سندووقی خانەنشینی و دەکرێت رێژەی تێکڕای راگیراوەکانی خانەنشـینی بۆ تێکڕای ماوەی پێشـبینی کراو لە ژیانی خانەنشین کراو بە هەند وەربگیرێت بۆ مەبەستی راست کردنەوەی رێژەی کەڵەکە بوو بە مەرجێک ئەنجوومەنی نوێنەران لێ ئاگادار بکرێتەوە.

---

**(1) ئەم ماددەیە بە پێی مادده 17 لە یاسای ژمارە (69 ساڵی 2007) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006) هەڵوەشایەوەو ئەم دەقەی سەرەوە جێگای گرتەوە**

**مادده 31:**[1]

**یەکەم:** هەڵوەشـاندنەوەی گشـت دەقە یاسـاییەکان کە بڕیار دەدات بـە تەرخانکردنی مووچەی خانەنشـینی بۆ خانەنشینکراوان یان شایسـتەدارەکان جیاواز لە حوکمەکانی ئەم یاسایە جگە لە:

- یاسای ناتوانایی (پەککەوتەیی) تەندروستی بۆ فەرمانبەران ژمارە 11ی ساڵی 1999.

- فەرمانـی ژمـارە 17ی سـاڵی 2004 تایبەت بە مافەکانی خانەنشـینی بەخشـراو بە فەرمانبەری شەهید و بریندار و مردوو.

-فەرمانی ژمارە 6ی ساڵی 2005 تایبەت بە راست کردنەوەی یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە 142ی ساڵی 1976.

- فەرمانی ژمارە 9ی سـاڵی 2005 هەموار کراو بە فەرمانی ژمارە 31ی سـاڵی 2005 تایبـەت بە خەرج کردنی مووچەکانی خانەنشـینی بۆ خاوەن پلـە تایبەتییەکانی هاتوو لەم فەرمانە.

- یاسـاکانی تایبەت بە خانەنشـینی دادوەران (بڕیارەکانی ئەنجوومەنی (هەڵوەشاوەی) سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 1021 لە 1983/9/13 و 120 لە 1997/8/20 و 145 لە 2001/6/18 و فەرمانی ژمارە 52 دەرچوو لە دەسـەڵاتی هاوپەیمانانی کاتی بۆ سـاڵی 2004).

- بڕگەی دووەم لە مادده 6 لە فەرمانی ژمارە 30ی ساڵی 2005 یاسای دادگای فیدرالی باڵا.

- یاسای ئەنجوومەنی نیشتیمانی کاتی ژمارە 14ی ساڵی 2005.

- یاسای کۆمەڵەی نیشتیمانی ژمارە 3ی سالی 2005.

- یاسای شەهیدان ژمارە 3ی ساڵی 2006.

- یاسای دەزگای زیندانیانی سیاسی ژمارە 4ی ساڵی 2006.

---

**(1) ئەم ماددەیە بە پێی مادده 18 لە یاسای ژمارە (69 ساڵی 2007) یاسای هەمواری یەکەمی یاسای خانەنشینی یەکگرتوو ژمارە (27 ی ساڵی 2006) هەڵوەشایەوەو ئەم دەقەی سەرەوە جێگای گرتەوە**

- یاسای کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ژمارە 11 ی ساڵی 2007.

- یاسای ئەنجوومەنی نوێنەران ژمارە 50ی ساڵی 2007.

**دووەم:** کۆی شایستەکانی خانەنشینی مانگانە بە هیچ حاڵەتێک بۆ خانەنشینکراوی کە حوکمەکانی یاساکان و بڕیارەکان و فەرمانەکانی هاتوو لە بڕگەی یەکەم لەم ماددەیە دەیانگرێتەوە، نابێت زیاتر بێت لە 80 %ی کۆی مووچە و دەرماڵەکان یان مووچە یان پاداشتی مانگانە کە وەری دەگرت لە دوا مانگی خزمەتی خانەنشینییەکەی جگە لە شەهید بە رەچاو کردنی حوکمەکانی بڕگەی دووەم لە ماددەی 30 هەموار کراو لەم یاسایە و کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت پێچەوانە بێت.

**سێیەم:** حوکمەکانی بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە پەیڕەو دەکرێت لە سەر ئیحالە کراو بۆ خانەنشینی یان جێنشینەکانی پێش دەرچوونی ئەم یاسایە کە مووچەیەکی خانەنشینی وەردەگرت هاوتا یان یەکسان بە مووچەکەی یان مووچەی هاوشێوەکانی یان مووچە و دەرماڵەی هاوشێوەکانی کە بەردەوامن لە خزمەت و مووچەی خانەنشینیان دیاری دەکرێت بەمەرجێک زیاتر نەبێت لە 80 % کە وەری دەگرێت لە مووچەی ئێستای خانەنشینی بە رەچاو کردنی حوکمەکانی بڕگەی دووەم لەم ماددەی 30 هەموار کراو لەم یاسایە و جیاوازییەکانی خانەنشینی پێشتری ناگێڕێتەوە و کار بەهێچ دەقێکی یاسایی ناکرێت پێچەوانەی بێت.

**چوارەم:** دابەشکردنی مووچەی خانەنشینی بۆ جێنشینی فەرمانبەری کۆچکردوو یان خانەنشینکراوی کۆچکردوو کە حوکمەکانی بڕگەی دووەم و سێیەمی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە وهەروەها مووچەی شەهید بە پێی حوکمەکانی ماددەی 16ی ئەم یاسایە و جیاوازییەکانی پێشتر لێیان ناگێڕدرێتەوە.

**پێنجەم:**

أ- وشەی (فەرمانبەر)ی هاتوو لە فەرمانی ژمارە 17 ی ساڵی 2004 کارمەندانی هێزە چەکدارەکان لە سەربازان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و بۆ کارمەندانی پاراستنی دام و دەزگاکان دەگرێتەوە و بۆ فەرمانبەری کە کار دەکات بە پێی گرێبەستێک لە فەرمانگەکانی دەوڵەت و مووچەی خانەنشینییان راست دەکرێتەوە بە پێی حوکمەکانی

فەرمانی سەرەوە لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم یاسایە.

ب- ئەژمار کردنی مووچەی خانەنشینی ئەو فەرمانبەرەی کە حوکمەکانی بڕگە أ ی سەرەوە دەیگرێتەوە کە کار دەکات بە پێی گرێبەستێک لە فەرمانگەکانی دەوڵەت لە سەر بنەمای مووچەی شایستەی بە پێی بڕوانامەی خوێندنی بەدەستهاتوو بە رەچاو کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ج- حوکمەکانی بڕگەی أ پیادە دەکرێت لە سەر ئەوانەی دەیانگرێتەوە لە ڕێکەوتی 2003/4/9 و جیاوازییەکانی مووچەی خانەنشینی پێشتریان بۆ خەرج ناکرێت.

**شەشەم:** بەدەر لە حوکمەکان ئەم یاسایەو بەپیشنیاری سەرۆک کۆمار یان سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەران:

أ- مووچەی خانەنشینی دیاری بکات کە لە 250000 دینار مانگانە تێپەڕ نەکات بۆ عێراقی یان منداڵەکانی هاتوو لە مادده 13 لەم یاسایە ئەگەر هاتوو هیچ مووچەیەکی نەبوو لە دەوڵەت یان مووچەیەکی خانەنشینی وەردەگرت کەمتر بوو، بە هۆکاری کوشتنی یان مردنی یان پێکانی بە پەککەوتەی تەواو بەهۆی هەڵسوکەوتە نیشتیمانییەکانی بە رەچاو کردنی حوکمەکانی مادده 16ی ئەم یاسایە.

ب- ڕاستکردنەوەی مووچەی خانەنشینی بۆ هەندێک لە کەسایەتییە نیشتیمانییەکان کە زەرەرمەندبوون لە ڕژێمی پێشوو کە بگونجێت لەگەڵ پێگە کۆمەڵایەتییەکەی.

### مادده 32:

لە سەر وەزیری داراییە بە دەرچوواندنی ڕێنماییەکان بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

### مادده 33:

ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی[1]

---

**(1) لە ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی ژمارە 4015 لە 2006/7/1 بڵاو کراوەتەوە.**

## اولا: قانون التقاعد الموحد رقم (27) لسنة 2006 المعدل [1]

**ملاحظة هامة :**

حسب قانون الاصلاح في الرواتب و المخصصات والمنح والامتيازات والتقاعد في اقليم كوردستان - العراق رقم 2 لسنة 2020 (يستحق الموظف الذي يحال على التقاعد الراتب التقاعدي اذا كانت مدة خدمته التقاعدية لا تقل عن (15) خمس عشرة سنة ولا يقل عمره عن اكمال 45 خمسة واربعين سنة، لذلك كل ما ورد في القانون ادناه عبارة (50 سنة) تحل محلها عبارة (45 خمسة واربعين).

### الفصل الأول

### الإحالة على التقاعد

**المادة 1:**[2]

**اولا – يقصد بالكلمات والعبارات المبينة فيما يلي لاغراض هذا القانون المعاني المبينة ازاءها :**

**ا – الوزارة :** وزارة المالية

**ب – الهيئة :** هيئة التقاعد الوطنية

**جـ – رئيس الهيئة :** موظف بدرجة وكيل وزارة

**د – الموظف :** كل شخص عهدت اليه وظيفة داخلة في الملاك المدني او العسكري وقوى الامن الذي يتقاضى راتبا من الدولة وتستقطع من راتبه الوظيفي التوقيفات التقاعدية ويشمل ذلك موظف القطاع العام ما لم يرد به نص خاصة هذا القانون يقضي بخلاف ذلك.

